خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5886) پێنج شەممە 5ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق کرد

مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان رۆڵێکی ئەرێنی لەپێناو جێگیربوونی بارودۆخی عێراق دەگێڕێت



باڵیۆزی ئەمەریکا پابەندبوونی وڵاتەکەی بە پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە

دوێنێ چوارشەممە /2019/12/ 4 سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، پێشوازی لە ماتیۆ تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە ستیڤ فەیگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەیبوو، گفتوگۆ دەربارەی دواگۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. جەخت لە گرنگیی سەقامگیربوونی بارودۆخی عێراق کرایەوە.

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان رۆڵێکی ئەرێنی لەپێناو جێگیربوونی بارودۆخی عێراق دەگێڕێت.

باڵیۆزی ئەمەریکاش پشتیوانی خۆی بۆ ئەو پێشکەوتنانە دەربڕی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی تایبەت بە بودجەی 2020 هاتووەتە ئارا و پابەندبوونی وڵاتەکەشی بە پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسایەکی گرنگی دیکەی بۆ پەرلەمان نارد

ئەندامێکی لیژنەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیاسای وەبەرهێنانی بۆ پەرلەمان ناردووە.

شوان زراری، ئەندامی لیژنەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە بە خەباتی راگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای وەبەرهێنانی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ناردووە، بەڵام نەگەیشتووەتە دەست ئەندامانی پەرلەمان.

هەرێمی کوردستان یاسای وەبەرهێنانی هەیە و بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، حکوومەت ئەو یاسای وەبەرهێنانە هەموار دەکاتەوە.

پێشتر و لە کاتی متمانەدان بە کابینەی نۆیەم، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هێلنە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمدا هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنانی ئاماژە پیداوە و بۆ گونجاندنی لەگەڵ دۆخی ئێستای هەرێم، لە بەرژەوەندیی هاوواڵتیان هەموار دەکرێتەوە.

وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان:
تا ئێستا 72 هەزار پێوەری زیرەک دانراوە کە دانانی پێوەری زیرەک سەدا 80ی کێشەی کارەبا چارەسەر دەکات

3

ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ دەربارەی رێککەوتنی پرۆژە بودجەی 2020 و دۆخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان کرد

ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لە داکۆکیکردن لە ماف و شایستە داراییە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە



3

پارێزگاری نوێی نەینەوا:

هەرێمی کوردستان پشت و پەنای ئێمەیە



2

پارێزگاری نوێی نەینەوا رایدەگەیەنێت، کە هەرێمی کوردستان پشت و پەنای ئیدارە و خەڵکی پارێزگای نەینەوایە.

رۆژی یەکشەممە 2019/11/24 ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە دەنگی 23 ئەندام لەکۆی 39 ئەندام، فەریق روکنی خانەنشینکراو نەجم جبوری بە پارێزگاری نەینەوا هەڵبژارد. دوێنێ چوارشەممە 2019/12/4 نەجم جبوری، پارێزگاری نەینەوا لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند، بەهۆی ئەو هەڵانەی پێش 2014 لە مووسڵ ئەنجام دران، رێکخراوی تیرۆریستی داعش مووسڵ و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای نەینەوای داگیر کرد. نەجم جبوری ئاماژەی بە گەڕانەوەی خەڵکە بۆ سەر لێوی هاوواڵتیانی نەینەوا کرد و دڵنیایی دا لەوەی هێزێکی زۆری ئەمنی و سەربازی، بەردەوام ئامادەن نەینەوا بپارێزن.

بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە کەرکووک چەند کەسێک بوونە قوربانی

لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێک کە پێشتر لە لایەن چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە لە کەرکووک چێنرابوو، کەسێک کوژرا و دووی دیکەش بریندارببوون.

بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک، عەلی کەمال باسی لەوە کرد، بۆمبێک کە لەسەر پردێک لە نێوان شارۆچکەی دوبز و ناحیەی زاب باشووری شارەکە چێنرابوو، تەقیوەتەوە. عەلی کەمال باسی لەوە کرد کە لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبەکە کەسێکی مەدەنی کوژرا و دووی دیکەش بریندارببوون. وێڕای ئەوەی لە کانوونی یەکەمی 2017، بەرپرسانی فەرمی حکوومەتی عێراق کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی خاکی عێراقیان لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش راگەیاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شانە نووستووەکانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش ناو بە ناو کردەی تیرۆریستیی ئەنجام دەدەن، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی کەرکووک، سەڵاحەددین و دیالە.

کۆنگرێسی ئەمەریکا خۆی بۆ سزادانی تورکیا ئامادە دەکات

لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا رایگەیاند: هەفتەی داهاتوو گفتوگۆ لەبارەی پرۆژە یاسایەک دەکەین بۆ ئەوەی بەهۆی کڕینی سیستمی مووشەکی ئێس - 400 سزا بەسەر تورکیادا بسەپێنین. لە حاڵەتێکیشدا لیژنەکە رەزامەندی لەسەر پرۆژە یاسەکە بدات، ئەوکاتە پێویستی بە رەزامەندی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران دەبێت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت. پاش ئەوەی لەلایەن دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکاوە تێدەپەڕێنرێت. بەڵام بەردەوام کۆنگرێس رەخنە لە ترەمپ دەگرێت و دەڵێت، ناخوازێت سزای زیاتر بەسەر تورکیادا بسەپێنرێت. بەگوێرەی کوردستان24 لە پرۆژە یاساکەدا داواکراوە بەهۆی کڕینی سیستمی بەرگریی ئاسمانی ئێس - 400 ڕووسی، بەگوێرەی یاسای (جاستا) تورکیا سزا بدرێت. هەروەها سنووریش بۆ فڕۆشتنی چەکی ئەمەریکی بە تورکیا دابنرێت. ئەوە لە کاتێکدایە پێشتر واشنتن بەهۆی ئۆپراسیۆنی سەربازی سوپای تورکیا و هاوپەیمانە چەکدارەکانی لە سووریا، بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان سزای بەسەر ئەنقەرەدا سەپاندبوو. کە لە 2019/10/9 بە پاساوی دڕووستکردنی ناوچەی ئارام و گێڕانەوەی ئاوارەکانی سووریا بۆ سەر ناوچەکە دەستپێکرد.



2

ئیمانوێل ماکرۆن: نامانەوێت ئەوانە لەبیربکەین کە بەرەنگاریی داعش بوونەتەوە



8

دوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی دۆخی عێراق بەکوێ دەگات

کەمبۆدیا..شاندێکی پارێزگای هەولێر بەشداریی لە ڕێوڕەسمی دامەزراندنی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتی دەکات



د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەیاوەریی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا لە شاری (پێنوم پن)ی پایتەختی کەمبۆدیا بەشداری کرد لە ڕێوڕەسمی 40مین ساڵیادی دامەزراندنی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتیی شارەکانی فرانکوفونی. لە پەراوێزی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی شارەکانی فرانکوفونی لە کەمبۆدیا، پارێزگاری هەولێر، چاوی کەوت بە پیێر بایێ سکرتێری گشتیی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتیی شارەکانی فرانکوفونی (AIMF) و هێمای قەڵا و مناڕەی شاری هەولێری پایتەختی پێشکەش کرد و سوپاسی سکرتێری گشتیی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتی بۆ بانگهێشتکردنی، هەروەها پارێزگاری هەولێر باسی لە ئەنجامدانی چەند کارێکی هاوبەش لەگەڵ ئەسوسیاسونەکە کرد و پێشنیاری ئەوەشی خستەڕوو کە هەولێری پایتەخت ئامادەیە لە ساڵانی داهاتوو پێشوازی لە کونفرانسی نێودەوڵەتی ئەسوسیاسونەکە بکات. لەلایەن خۆیەوە سکرتێری گشتی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتیی شارەکانی فرانکوفونی (AIMF)؟ خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی شاندی پارێزگای هەولێر لە کۆنفرانسەکە دەربڕی و پیشنیاری پارێزگاری هەولێری بە ئەنجامدانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئەسوسیاسونەکە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە گرنگ وەسف کرد و ڕایگەیاند لە داهاتوودا دیراسەی دەکەین، هەروەها سکرتێری گشتیی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتی بە فەرمی پاریزگاری هەولێری بانگهێشتکرد بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سالّی داهاتووی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتی شارەکانی فرانکوفونی کە بڕیارە لە وڵاتی تونس ساز بکرێت.

جێگەی باسە شاری هەولێر لە مانگی ئەمسااڵدا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی بە ئەندامی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتی شارەکانی فرانکوفونی لە شاری کیگالی پایتەختی ڕواندا قبووڵ کرا، لە ڕێوڕەسمی 40مین ساڵیادی ئەسوسیاسیونی نێودەوڵەتی شارەکانی فرانکوفونی کە 294 شار لە 60وڵاتی جیاواز بەشداریان تێدا کردبوو، ئااڵی کوردستان لە نێو ئااڵی وڵاتی ئەندام دەشەکایەوە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ خەبات:

سەرۆککۆمار یەکجار داوا لە گەورەترین کوتلە دەکات کاندید بۆ سەرۆکوەزیران دەستنیشان بکات

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کوتلەی نەسری سەر بە حەیدەر عەبادی کە داوای کرد ناوی بااڵو نەکەینەوە لە لیستێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەپێی دەستووری عێراق سەرۆک کۆمار تەنها یەکجار داوا لە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی دەکات بەربژێر بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکات و پێشتر بۆ عادل عەبدولمەهدی ئەمە کراوە، بەاڵم کوتلە گەورەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران ئەم بڕیتە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کوتلەی نەسری سەر بە حەیدەر عەبادی کە داوای کرد ناوی بااڵو نەکەینەوە لە لیستێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەپێی دەستووری عێراق سەرۆک کۆمار تەنها یەکجار داوا لە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی دەکات بەربژێر بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکات و پێشتر بۆ عادل عەبدولمەهدی ئەمە کراوە و دواتر خۆی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بۆیە مافی کوتلەی گەورەترینە لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەربژێری ئەمجارەی خۆی بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکاتەوە.

تەفسیرە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن ئەوە بۆ حاڵەتێک دەبێ کە سەرۆک وەزیرانی دەستنیشانکراو نەتوانێت لە ماوەی مانگێکدا کابینە وەزارییەکەی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران بکات و کابینەکەی متمانە وەرنەگرێت، بەاڵم ئەوەی ئێستا هەیە کابینە پەسەند کراوە و دواتر خۆی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بۆیە مافی کوتلەی گەورەترینە لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەربژێری ئەمجارەی خۆی بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکاتەوە.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: د.بەرهەم سااڵح لەبەردەم دوو ڕێگایە یان تووڕەکردنی خۆپێشاندەران و تەکلیفکردنەوەی کوتلەی گەورەی ئەنجوومەنی نوێنەران، یان دەستنیشانکردنی کەسێکی دیکە لە کوتلەیەکی بچووکتر و تووڕەکردنی ئەو هێزە سیاسییانەی کە خودی سەرۆککۆماریان بەپێی تەوافق و ڕێککەوتنی پێشوەختە ، ئەم دوو ڕێگایە هەردووکیان بۆ سەرۆک کۆمار سەختە.

پارێزگاری نوێی نەینەوا: هەرێمی کوردستان پشت و پەنای ئێمەیە



پارێزگاری نوێی نەینەوا ڕایدەگەیەنێت، کە هەرێمی کوردستان پشت و پەنای ئێدارە و خەڵکی پارێزگای نەینەوایە. ڕۆژی یەکشەممە 2019/11/24 ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە دەنگی 23 ئەندام لەکۆی 39 ئەندام، فەریق ڕوکنی خانەنشینکراو نەجم جبوری بە پارێزگاری نەینەوا هەڵبژارد. دوێنێ چوارشەممە 2019/12/4 نەجم جبوری، پارێزگاری نەینەوا لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند، بەهۆی ئەو هەاڵنەی پێش 2014 لە موسڵ ئەنجام دران، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش موسڵ و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای نەینەوای داگیر کرد. نەجم جبوری ئاماژەی بە گەڕانەوەی خەندە بۆ سەر لێوی هاوواڵتیانی نەینەوا کرد و دڵنیایی دا لەوەی هێزێکی زۆری ئەمنی و سەربازی، بەردەوام ئامادەن نەینەوا بپارێزن. لەبارەی هاوکارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ خەڵک و ئێدارەی نەینەوا، پارێزگاری نەینەوا ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان پشت و پەنای ئێمەیە .

بەهۆی گوشارە تائیفییەکان و داگیرکردنی نەینەوا لەلایەن داعش، نزیکەی یەک ملیۆن هاوواڵتیی سنووری نەینەوا پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای پێشێڵکردنی مافەکانی لەلایەن دەسەاڵتدارانی ئەوکاتی عێراق و نەنارەدنی بودجە بۆی، خەرجیی و ژیانی ئاوارەکانی لەئەستۆ گرت.

لە مانگی 6ی2014 چەند سەد چەکدارێکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەاڵحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

ئیمانوێل ماکرۆن: نامانەوێت ئەوانە لەبیربکەین کە بەرەنگاریی داعش بوونەتەوە



سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسن، بۆ ڕۆژنامەوانان دوا. ماکرۆن گوتی: هێشتا هەموو نارووندنییەکانی سەر سووریا هەڵنەگیراوە و ئیرادەیەک دەبینیێت لەسەر ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی داعش و تیرۆر کراوەتە پێشکاری هەموو بابەتەکان. ماکرۆن، لە دوای کۆبوونەوەی لووتکەی چوارقۆڵیی لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکۆماری تورکیا ، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگیلا میرکل و سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن، ڕایگەیاند هێشتا هەموو نارووندنییەکانی سەر سووریا هەڵنەگیراوە و ئیرادەیەک دەبینیێت لەسەر ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی داعش و تیرۆر کراوەتە پێشکاری هەموو بابەتەکان. ماکرۆن، لە دوای کۆبوونەوەی لووتکەی چوارقۆڵیی لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکۆماری تورکیا ، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگیلا میرکل و سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسن، بۆ ڕۆژنامەوانان دوا. ماکرۆن گوتی: هێشتا هەموو نارووندنییەکانی سەر سووریا هەڵنەگیراوە و ئیرادەیەک دەبینیێت لەسەر ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی داعش و تیرۆر کراوەتە پێشکاری هەموو بابەتەکان. ئەمە گرنگە بۆ من. هەروەها بە پێویستی زانی کاری هاوبەشی زیاتر بکرێت لەسەر بابەتی پەنابەرەکان. ماکرۆن، ڕاشیگەیاند کە هاوڕا و هاوەڕنگییەک هەیە لە نێوان سەرکردەکاندا لەسەر پێویستی بەردەوامبوون لەکارەکان بۆ کۆتایهێنان بە قەیرانەکەی سووریا. سەرۆکی فەرەنسا گوتیشی لە لوتکەکەدا دۆخی لیبیاش تاوتوێ دەکرێت و لەو بارەیەوە گرنگی بە بەرژەوەندی ئیدارەی بەشی یۆنانی باشووری قوبرس دەدات. ئیمانوێل ماکرۆن گوتیشی: لەم کۆبونەوەیەدا هاوڕابوون لە سێ بابەت کە ڕایگەیاند لە کۆبونەوەیەدا بەردەوپێشچوون دەبینرێت سەبارەت بە دۆخی سووریا. دەربارەی یەپەگە، ماکرۆن نەیشارەدەوە کە ناکۆکی هەیە لە نێوان ئەوان و تورکیا. سەرکۆماری فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن، ئێمە نیگەرانین دەربارەی ئاسایشی خاکی تورکیا. بەاڵم نامانەوێت کەس لەبیربکەین کە بەرەنگاریی داعش بوونەتەوە.

لە ماوەی 10ڕۆژدا بۆ جاری سێیەم کونسوڵخانەی ئێران لە شاری نەجەف سووتێندرا



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

کەنااڵکانی ڕاگەیاندن لە شاری نەجەفەوە هەواڵی سووتاندنی بالیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان لەم شارە بااڵوکردەوە. کەنااڵکانی العربیە و الحدث و الشرقیە و چەندین کەنااڵی دیکەی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و دەرەکی ئاماژەیان بە تووڕەیی خۆپیشاندەرانی شاری نەجەف کرد بەرانبەر توندوتیژی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بەحزبەکانی نزیک لە ئێران دژی خۆپیشاندەران و تەنکیدی ئەوەیان کردەوە ئەو چەکدارانەی حزبەکان هەموو دەسەاڵتێکیان لە سوپای عێراق و هێزەکانی پۆلیسی عێراق وەرگرتووەتەوە و ئەوەش وایکردووە بۆ جاری سێیەم لەم 10ڕۆژەی ڕابردوودا پەلاماری کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری نەجەف بدەن و ئەو کونسوڵخانەیە بسووتێنن. ئەم ڕووداوە دوای هەڕەشەکانی گەورە بەرپرسانی ئێران و وەزارەتی دەرەوەی عێراق دێت کە گوتبوویان سووتاندنی کونسوڵخانەکانمان لە شارەکانی عێراق بەبێ وەاڵم نابێت . دیارە پێشتریش ئیرج مەسجدی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق گوتبووی خەڵکانێکی بەکرێگیراوی وڵاتانی دیکە پەلاماری کونسوڵخانەکانمان دەدەن و ئەرکی حکوومەتی عێراقە ئاستێک بۆ ئەو بەکرێگیراوانە دابنێت و بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران باڵیۆزی عێراقی لە تاران بانگهێشتکردووە بۆ ئەوەی ناڕەزایی وڵاتەکەی دەربارەی ئەم پەالمارانە بۆ سەر کونسوڵخانەکانی ئێران لە شارەکانی نەجەف و کەربەال و بەسرە پێ بگەیەنێت.

ئێران.. پشتڕاستکردنەوەی هەواڵی کوشتنی ژمارەیەک خۆپیشاندەر



تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێران ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوە کە لە میانی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە دژی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین چەند کەسێک کوژراون، بەاڵم بانگەشەی ئەوە دەکات کە کەوتبنە پێکدادانی چەکداری لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان.

تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێران لە هەواڵێکیدا لەبارەی ڕۆڵی کەنااڵ تەلەڤیزیۆنییەکان کە لە بەریتانیاوە بە زمانی فارسی پەخشی بەرنامەکانیان دەکەن لە خۆپیشاندانەکانی ئێراندا، ئەو زانیارییەی پشتڕاستکردەوە کە ژمارەیەک خۆپیشاندەر کە بە 'ئاژاوەگێڕ 'ناوی بردوون لە شارەکانی ماهشەهر، شیراز و بەهبەهان کوژراون.

لە هەواڵەکەدا بانگەشەی ئەوە کراوە، گرووپە 'چەکدارە جوداخوازەکان 'ژمارەیەک ڕێگایان گرتووە لە شاری ماهشەهر و چوونەتە ناو دامەزراوەی پێترۆکیمیایی و هەوڵی تەقاندنەوەیان داوە و تیایدا هاتووە "ئاژاوەگێڕە چەکدارەکان بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە ماهشەهر چەکیان بەدەستەوە بووە و شەڕی چەکدارییان دەستپێکردووە. لەو ڕەوشەشدا هێزە ئەمنییەکان لە پێناو پاراستنی ئاسایشی هاوواڵتییان کەوتوونەتە خۆ".

لە هەواڵەکەی تەلەڤیزیۆنی ئێراندا بانگەشەی ئەوەیش کراوە کە ژمارەیەک هاوواڵتیان لە بەشداربیان لە ناشتیەخوازانەدا کردووە لە ئاکامی دەستڕێژی گوللەی چەند گومانلێکراوێک گیانیان لەدەستداوە.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/5 ژمارە (5886)

ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی دەربارەی ڕێککەوتنی پڕۆژە بودجەی 2020 و دۆخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان کرد

ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لە داکۆکیکردن لە ماف و شایستە داراییە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە

ئەنجوومەنی وەزیران پشتیوانی لە پڕۆژەی پێوەری زیرەک بۆ کارەبا دەکات بە جۆرێک لە بەرژەوەندی هاوڵاتییاندا بێت



دوێنێ چوارشەممە 2019/12/4 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبوونەوە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی دواینێ دەرئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی تایبەت بە پڕۆژە بودجەی 2020 لە لایەن شاندی هەرێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا خرایەڕوو. ئەنجوومەنی وەزیران وێڕای دەستخۆشی لە شاندی دانوستاندکار، جەختی لە پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە داکۆکیکردنی لە ماف و شایستە داراییە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە و بەو ئاراستەیەش شاندەکەی ڕاسپارد کە بەردەوام بێت لە هەوڵەکانی تا پەسەندکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ وەزارەتی دارایی فیدراڵ کراوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ڕێگەی هەماهەنگیکردن لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان و فراکسیۆنەکانی دیکە، بەجۆرێک کە بەرژەوەندی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و عێراق لە بەرچاو بگیرێت. کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها، گفتوگۆی کرد دەربارەی دۆخی کارەبای هەرێمی کوردستان و گرفت و ئاستەنگەکانی کرد. وەزیری کارەبا کەمال محەمەد سالح ڕاپۆرتێکی بەرفراوانی بە داتا و زانیاریی پێویست لەبارەی بەرهەمهێنان و خەرجییەکانی کارەبا و کێشە و ئاستەنگەکان و سەرپێچییەکانی بواری کارەبا خستەڕوو. لەمبارەیەوە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا هەموو هەوڵێک بخاتەگەڕ بۆ باشترکردنی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا، بۆ ئەم مەبەستەش پشتیوانی پڕۆژەی پێوەری زیرەک بۆ کارەبا دەکات بە جۆرێک لە بەرژەوەندی هاوڵاتییاندا بێت. ڕێوشوێنی تەندیش بەرانبەر سەرپێچیکاران و ئەوانەی زیادەڕۆیی بۆ سەر تۆڕی کارەبا دەکەن دەگرێتەبەر.

وەزیری کارەبا: تا ئێستا 72 هەزار پێوەری زیرەک دانراوە کە دانانی پێوەری زیرەک سەدا 80ی کێشەی کارەبا چارەسەر دەکات

لە هەرێمی کوردستان 14 وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە کە بڕی شەش هەزار و 737 مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن



بڕی لەسەدا 15ی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ زێدەڕۆیی دەڕوات

وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەمال محەمەد سالح کێشە و گرفتەکانی بەردەم سێکتەری کارەبا دەخاتەڕوو و ئاماژە بەوە دەکات کە بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان 14 وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە کە سەرجەمیان بڕی شەش هەزار و 737 مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن، ئەوەیشی کە ئێستا بۆ خەڵک دابین دەکرێت بەشێوەیەکی بەردەوام لە ساڵی 2019دا، بڕی سێ هەزار و 155 مێگاوات کارەبایە.

وەزیری کارەبا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: لە ئێستادا 12 یەکە کار ناکەن بەهۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە کە هەر یەکێکیان بڕی 125 مێگاوات بەرهەم دەهێنێت، واتا ئێستا بەرهەمهێنانی زیاتر لە هەزار و 600 مێگاوات کارەبا ڕاوەستاوە بەهۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە، هەر سێ وێستگەی ماس، کار و قەیوان پێویستە بڕی پێنج هەزار و 500 مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنن کە وێستگەی ماس بڕی چوار هەزار، وێستگەی کار هەزار، هەروەها وێستگەی قەیوان 500 مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنن، ئەم وێستگانە بە غاز و گازوایل کار دەکەن و بەهۆی ئەوەی گازوایل گرانە و تێچووی زۆرە کە هەر کیلۆواتێک دەچێتە سەروو 13 سەنت و غازیش تێچووی نزیکەی 2,6 سەنتە و ئەمەش کاریگەری لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆ نموونە هەر یەکەیەکی 125 مێگاواتی پێویستی بە بڕی 863 هەزار لتر گازوایلە لە ماوەی 24 کاتژمێردا، ئەگەر بۆ ماوەی یەک مانگ حسابی بکەین نزیکەی 25 ملیۆن لتر گازوایلمان پێویستە و ئەگەر هەر لتری لەسەر نیو دۆلار حساب بکەین ئەوا تێچوویێکی زۆرە.

وەزیری کارەبا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەمال محەمەد سالح جێبەجێکردنی پڕۆژەی پێوەری زیرەک بە بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەی بەردەم سێکتەری کارەبا دەزانێت و لەمبارەیەوە گوتی: گرێبەستی پێوەری زیرەک لە ساڵی 2017 واژووکرا کە لەبەر چەند هۆکارێک ڕاوەستا، بەڵام لە مانگی هەشتی 2019 دەستکرا بە جێبەجێکردنەوەی و تا ئێستا 72 هەزار پێوەری زیرەک دانراوە، دانانی پێوەری زیرەک سەدا ٨٠ی کێشەی کارەبا چارەسەر دەکات، چونکە بە پلەی یەکەم زێدەڕۆیی لەسەر سێکتەری بەرهەمهێنان سەدا 85ی کەرتی تایبەتە، هەروەها وێستگەکانی ماس، کار و قەیوان بڕی پێنج هەزار و 500 مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنن، بەڵام سێکتەری دابەشکردن زۆر پێویستە ئەویش بکەین بە کەرتی تایبەت، دوای دانانی پێوەری زیرەک ئەوا دابەشکردنی کارەباش دەبێت کارەبا ناهێڵێت.

هەروەها ئاشکرایکرد کە چارەسەرکردنی کۆی کێشەکە بڕیتیە لە دابەشکردنی کارەبا لە ڕێگای کەرتی تایبەت و گوتی: کارەبا چوار سێکتەری سەرەکییە کە بڕیتین لە بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن و کۆنترۆڵکردن، وەکو وەزارەتی کارەبا دەتوانم بڵێم لە بەرهەمهێنانی کارەبا ئەوەی کە کەرتی تایبەت و چارەسەرکردنی دروستیش ئەمەیە.

لە کۆتایی ساڵی 2015دا بەردی بناغەی پڕۆژەی هایدرۆ پاوەر (کارۆناوی) لە پارێزگای دهۆک دانرا بە گوژمەی 168 ملیۆن دۆلار کە توانای بەرهەمهێنانی 37 مێگاوات کارەبای هەیە و تا ئێستا ئەم پڕۆژە بە ناتەواوی ماوەتەوە و لەمبارەیەوە وەزیری کارەبا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەمال محەمەد سالح گوتی: پڕۆژەی هایدرۆ پاوەر لە دێرەلووکە و یەکەمین پڕۆژەیە لە تەمەنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پڕۆژەیە لەسەر قەرزی ژاپۆنی دروستکراوە و لەسەدا 75ی پڕۆژەکە تەواو بووە و کارکردن تێایدا بەردەوامە.

وەزیری کارەبا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەمال محەمەد سالح لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا تایبەت بە سێکتەری کارەبادا گوتی: ئێمە بڕی 350 مێگاوات کارەبا دەدەین بە مووسڵ و بڕی 100 مێگاواتیش دەدەین بە کەرکووک، ئەمە بابەتی فرۆشتن نییە، بەڵکو وێستگەکانی بەرهەمهێنان پابەندییەکی لەسەر حکوومەت هەیە بە ڕێژەی 60 لەسەدا، بۆ نموونە وێستگەی خورمەلە کە بەرهەمهێنانی هەزار مێگاواتە ئەوا 600 مێگاوات لەسەر ئێمە پابەندییە، ئەگەر کار بکات یان نەیکات پێویستە ئێمە 60 لەسەدا پارەی ئەوان بدەین، ئەوەی دەمێنێتەوە کە 40 لەسەدایە، چونکە ئێمە لێی ناکڕین و نابین بە ڕێگریش لە فرۆشتن ئەوا دەیدەین بە کەرکووک و نەینەوا و لەسەر ئەو بنەمایەش ئەم بڕە کارەبایە بۆ کەرکووک و نەینەوا دەچێت.

کەمال محەمەد سالح تیشکی خستە سەر پشکی هەرێمی کوردستان لەو قەرزانەی لەلایەن وڵاتانەوە دەدرێن بە عێراق و گوتی: لاوازییەکی گەورە هەیە لە بابەتی قەرز، تەنها قەرزی ژاپۆن کە هات بۆ عێراق پێنج ملیار دۆلار بوو، 600 ملیۆنی بەر هەرێم کەوتبوو کە دابەشکرا بەسەر وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کارەبا، لەو 300 ملیۆنەی بەر وەزارەتی کارەبا کەوت چەندین پڕۆژە لەسەر ئەوە جێبەجێکرا، پڕۆژەی دێرەلووک کە 37 مێگاوات کارەبایە، هەروەها 13 وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای گەڕۆک (مۆبایل)، سێ بنکەی تێستی کەلوپەلی کارەبا لە شارەکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی، واتا ئەوەی بۆ عێراق هاتووە، هەرێم تەنها قەرزی ژاپۆنی وەرگیراوە.

وەزیری کارەبا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەو زێدەڕۆییانەش کرد کە کراوەتە سەر کەرتی کارەبا و جەختی لەوەشکردەوە کە لە ماوەی مانگێکدا سەرجەم زێدەڕۆییەکان دەبڕدرێن و لەمبارەیەوە گوتی: بڕیارماندراوە کە کارەبای زێدەڕۆیی ببڕدرێت چونکە خواستی کارەبا زۆر بووە و ئێستا خواستی هاوڵاتییان لەسەرووی پێنج هەزار و 500 مێگاوات کارەبایە، بەرهەمهێنانی ئێمەش سێ هەزار مێگاواتە، لەم ماوەیەدا پێدانی کارەبا کەم بوو، دەمانەوێت زیاتر هاوڵاتی سوودمەند بێت، بەڵام حەوت شوێن دەستنیشانکراوە کە کارەبای بەردەوامی هەبێت، ئەوانیش بریتین لە پڕۆژەکانی ئاو، نەخۆشخانەکان، گرتووخانەکان، فڕۆکەخانەکان، خاڵە سنوورییەکان، پاسپۆرت و کارتی نیشتمانی. ماوەی یەک مانگ مۆڵەت دراوە بە زێدەڕۆییەکان و تیمەکانمان پشتیوانیی یاساییان هەیە چونکە بە پێشبینی ئێمە لە ئەنجامی ئەو زێدەڕۆییانە بڕی لەسەدا 15ی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ زێدەڕۆیی دەڕوات. جەختی لەوەیش کردەوە کە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەوەکراوە کە سووتەمەنی پێویست بۆ سێ مانگی داهاتوو دابین بکرێت بۆ ئەوەی یەکەکە لەکارکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بکەونەوە کار .

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

پێنج شەممە 2019/12/5 ژمارە (5886)

www.xebat.net

خەبات

لە پەرلەمانی کوردستان پرسی بەجێنۆسایدناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان تاوتوێکرا



دوێنێ چوارشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی جوان یونس رۆژبەیانی سەرۆکی لێژنەی نێودەوڵەتیی کوردستانی بۆ بەجێنۆسایدناساندنی کەیسی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکانی خستەڕوو، هاوکات رۆڵ و ئەرکی نووسینگەی ڕزگارکراوانی دەستی داعش بەرزنرخاند و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی لە کارەکانیان بۆ خواست.

لەلایەن خۆیەوە حوسێن قائیدی بەرپرسی نووسینگەکە سوپاسی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کرد بۆ گرنگی پێدانیان بە کاری نووسینگەکە، هاوکات سوپاسی لێژنەی ناوچە کوردستانیەکان کرد بۆ پێدانی خەڵاتی ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی ئەرک و ماندووبوونی چەند ساڵی کارکردنیان.

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و ژمارەیەک لە ئەندامان و ڕاوێژکاری لێژنەکە پێشوازییان لە حوسێن قانیدی بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکراوانی دەستی داعش کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تیشکی خستە سەر قوربانیانی دەستی داعش و ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەی دژی خەڵکی کوردستان ئەنجامیانداوە بە تایبەت ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە بەرانبەر خوشک و برایانی ئێزیدی کردوویانە، پاشان هەوڵەکانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ بەجێنۆسایدناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان تاوتوێ کرد.

ئەحمەد سەفار: ڕێککەوتن لەبارەی بودجە لەنێوان حکوومەتی هەرێم و عێراق ئەنجامدراوە

پێویستە ڕێککەوتنێکی سیاسی بکرێت و کوتلەکان و ئەندامانی لیژنەی دارایی ڕازی بکەین

د. ئەحمەد سەفار، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندووە: ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەبارەی بودجەوە کراوە و بڕیارە ئەمڕۆ، یان سەرەتای هەفتەی داهاتوو ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لە پەرلەمان وەکو خۆی پەسەند بکرێت، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەین، کە وەکو خۆی پەسەند بکرێت. د. ئەحمەد سەفار ڕاشیگەیاند: پێویستە ڕێککەوتنێکی سیاسی بکرێت و کوتلەکان و ئەندامانی لیژنەی دارایی ڕازی بکەین، دەنگ بەو ڕێککەوتنە بدەن، بۆیە بڕیارە وەفدێکی سیاسیی هەرێم سەردانی بەغدا بکات بۆ ڕازیکردنی کوتلەکان، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەوەی دەدرێتە هەرێم مافی دەستووریی هەرێمە و هیچی زیادە نەدراوە بە هەرێم و هەندێک پێیان وایە ئەمە حکوومەتی کاربەڕێکەرە و بەشی زیادە بە هەرێم دراوە.

دوای سێ ڕۆژ لە ڕفاندنی، تەرمی ئافرەتێکی چالاکوانی کورد لە بەغدا دۆزرایەوە

جێگرەکەی ئەبو بەکر بەغدادی لە کەرکووک دەستگیرکرا

تیرۆریست ئەبو خەلدون، جێگری ئەبو بەکر بەغدادی سەردەستەی کۆڕاوی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە کەرکووک دەستگیرکرا. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سوپای عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە لەسەر زانیارییەکی هەواڵگری هێزەکانی پۆلیس لە ناحیەی حەویجە ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ سەر شوقەیەک ئەنجامداوە و ئەبو خەلدونیان دەستگیرکردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەبو خەلدون ناسنامەیەکی ساختەی بەناوی شەعلان عوبێد هەڵگرتووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەیش کراوە کە ئەبو خەلدون کە جێگری بەغدادی بووە، هەروەها ئەمیری سەربازیی ویلایەتی سەلاحەدین بووە. سەردەستەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، ئەبو بەکر بەغدادی تشرینی یەکەمی ڕابردوو لە ئۆپەراسیۆنێکدا بۆسەر خانوویەک لە گوندەواری پاریزگای ئیدلب لە باکووری سووریا کوژرا. بەرپرسانی فەرمی حکوومەتی عێراق لە کانوونی یەکەمی 2017دا، کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی خاکی وڵاتەکەیان لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش ڕاگەیاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شانە نووستووەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش ناو بە ناو کردەی تیرۆریستیی ئەنجام دەدەن، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی کەرکووک، سەلاحەدین و دیالە.

نرخی نەوتی خاو لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا بەرز بووەوە

بەهۆی کۆبوونەوەی ئۆپیک پسپۆڕان چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەکەن

نرخی یەک بەرمیل خاوی بڕێنت لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا دوێنێ چوارشەممە بە 61 دۆلار و 23 سەنت مامەڵەی پێوە کرا, ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژی سێشەممە نرخی یەک بەرمیل خاوی برێنت گەیشتە 61 دۆلار و 57 سەنت و بە 61 دۆلار و 20 سەنت ڕۆژەکەی تەواو کرد. دوێنێش نرخەکەی بەراورد بەکاتی داخستن لەسەدا بەرزبووەتەوە و بە 61 دۆلار و 23 سەنت مامەڵەی پێوە کرا. لە هەمان کاتدا نرخی یەک بەرمیل خاوی تێکساس، بە 56 دۆلار و 47 سەنت کڕیاری هەبوو. پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن کە چاوەڕوانی بەهێز لە گفتوگۆکان سەبارەت بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیک) و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی دەرەوەی ئۆپیک کە ڕۆژانی 6-5ی کانوونی یەکەم لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بەڕێوەدەچێت، نرخی نەوتی بەرزکردووەتەوە. باس لەوەیش دەکرێت کە ڕەنگە لە ڕووی تەکنیکییەوە خاوی برێنت لە نێوان 61 دۆلار و 33 سەنت بۆ 61 دۆلار و 46 سەنت بەرهەڵستی بنۆنێت و نرخەکەی لە نێوان 61 دۆلار و 20 سەنت بۆ 61 دۆلار و حەوت سەنت هێنێتەوە



هۆڵەندا.. کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لە لاهایی کۆتاییهات

ئێمەی کورد بەسەربەرزییەوە هاوار بۆ ئاشتی و ئارامی دەکەین



ساسان دەروێش- هۆڵەندا

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لە شاری لاهای هۆڵەندا کە لە دوای کارەساتی تاوانی هەڵەبجە لە 1997/4/29 دامەزرا، لەبەر لێپەاتوویی و کارایی و بنبڕکردنی لەسەدا هەشتاوپێنجی چەکە کۆمەڵکوژییەکان لە 2013ش خەڵاتی نۆبێلی بۆ ئاشتی پێبەخشرا، هەموو ساڵێکیش لەم کات و ساتەدا ڕێکخراوی ناوبراو لە شاری لاهای هۆڵەندا لەژێر چەتری تەلاری ڕێکخراوەکەی و بەرزکردنەوەی ئالاو دروشمی بنبڕکردنی هەموو چەکە کۆمەڵکوژییەکانی دونیا و بەئامادەبوونی نوێنەرانی 193 وڵات ، 62 ڕێکخراوی جیهانی و ناحکومی، کۆنفرانسێکی هاوبەش ڕێکەدەخات بۆ تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکان و بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی پێشوویان و گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەریان لە چەند ڕۆژێکدا کۆدەبنەوە و هەروەها بە کۆمەڵێک کار و چالاکی و دانانی تاجەگوڵینە لەلایەن ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە لەسەر هەردوو مۆنۆمێنتی سەردەشت و هەڵەبجە کە لە نێو باخچەی تەلاری ڕێکخراوەکەدان.کۆنفرانسەکە 5ڕۆژی خایاند و لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسەشدا کە 24هەمین ساڵەی بوو، لە کوردستانەوەش چەندین ڕێکخراوی ناحکومی کوردی تیدا بەشدار بوون و لە ڕۆژانی کۆنفرانسەکەشدا کۆمەڵێک کار و چالاکی ئەنجامیان دا، کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بەشدار بوو، هۆشمەند مراد گوتەبێژی کۆمەڵەکە بە نوێنەرایەتیی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید وتارێکی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشکرد و گوتی: شانازییەکی گەورەیە بۆ من کە توانیم بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە بگەمە خزمەت ئێوەی بەڕێز و بە چەند وتەیەک بەشدار بم لەم کۆنفرانسەدا ئێمە گەلێکی ئاشتیخوازین، ئاشکرایە ئێرادەی ئاشتیخوازیش بێ باجدان نییە، تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەو باجە بوو کە ئێمە لەپێناو ئاشتی و ئازادیدا دامان. بێگومان باجی ستەمکاری و شەڕخوازیی گەورەترە. ئێمەی ئاشتیخواز بەها جوانەکانی مرۆڤایەتیمان هەیە ,هەر بۆیە ئێمە بەسەربەرزی بە هەموو دونیادا هاوار بۆ ئاشتی و ئارامی دەکەین و ستەمکارانیش کە بەچەکی کیمیایی ئێمەیان کردبووە ئامانج ئێستا لە دۆزەخ دان. ئێمە لە هەمووان زیاتر سوورین لەسەر بەگژداچوونەوەی چەکی کیمیایی و بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی لە جیهاندا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هەر جارە و لەژێر دروشمێک و بە بیانوویەک جەنگی گەورە و ترسناکی تێدا بەڕپا دەبێت و چەندین جۆر تاوانی گەورە و دژە مرۆڤایەتیی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیەش ئێمەی قوربانی ,پێشنیار دەکەین بۆ ڕێکخراوی ناوبراو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بەهەمان شێوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تر هەوڵ بدەن پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی هەموو جۆرە جەنگێک پێکبهێنرێت و هەموو دەوڵەتانی دونیا پابەند بکرێن پێیەوە تا هەمووان بێ جیاوازی بتوانین وەک یەک لەسایەیدا بەئارامی بژین.

پێشکەش بە دادگای دهۆک کراوە بەپێی فەرمانی یاسایی ماددەی 17 لە یاسای پاسپۆرتی عێراقی. دواتر ناوبراو لە 13ی تشرینی دووەمی 2019 بە کەفالە ئازاد کراوە، بەڵام کەیسەکەی لە دادگا بەردەوامە. دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کەیسەکە مەبەستی چوونی ناوبراو بۆ وڵاتی سووریا کاری ڕۆژنامەنووسی نەبووە، بەڵکو بەمەبەستی گەیاندنی بڕە پارەیەک بووە بۆ کەسێک بە ناوی (فادی صابر) کە دانیشتووی ناوچەی تەل تەمیرە لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها نووسراو و بەڵگەنامەی فەرمی پەرینەوەی سنووری سووریای نەبووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری دەکات بۆ تیمەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی ئەمەش بەپێی چەند ڕێوشوێنێکی دیاریکراو وەک نووسراوی فەرمی بۆ ڕێگەپێدان. ئەم ڕێوشوێنانەی کە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم پەیڕەوی دەکەن ئاسایی و لە هەموو وڵاتان پەیڕەو دەکرێ.

دوای دەستگیرکردنی ناوبراو لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەیان لەگەڵ ناوبراو کردووە و وەک هەر دەستگیرکراوێک گشت مافە یاساییەکانیان پێی ڕاگەیاندووە و بە هیچ شێوەیەک ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان و هەڵسوکەوتی نەشیاو نەبووەتەوە.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان: خەلابیل بنیامین بەشێوەیەکی نا یاسایی لە سووریا هاتووەتە هەرێمی کوردستان

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری دەکات بۆ تیمەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان

لێژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ) لە ویبسایتی خۆی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا باس لە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسێک بەناوی (ولیەم بنیامین ئادەم) دەکات کە ناسراوە بە خەلابیل بنیامین. ڕاپۆرتەکە هێزە ئەمنییەکان تۆمەتبار دەکات بەوەی کە ناوبراویان دەستگیرکردووە پاش گەڕانەوەی لە ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕوونکردنەوەیەکدا تیشکی خستە سەر ئەو تۆمەتانەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوبراودا هاتوون لە هەمان کاتدا نیگەرانی خۆی دەربڕی لە مامەڵەکردنی لیژنەکە، بێ ئەوەی لە هۆکار و وردەکارییەکانی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسی ناوبراو بکۆڵنەوە.

ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە:

لێژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ) لە ویبسایتی خوی ڕاپورتێکی بڵاوکردەوە دەربارەی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسێک بە ناوی (ولیەم بنیامین ئادەم) دەکات کە ناسراوە بە (خەلابیل بنیامین) لە کاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی لە باکووری ڕوژهەڵاتی سووریا و ئەشکەنجەدانی لەلایەن پێشکەش بە دادگای دهۆک کراوە بەپێی فەرمانی یاسایی ماددەی 17 لە یاسای پاسپۆرتی عێراقی. دواتر ناوبراو لە 13ی تشرینی دووەمی 2019 بە کەفالە ئازاد کراوە، بەڵام کەیسەکەی لە دادگا بەردەوامە. دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کەیسەکە مەبەستی چوونی ناوبراو بۆ وڵاتی سووریا کاری ڕۆژنامەنووسی نەبووە، بەڵکو بەمەبەستی گەیاندنی بڕە پارەیەک بووە بۆ کەسێک بە ناوی (فادی صابر) کە دانیشتووی ناوچەی تەل تەمیرە لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها نووسراو و بەڵگەنامەی فەرمی پەرینەوەی سنووری سووریای نەبووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری دەکات بۆ تیمەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی ئەمەش بەپێی چەند ڕێوشوێنێکی دیاریکراو وەک نووسراوی فەرمی بۆ ڕێگەپێدان. ئەم ڕێوشوێنانەی کە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم پەیڕەوی دەکەن ئاسایی و لە هەموو وڵاتان پەیڕەو دەکرێ.

دوای دەستگیرکردنی ناوبراو لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەیان لەگەڵ ناوبراو کردووە و وەک هەر دەستگیرکراوێک گشت مافە یاساییەکانیان پێی ڕاگەیاندووە و بە هیچ شێوەیەک ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان و هەڵسوکەوتی نەشیاو نەبووەتەوە.

چل ساڵ گرفت و دورکەوتنەوە لە حەقیقەت



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

پاش نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ململانێ نێودەوڵەتی لە نێوان ساڵانی 1975-1979وە لە گەرمەی شەڕی سارد لە نێوان زلهێزەکان بە تایبەتی ئەمەریکا و سۆڤیەت کورد لە دەرفەتێک دەگەڕا کە بتوانێ نەفەسێک وەرگری لێرە و لەوێ کە لە نێوان سێکوچکەی وڵاتانی داگیرکەر گیرۆدەی خواردبوو، ئەم چەند ساڵە لە مێژوو دەکرێ بڵێین 4 ساڵی نائومێدی گەورە بوونە لە مێژووی گەلی کورد، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی کوردیش وەک هەر زوڵمێکراوێک چ لە رۆژهەڵات بێ یان ئەو بەشەی باشوور یان بەشەکانی تر زۆر دڵی خۆش بوو بە شۆڕشی گەلانی ئێرانی و پاڵپشتی ئەو شۆڕشەی کرد شان بە شانی نەتەوەکانی تری ئێران پاڵپشتی خۆی بۆ شۆڕش ڕاگەیاند. بە داخەوە ئەوەی کە لە خەیاڵدا نەبوو ئەوەبوو بۆ ماوەی 2 تا 3 مانگ ستراتیژیەت و مەنهەجی شۆڕشی ئێران بە ئاقارێکی تراجیدیخوازی فرەڕەگەزی و فرەنەتەوەیی و دادپەروەری و دیموکراسی یەکسانی لە بۆچوونەکان و قبوڵکردنی هەموو ئایدولۆژیاکان کەچی بەڕەو بیرۆکەیەکی تاکڕەوی مەزهەبی دژ بە مافی نەتەوەکان و دیموکراسییەت چوو، بەڵێ لە نێوان 2 تا 3 مانگ هەرچی بیرۆکەی چەپ هەبوو لێدران، بۆ نموونە هەروەک لادانی (مەهدی بازرگان)ی حزبی تودە لە کابینەی حکومەت کە ئەوکات ئەویش یەکێک بوو لە کۆلەکەی ئەم شۆڕشە دژ بە ڕژێمی شای کۆنەپەرست و دیکتاتۆر و هەروەها سەبارەت بە کوردیش لە نێوان ئەو ماوە کورتە بابەتەکان گۆڕان وەک ئەوەی بڵێین (شا) نەڕووخاوە بەڵێ لەم ماوەیە شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بە (شۆڕشی ئیسلامی کۆماری ئێران) کەواتە لە چوارچێوەیەکی ئایینی مەزهەبی خۆی دۆزیەوە لە قالب دراو کاتێک گەیشتنە گرتنە دەستی دەستەلات گۆرانێکی بنەڕەت لە ڕەگوڕیشەی بۆچوونی ئازاد و دیموکراسی گەلانی ئێرانیان کرد و لە ناو چوارچێوەیەکی تووندوتیژی مەزهەبی دایانڕشت و پەیڕەویان کرد.

کەواتە ناحەق نین گەر بڵێین شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە سالی 1979 دزرا لایەنی بە هێز دەستیگرت بەسەر شۆڕشەکە، ئەرزیەتی ناوچەکە و زەمەنیش لە بەرژەوەندیان دابوون، شەڕی ساردی نێوان زلهێزەکان ببوون بەهۆی ئەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری خێرا لە ناوچەکان ڕووبدات، لەسەر بەرژەوەندی و بازاڕی نەوت و فرۆشتنی چەک و دابینکردنی ڕێگای بازرگانی، کەواتە هەموو گۆڕانکارییەکان لە خزمەتی ئابووری و بازرگانی زلهێزەکان بوون.

لەم ماوەیە شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەر بەو هێندە نەوەستان، بەڵکو دەستیان خستە ناو زۆر شوێن لە ووڵاتانی دەوراوپشت و لە هەر شوێنێک بە بیانوویک لە هەموشی گرنگتر ئەوەبوو لە منهەجی شۆڕشدا خاڵێکی زەق بە دیارکەوت بە ئاشکرا کاریان بۆ دەکرد ئەویش (تصدیر الپورە) کەواتە نارەنە دەرەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنووری ئێران، لەو کاتەوە کە ئەم بیرۆکە پەیرەو کرا ئامانج و مەبەستی دەسەڵات زیاتر بەدیارکەوت، وەک ئەوەی بڵێین جاردانی بۆ کراو ئەو ناوچەیە بوو بە کێڵگەی تەقینەوەکان و گۆڕەپانی جەنگێکی نادیار، بەڵێ شەڕێکی (9) ساڵەی لە عێراق و ئێران ڕوویدا و هەردوو وڵات تا ڕادەیەک (پەکیان کەوت)و ئەگەرچی لە ڕوالەت بەسەر خۆیان نەهێنا، بەڵام لە واقیعدا وانەبوو، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریش بەهۆی ئەو شەڕە کوردیش لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووردە تا ئەندازەیەک باکووریش بوون بە سووتەمەنی شەڕێکی نەخوازراو بێ ئاگا لێی دەیان کارەسات بەسەر کورد دا هات تەنها لەسەر خواست و مەرامە کاولکاری و شەڕانگێزیەکانی ئەو بیرۆکە تووندڕەوانەی و تاکلایەنانەی جلەوی دەسەڵاتیان لە دەست بوو چ لە عێراق یان لە ئێران, بەڵێ ئەم عەقڵیەتە لە دوای شەڕی عێراق و ئێران بە دواوە کە دەکاتە 1988/8/8 بووە هۆی دروستبوونی (ئەزمە) کێشەی ناوخۆ لە هەردوو وڵات گەر هەریەکەیان بە تەنیا باس بکەین و لە عێراقەوە دەست پێبکەین بەڵێ ئەزمەی شەڕی 1974 و دوایش ڕێککەوتنامە سێقۆڵییەکەیان (عێراق و ئێران و جەزائیر) کە ناسراوە بە ڕێککەوتنامەی خیانەتکاری جەزائیر لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمایەکی دادپەروەری نەبوو بە لە ئازاردان و پشتکردن لە شۆڕشی کوردی کۆتایی هات، پاش چەند ساڵێک شەڕ لە ناوچەکە سەریەهڵدایەوە لە ساڵی 1979 دوو وڵاتی بەالادەست لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە عێراق و ئێران بوون هەروەک دەگووترێ ئێران لەو سەردەمە (پێنجەمین) جەیشی جیهانی بووە لە شەڕێکی خوێناوی پاش کوژرانی زیاتر لە یەک ملیۆن سەرباز کەسیان سەرکەوتوو نەبوون، تەنها سەرکەوتنیان مانەوەی دەسەڵاتەکەیان بوو، کەچی لە واقیع هەریەکیان نزیکەی (100) ساڵ بەرەو دواوە چوون سەردەرای مالوێرانی و کوشتار و کاولکاری بۆ کوردیش کە لە هەردوولایەن خراپتر بوو سەرانی عێراق بە عەقڵیەتی چارەسەرکردنی هەڵە بە هەڵە لە دوایی وەستانی شەڕیان لەگەڵ ئێران ئەنفالیان کرد و ڕووخان و کاولکردنی گوندەکانیان تووندتر کرد و کوردستانیان وێرانکرد، ئەوجارە بۆ داپۆشین و چەواشەکردنی گەلی عێراق چوون کوێتیان داگیر کرد و چونکە بە هەڵە سیاسەتیان دەکرد لەو ماوەی حوکمڕانیان تا گرتنی کوێت لە ساڵی 1990 کە (27) ساڵە زیاتر لە ژیانی تەمەنی بەعس لە ژمارەی ساڵەکان هەڵەیان کرد تا وای لێهات ئەم عێراقە گەندەڵ و دیکتاتۆرەیان بۆ گەلانی عێراق جێهێشت کە ئێستا هەیە و دەبینین کە ڕەنگە مرۆڤی عێراقی مردنی لا خۆشتر بێت نەک ژیان لەو وڵاتە بباتە سەر.!

سەبارەت بە ئێرانیش هەروەک گوتمان لە پاش ڕووخانی (شا) و شۆڕشی گەلانی ئێرانی ئەویش لە عێراق خراپتری بەسەرهات شۆڕش دزرا کەسانێک دەسەڵاتیان گرتە دەست کە مەزهەبی و تووندڕەوبوون و کەسی تریان قبوڵ نەبوو و نەبووە ئێستاش بەڵێ لە پاش ئەم هەڵوێستەیان چوون بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆری ئەزمەی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دروستبوو لە سەرتاسەری ئێران، بۆیە لە قۆناغی پاش ئەزمە وەک قۆناغی پاش شۆڕشی گەلان ئەمجارە دەستکرا بە ناردنە دەرەوەی ئەزمە بۆ دەوراپشت بۆ ئەم کارەش بیر لە (هیلالی شیعی) کراوە لە ئێرانەوە بۆ عێراق لەویشەوە بۆ سووریا و لوبنان هەر بەو هێندە نەوەستان و پەرینەوە بۆ یەمەنیش ڕۆیشتن ئێستا سەنگەرەکان گەورەن و فرەوانن، بەڵام کێشەکانیش زۆر فرەوانترن و زۆر گەورەترن لە ناردنە دەرەوەی شۆڕش و ئەزمە وڵات تووشی داڕمانی ئابووری بوونە و کەواتە وەک هاوکێشەیەکی بیرکاری دەتوانین سیاسەتی شۆڕشی ئێرانی لە ماوەی (40)ساڵ بەو شێوە بخوێنینەوە و بڵێین:

شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە تاقیگەی نەهج و فیکری و فەلسەفی ئیسلامی مەزهەبی بوو بە (شۆڕشی ئیسلامی) بە تەنیا و هیچ پاشگر و پێشگر و شرۆڤەیەکی تری قبوڵ نەکرد و پێوانە نەما ئەمجارە لە تاقیگەدا وەک درەختێک شۆڕشی ئیسلامی لق و پۆپی تری لێکراوە لە هەندێ شوێن بە زۆری زۆرداری چاندراو لە هەندێ شوێن محاولە کرا (موتوربە) بکرێت لە سەر ڕەگ و پۆپی داری تر کە ئەمەش ئاسان نییە بەردەوام بێت و خۆی بگرێ و تەنها کات کوشتن بوو لەگەڵ ئەمەشدا تەنها ژمارەی ڕۆژەکانی تەمەنی داری (موتوربە) ئاسان نییە و چاندنی داری شوێنێک کە ئاو هەوایەکی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ ئاوهەوایەکی تر، ئەویش گەر مەحالیش نەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتییە و تەمەنی کورتە لە کۆتایی دەڵێین لە (40) ساڵ لە حوکمڕانی و سیاسەت لە ئێران دەکرێ وا پێناسەی بکەین (شۆڕشی گەلانی ئێرانی بە زۆرەملێ کرا بە شۆڕشی ئیسلامی مەزهەبی ئەوجارە شۆڕشی ئیسلامی مەزهەبی ئێران بە زۆرەملێ ناردرا ناو گەلانی تری ناوچەکە بە تایبەتی (نیشتمانی عەرەبی) ئەم جارە شۆڕشەکە بە گشتی ئەزمەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ گەلانی ئێران دروستکرد لە دوای ئەویش ئەم (ئەزمەیە) بە ناردنە دەرەوەی بە ئێران کۆتایی نایەت، چونکە سەرچاوەکەی لە ئێرانەوە و لە ئێرانیش کۆتایی ئەزمە دێت، پێم وایە هیلالی شیعی بە گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی لە ئەنجام پێ دەگووترێ بازنەی شیعی یان چوارگۆشەی شیعی خاڵی دەستپێک و دەبێتە خاڵی مەبەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، جا کێ ئەم کارە دەکات؟ ئەم کارە تەنها کاری گەلانی ئێرانە و چونکە سووتەمەنێن و هەر ئەوانیش خاوەن بڕیارن هەر ئەوانیش دایننەمۆی گۆڕانکارییەکانی شۆڕشی ڕاستەقینەی ئێرانن چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئێران چارەسەرکردنە لە گشت ناوچەکە چ عێراقە یان سووریا یان لوبنان.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێر (پ.د.ک)**

لووتکەی ناتۆ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەستپێکرد

ناتۆ: بۆ یەکەمجار هێزی ئامادەی جەنگ لە مەیداندان بۆ پاراستنی وڵاتانی باڵتیک

گوتەبێژی کرملین: نیگەرانین لە پلانەکانی ناتۆ بۆ زیادکردنی بوودجە





لووتکەی سەرکردەکانی ناتۆ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەستپێکرد، لە هۆتێل The Grove کە

لووتکەکەی تیایدا ساز دەکرێت بەرنامەی پێشوازیی فەرمی لە میوانەکان و ڕێورەسمی ئاهەنگی ٧٠هەمین ساڵیادی ناتۆ ڕێکخرا. دوای ئەوەی یەک بە یەک پێشوازی لە سەرکردەکان کرا، وێنەی بە کۆمەڵ چرکێنرا و دواتر دانیشتنی سەرەکی لووتکەکە دەستپێکرد.

سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستۆلتنبێرگ ئاماژەی بەوە کرد کە بەردەوامن لەسەر کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی بەهۆی دژوستانەوەی ئەمەریکا بەرانبەر ئەو پلانەی یەپەگە/پەیەدە وەک هەڕەشە نیشتمان دەدات و پەسەندنەکردنی پلانی بەرگریی ناتۆ لە لایەن تورکیاوە لەبارەی وڵاتانی باڵتیک، سەربەخۆداوە. یانس ستولتنبێرگ بەر لە لووتکەی سەرکردەکانی ناتۆ کە لە لەندەن بەڕێوەدەچێت بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا.

سکرتێری گشتیی ناتۆ باسی لەوە کرد کە پلان هەیە لەبارەی پاراستنی هەموو هاوپەیمانان بە باڵتیک و پۆڵەندا‌شەوە و گوتی: لەو دیو ئەویشەوە تەنها پلانمان نییە بەڵکو هێزەکانی سەربازیش هەن. لە مێژوومانداو بۆ یەکەمجار هێزی ئامادەی جەنگ لە مەیداندان بۆ پاراستنی وڵاتانی باڵتیک. یانس ستولتنبێرگ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دڵنیایە لەبارەی دۆزینەوەی چارەسەری کێشە سەبارەت بە بەهێزکردنی پلانەکانی بەرگریی و گوتی: لەگەڵ سەرۆکۆماری تورکیا ئەردۆغان باسی ئەم کێشەیەمان کردووە. لەم کاتەشدا کار لەسەر کێشەکە دەکەین.

بەهۆی تانەی ئەمەریکا لە بارەی پلانی ئەمنیی سەبارەت بە تورکیا کە یەپەگە/پەیەدەش بە هەڕەشە دادەنێت، تورکیا دژ بە پەسەندکردنی پلانی ئەمنیی ناتۆ سەبارەت بە وڵاتانی باڵتیک وەستایەوە.

هاوکات گوتەبێژی کرملین، دمیتری پێسکۆڤ ئاماژەی بەوە کرد کە نیگەرانن لە پلانەکانی ناتۆ بۆ زیادکردنی بوودجە و ڕایگەیاند "ناچینە کێبڕکێی پڕچەککردنەوە کە لە ڕووی ئابووریيەوە وێرانکەرە. دمیتری پێسکۆڤ لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان لە شاری سۆچی باشووری ڕووسیا، هەڵسەنگاندنی بۆ لووتکەی سەرکردەکانی ناتۆ کرد کە لە لەندەن دەڕێژەی هەیە.

گوتەبێژی کرملین، دمیتری پێسکۆڤ باسی لەوە کرد کە نیگەرانن لە پلانەکانی ناتۆ بۆ زیادکردنی بوودجە و گوتی: ئەو هەنگاوانەی لەو بارەیەوە دەگیرێنەبەر دووپاتی نیگەرانییەکانمان دەکاتەوە بە ئاراستەی سیاستە فراوانخوازییەکانی هاوپەیمانییەکە. ئەوە بەڵای ئێمەوە مایەی نیگەرانییە.

دمیتری پێسکۆڤ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕووسیا ناچێتە کێبڕکێی پڕچەککردنەوە لەگەڵ ناتۆدا و گوتی: وەک پێشتر سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین باسی کرد ناچینە کێبڕکێی پڕچەککردنەوە کە لە ڕووی ئابووریيەوە وێرانکەرە, هاوکات سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستۆلتنبێرگ لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاندبوو کە تا 2024 بوودجەی ناتۆ دەگەیەنن 400 ملیار دۆلار.



تایمزی بەریتانی: ئەو عێراقەی لە دوای 2003ەوە بنیاتنراوەتەوە لە لێواری داڕمانە

دەستەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی بووەتە هۆی دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە عێراقدا

تۆندوتیژییەکانی عێراق بوونەتە هۆی کوژرانی 400 کەس و بریندارببوونی 20 هەزار کەسی دیکە. سەرۆک وەزیران دەستیلەکارکێشاوەتەوە. دەبێت لە ماوەی 15 ڕۆژدا سەرۆک کۆمار، کاندیدی سەرۆک وەزیران دیار بکات. خۆپیشاندەران داوای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتەکانی عێراق دەکەن.

بەگوێرەی کوردستان24 ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی بڵاویکردەوە، دوای شەڕی سارد، بەردەوام پرسی عێراق هەژموونی هەبووە بەسەر کۆی ئەو گفتوگۆ سەربازییە ستراتیژیانەی لە وڵاتانی خۆرئاوا بەڕێوەچوون. ئێستا ئەو عێراقەی لە دوای 2003وە، بنیاتنراوەتەوە، لە لێواری داڕمانە. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، دەستەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی بووەتە هۆی دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە عێراقدا. ئێران یەکێکە لەو لایەن و وڵاتانەی دەیەوێت بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە و توانای وڵاتانی خۆرئاواش لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەو پرسە زۆر سنووردار و لاوازە.

تایمز باسی لەوەشکردووە، هۆکاری قەیرانی عێراق شکستهێنانی ئەو پرۆسە دەستووریيەیە، کە خودی دەستووری لەسەر بنیاتنراوە، بەو پێیەی دەستوورەکە لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی تائیفی و دەستەبەرکردنی پۆستە سیادیيەکانە بۆ پێکهاتە سەرەکییەکان. ڕوونیشیکردووەتەوە، ئەو سیستەمەی لە عێراق بنیاتنرا، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و پەکخستی ئابووری وڵات، سەرەڕای ئەوەی عێراق خاوەنی یەکێک لە گەورەترین سەرچاوەکانی وزە و گەورەترین بڕی نەوتی یەدەگ کراوە، بەڵام خزمەتگوزاری گشتیی نییە و بێکاری بە ڕادەیەکی بەرچاو بڵاو بووەتەوە و ئەوەش وڵاتەکەی تووشی داڕمانی گەورە کردووە، ئەو ڕەوشە بووەتە هۆی نیگەرانی قوبوڵ و تووڕەیی زۆری گەنجانی وڵاتەکە.

بە گوێرەی شیکردنەوەی تایمز خۆپیشاندانەکانی عێراق لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا بە هەمان گیانی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی لە 2011دەستیان پێکرد، سەرەتا داوای چاکسازی سیاسی و ئابووری دەکرا، بەڵام بە هۆی بەکارهێنانی تووندوتیژی دژی خۆپیشاندەرانی عێراق تووڕەیی شەقامی زیاتر کرد.

بەڕێوەبەری خانەنشینی کوردستان: کەمترین موچەی خانەنشین دەبێتە 400 هەزار دینار

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: حازم ئیسماعیل بەڕێوەبەری خانەنشینی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە: دیارە لە عێراق ئەو کەسەی تەمەنی دەگاتە 60 ساڵ خانەنشین دەکرێت ئەویش بە پێی یاسای تازەی خانەنشینی عێراقەو لە دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی بە یاوەری کارگێڕانی لق، سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێریان کرد و لەلایەن ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێرەوە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا، بەرپرسی لقی دوو پێرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە سەرۆکی نوێی شارەوانی هەولێر کرد و تەواوی پشتیوانی لقی دووی بۆ دووپات کردەوە لەپێناو سەرخستنی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە بەرپرسی لقی دوو دووپاتی کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خواستی خزمەتکردنی زیاتری هەیە بۆ هاوڵاتیان، بەتایبەتیش لە نەهێشتنی ڕۆتین کە بەشێکە لە کەمکردنەوەی گەندەڵی، بە گرنگیشی زانی کار و ڕایبکردنی مامەڵەی هاوڵاتی بە سستەماتیک و ئۆنلاین بکرێت. لە بەرامبەردا سەرۆکی شارەوانی هەولێر سوپاسی پشتیوانیەکانی لقی دووی کوردستانی و کرد و جەختی کردەوە لەوەی ڕێنمایی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانە خزمەتی زیاتری هاوڵاتیان بکرێ و ڕۆتین نەهێلێن لە ڕایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان.

دوێنێ لەبارەگای لقی24ی سەفینی پارتی بە ئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفین و بەرپرسانی حزبی و حکومی و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و کادیرانی حزب، سیمینارێک بۆ مقدەم سەفین تاهیر بەڕێوبەری بەشی نەهێشتنی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان، لەژێرناوی (هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تۆند وتیژی دژی ئافرەتان)بەڕێوەچوو، کە لە لایەن ئەنجوومەنی سەفینی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخرابوو.

سەرەتای سیمینارەکە بەچەند ساتێک وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد. دواتر کۆڕگێڕ بەدرێژی تیشکی خستە بابەتەکە و بۆ ئامادەبووانی شیکردەوە. ئینجا بەچەند پرسیارێکی ئامادەبووان و وەڵامدانەوەیان لەلایەن کۆڕگێڕ سیمینارەکە کۆتایی پێهات. لەکۆتایی سیمینارەکەش خەڵاتی ئەنجومەنی ئافرەتانی سەفین، لەلایەن بەرپرسی لقی24ی سەفین پێشکەش بە مقدەم سەفین کرا.

پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان (عەلی حەسەن مەلا محەمەد شێخ سێدەیی) کۆچی دوایی کرد

خەبات- سەفەر ژاوکی: دوای ملمالانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناس (عەلی حەسەن مەلا محەمەد) ناسراو بە(عەلی شوری) لە دەرەوەی کوردستان لە ئێران کۆچی دوایی کرد، بریارە دوای گەڕانەوەی تەرمی خوالێخۆشبوو لە گۆڕستانی میرگەسۆر سەر بە دەڤەری بارزان بە خاک بسپردرێ.

خوالێخۆشبوو لە ساڵی 1952 لە ئاوارەیی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە دایکبووە، کوڕی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران خوالێخۆشبوو(حەسەن مەلا محەمەد شێخ سیدەیی)ە کە یەکێک لە بەشداربووەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لەگەڵ 2 برای یاوەری بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانیان ڕێگای مان و نەمانیان هەڵبژارد، لە ڕێگا چوونیان لە شەڕی ماکۆ دوای قارەمانیەتی بۆ تێکۆشەری(محەمەد) شەهید دەبێت، هەروەها لە ئاوارەیی دا لە سۆڤیەت بۆ تری (مەلا ڕەسول) کۆچی دوایی دەکات، ساڵی 1959خوالێخۆشبوو لە تەمەنی 7 ساڵی دا لە گەڵ باوک و دایکی دەگەڕێنەوە کوردستان، خوالێخۆشبوو دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی 1967 لە تەمەنی 15 ساڵی دا پەیوەندی بە بارەگای بارزانیی نەمر دەکات، بەشداری چەندەها داستان دەکات، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبن و لەگەڵ براکانی بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات و لەگەڵ قوەتی فەرماندە(ساڵح محەمەد کەکشار سێدەیی) دابێت، دوای ڕاپەرین دەگەڕێنەوە کوردستان لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبێت، ئەو تێکۆشەرە ماوەی چەند ساڵە لەبەر خەبات و ماندووبوونی تووشی نەخۆشی ببوو، لە تەمەنی 67 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.



بەڕێوەبەری خانەنشینی کوردستان: کەمترین موچەی خانەنشین دەبێتە 400 هەزار دینار

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: حازم ئیسماعیل بەڕێوەبەری خانەنشینی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە: دیارە لە عێراق ئەو کەسەی تەمەنی دەگاتە 60 ساڵ خانەنشین دەکرێت ئەویش بە پێی یاسای تازەی خانەنشینی عێراقەو لە کوردستان تا ئێستا ئەو یاسایە جێبەجێ ناکرێت و حکومەت داوای کردووە ڕاو سەرنجی خۆمان دەربڕین دەربارەی پڕۆژەی چاکسازی و ئێمەش پێمان گوتوون کە ئەگەر یاسای نوێی عێراق جێبەجێ بکرێت هەنگاوێکی یەکجار باشەو کەمترین موچەی خانەنشینی لە پڕۆژەی چاکسازی 400 هەزار دینار دەبێت و موچەی خانەنشینی پلە بالاکان کەم دەکرێتەوە، بۆیە حکومەت مکوڕە لەسەر ئەوەی کە پڕۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر جێبەجێ بکرێت ئەوا لەبەرژەوەندی هاوواڵتیاندایە.

بەڕێوەبەری لقا ئێک پێشوازیا گروپەکێ سویدی یێ بناقێ ئاینده کر

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا شاندەکێ گروپێ سویدییێ کو بناقێ ئایندە ب سەرپەرشتیا مستەر شێل کو ییێن تایبەتمەندن د بواری ژینگەه،گشتوکال و بواری مرۆڤایەتییێ دا، ئەڤەو لدەستپێکێ بەرپرسێ لقێ بخێرهاتنا وان کر ژ بۆ هاتنا وان بۆ کوردستانێ و گەهاندنا وان زانیاریێن خوە دڤان بواریێن جودا جودا دا بۆ سوبەهیا کوردستانێ چونکی کوردستان پێتڤی ب گەلەک زانیاریا هەیە بۆ ئافاکرنا وێ ژبەرکو د دەستێن دوژمنان دا بهەمی ڕەنگا هاتیە وێران کرن، ژ لایێ خوەڤە شاندێ ناڤبری سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر و گوت: ئەم گروپەکن ژ چەند وەلاتان پێکدهێن خودان باوەرنامێن بلندین دڤان بوران دا مە بریار دایە وەک خوەبەخش خزمەتا کوردستانێ بکەین.

لەهەفتەی بەرەنگاری تۆندوتیژی خێزانی سیمینارێک بەڕێوەچوو



هەولێر... پرۆژەی بەخشندەیی چووە نێو منداڵانی ئۆتیزم



بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، تیمی گەنجانی خۆبەخشی سەر بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی نەوزاد سابیر کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوان لە چوارچێوەی پرۆژەی بەخشندەیی، هەڵسان بە ئەنجامدانی چەند چالاکی جۆراوجۆری هونەری و شانۆیی و ژەنینی میوزیک و دابەشکردنی دیاری بەسەر منداڵان، لە کۆتاییدا لە لایەن چەند کەسایەتی بواری ڕاگەیاندن و میوزیکژەن و وەرزشی و خۆبەخش و منداڵەکان دەست کرا بە شکاندنی کێکی پرۆژەی بەخشندەیی.

دکتۆرانامەیەک لەبارەی نازک ئەلەلائیکە لە زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا



زانیار سەردار قرگەیی- زانکۆی سلێمانی: لە ماوەی ڕابردودا قوتابی خوێندی بالا لە کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی دکتۆر ژینۆ عەبدوڵلا عەلی بەرزنجی گفتوگۆی نامەی دکتۆراکەی کرا، بە ناونیشانی سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نازک ئەلەلائکە، بە سەرپەرشتی پ. د. نیان نەوشیروان فواد مەستی، دوای گفتوگۆیەکی زانستیی چڕ، بە پلەی زۆرباشەی بالا پەسەندکرا. ئەندامانی لیژنەش پێکهاتبوون لە پ. د. زاهیر لە تیف کەریم سەرۆک و هەریەکە لە پ. د. هێرش محەمەد ئەمین هەڵەبجەیی و پ. ی. د. کەوسەر جاف لە زانکۆی سلێمانی و پ. د. نەوزاد شکور ئەحمەد، زانکۆی سەلاحەدین و پ. ی. د. ڕەمەزان مەحمود کەریم، زانکۆی گەرمیان، ئەندام لیژنەی هەڵسەنگاندن بوون. لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات د. ژینۆ عەبدوڵلا بەرزنجی قوتابی خوێندنی بالای دکتۆرا ئاماژەی بەوەدا، نامەی دکتۆراکەم تازەگەری ئەوەی پێوە دیارە بە میتۆدی ڕەخنەیی هاوچەرخ سیمۆلۆژیا کارمان لەسەر ناونیشانی شیعرەکانی نازک ئەلەلائیکە کردووە، ئەمەش یەکەمجارە لە زانکۆکانی عێراقدا کاری لەسەر بکرێت و (ئەلەلائیکە) ڕێچکە شکێنی شیعری عەرەبی هاوچەرخە خاوەنی ڕۆشنبیریەکی بالایە هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرە لە ئەدەبی بەراوردا، لە ئەمریکا زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و لاتینی زانیوە و دەرچووی پەیمانگای مۆسیقا بەشی تامیزی عود بووە، ڕەخنەگرە و پێنج کتێبی ڕەخنەیی هەیە و خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکێکیشە، ئەم هەموو شارەزایی و توانایییەی بۆ ژانەرەکانی ئەدەب، دەوڵەمەندییەکی زۆریان پێداوە، لە بواری فەرهەنگی زمانەوانی زۆر بە جوانی و دەوڵەمەندی و شارەزایش تەوزیفی کردووە بۆ شیعرەکانی.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو کۆچخا عەلی کۆچخا سابر بلّباس

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری هەولێر(کۆچخا عەلی کۆچخا سابر بلّباس)مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

اناللە و انا الیە راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێز، هێمن حەسەن

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(مهاباد ئەحمەد) ی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

بەشداری خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەکتان ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

اناللە و انا الیە راجعون
بارەگای بارزانی

***

بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو شێرزادخانی شێرزادی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ناودار و دەڤەری کرماشان (شێرزادخانی شێرزادی) ئیلخان و سەرۆکی عەشیرەتی (کەلهوور) مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز جەماوەری گیلانی غەرب و کرماشان دەکەین. سەبر و ئارامی بۆ هەموو لایەک دەخوازین و جێگەی خوالێخۆشبوویش بەهەشتی بەرین بێت.

اناللە و انا الیە راجعون
بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بۆ بەڕێز جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی

بە ناوی خۆمان و بنەماڵەکەمانەوە سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ پرسەنامە و هاوخەمیتان بۆ کۆچی دوایی (حاجی شێخ عوسمانی نەقشبەندی سیرێ) داواکارین لە خوای گەورە جەنابتان تەمەن درێژ و تەندروست باش بن بۆ خزمەتی کورد و کوردستان، دووبارە بە ناوی بنەماڵەی بابەشێخی سیرێ سوپاسی بەڕێزتان دەکەین.

بنەماڵەی بابەشێخی سیرێ

***

بۆ بەڕێز کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە ناوی خۆمان و بنەماڵەکەمانەوە سوپاسی بەشداریی بەڕێزتان دەکەین لە پرسەی (حاجی شێخ عوسمانی نەقشبەندی سیرێ) بە نارەزی بروسکەی ماتەمینی، داواکارین لە خوای گەورە جەنابتان و حکوومەتەکەمان بپارێزێ و سەرکەوتووتان بکات لە سەرخستن و بەرەوپێشچوونی وڵاتەکەمان، دووبارە بە ناوی بنەماڵەی بابەشێخی سیرێ سوپاستان دەکەین، هەمیشە پاڵپشتیی بەرێزتان و حکوومەتەکەتان دەبین.

بنەماڵەی بابەشێخی سیرێ

خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/5 ژمارە (5886)

لە ئێستادا زیاتر لە 90%ی پڕۆژەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان تەواو بووە

ئەندازیار دانا عەبدولکەریم: تا ڕۆژی 15/12ی ئەمساڵ کاری نۆژەنکردنەوەی هەموو ڕێگاوبانەکان تەواو دەبێت

دیمانە: فاتیح بەرزنجی

لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کارو و پڕۆژەکانی وەزارەتەکەی دەخاتەڕوو و باس لە پلانی ئایندەیان دەکات بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان و ئەو پڕۆژانەی کە پێویستن لە ئێستادا ئەنجام بدرێن.



وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بۆ خەبات:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم ڕەزامەندی دا نزیکەی 18ملیۆن دۆلار تەرخان بکرێت بۆ تەواوکردنی تونێلی هەولێر - پیرمام

لە سەرەتای دیدارەکەیدا وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن گوتی: لەچواچێوەی کارو بەرنامەو پلانی چوار ساڵی داهاتووی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن گرنگیدانە بە هەردوو کەرتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و بە تەواوکردنی ڕێگا جووت سایدەکانی نێوان شارەکانی کوردستان و ئەو ڕێگایانەی کە لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا و دوای تەرخانکردنی بودجەی پێویست دەبێ تەواو بکرێن، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگاوبانانە پەیوەندیان بە ژیان گوزەرانی هاوڵاتیانەوە هەیە لە ڕووی ئاسانکاری هاتوچۆ و لەپێناو سەلامەتی هاوڵاتیان و کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

ئەندازیار دانا عەبدولکەریم دیهاتەکان، لەپلانی ئەو چوار ساڵەی کارو بەرنامەکانمان دەبێت و ئەگەر بودجەی زیاترمان بۆ تەرخان بکرێت کارو پڕۆژەی زیاتر ئەنجام دەدەین.

دواتر دەربارەی پرسی کارو بەرنامەکانی دیکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ئەندازیار دانا عەبدولکەریم گوتی: کارو بەرنامەی داهاتووی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەجووت سایدکردنی ڕێگاوبانەکانە، دوای دەست بەکاربوونمان چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتیەکان سازکردو داوامان لێ کردن کە بەپەلە دەرخستەیەک دەربارەی چاککردنەوەی ڕێگا سەرەکییەکان ئامادەبکەن، دوای ئامادەکردنی دەرخستەکان جێگەی سوپاس و پیرانینە کە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەموو ڕێگاوبانەکان تەواو بێت، لە هەمووی گرنگتر پڕۆژەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان بەکوالیتی بەرزو ئەندازەیی ئەنجام دەدرێت و ئامادەبکەن و هەمیشە لەخەمی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکاندابن، هەر ڕێگاوبانێک کە تێکچووبوو پێویستی بە چاککردنەوە هەبوو پێویستە بە زووترین کات دەرخستەی بۆ ئامادە بکەن بەتایبەتی ڕێگای گوندەکان تا خەڵکی گوندەکان بۆ هاموشۆکردن ئاستەنگیان بۆ دروست نەبێت، بۆیە دەبێ ڕێگاوبانی گوندەکانمان بەردەوام چاک بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ساڵانە بودجەیەکمان تەرخانکرووە بۆ ڕێگاوبانی گوندەکان و لەگەڵ تەرخانکردنی ئەو بودجەیەی کەبۆمان دیاری دەکرێت و بەپێی ئەو دەرخستانەی کەئامادەکراون، ئێمە دەست لەکاتی دیاریکراوی خۆی تەواو دەکرێت، تا هاوواڵتیان سوود لەو ڕێگاوبانانە وەربگرن و دوور بن لە ڕووداوی هاتوچۆ.



وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن گوتی: هەرکە بودجەمان بۆ تەرخانکرا ئێمە دەمودەست هەوڵی کارکردن دەدەین لە کارو پڕۆژەکان وەک تەواوکردنی ڕێگای جووت سایدی هەولێر-کۆیە بە پێنج قۆناغەو لەهەوڵی ئەوە داین هەموو قۆناغەکانی کارکردن لە پڕۆژەکان بەکارکردن لە پڕۆژەکان و ئومێدەوارین بۆ ساڵی داهاتوو دەست بکەین بە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانە.

دواتر دەربارەی بەجووت سایدکردنی ڕێگاوبانەکان ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکرنەوەو نیشتەجێکردن گوتی: هەمیشە داوامان لە بەڕێوەبەرانی ڕێگاوبان و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان کردووە کە پێویستە بەهەموو لایەک لە خزمەتی هاوواڵتیانی خۆمانداببین و خەمخۆری ڕاستەقینەی هاوواڵتیان بین و دەرخستە بۆ کارو پڕۆژەکان هەرێمی کوردستان کاتێک داوام لێ کرد بودجەیەک تەرخان بکات بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان، بەڕێزیان بەسوپاسەوە داواکەی قەبوڵ کردو دەستکرا بە نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان و کاتمان بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان دانا و ماوەکەی 70ڕۆژبوو، لە ئێستادا زیاتر 90%ی پڕۆژەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان تەواو بووەو تا ڕۆژی 15/12ی ئەمساڵ پێویستە کاری نۆژەنکردنەوەی نزیکەی 12هەزار یەکەی نیشتە جێکردن بە پڕۆژە تەواو نەکراوەکان و پڕۆژەی تازە ئومێدەوارین لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا ئەو 12هەزار یەکەی نیشتە جێبوونانە تەواو بکرێن و سوودی بۆ هاوواڵتیان و فەرمانبەران هەبێت و هەوڵی ئەوە دەدین کە ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتگوزاریان ماوە تەواو بکرێت ئەوە یەکێکە لە کارەکانی لە پێشینەی ئێمەو چاوەڕوانی بودجە دەکەین بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکەو مایەی خۆشحاڵیە کە قۆناغی یەکەمی ئەو پارەیەی کە تەرخانکراوەو دەست بەکارەکان کراوەو تیمەکانمان لەگەڵ ئەو بەڵێندەرانەی کە پڕۆژەکانیان لەلایەو دەستیان بەکارکردن کردۆتەوەو لەو قۆناغەدا نزیکەی 5ملیار تەرخانکراوە بۆتەواو کردنی خزمەتگوزاری ئەو یەکە نیشتەجێ بووانە.

دەربارەی تەواو کردنی تونێلی هەولێر ژ پیرمام ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: مایەی خۆشحاڵیە کێشەی تەواو کردنی پڕۆژەی تونێلی هەولێر- پیرمام چارەسەر کراوە دوای داواکردنمان لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداری بکات لەسەر جەدوای ئابووری پڕۆژەکەو دوای تەواوکردنی تونێژینەوە زانستیەکە ئێمە ئەو کاتە دەست دەکەین بەتەواو کردنی دیزاینی پڕۆژەکەو سپاردنی بە کۆمپانیایەک بۆ ئەوەی کارەکە تەواو بکات لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی وەک دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر هەیە، ئەو پڕۆژەیە زۆر گرنگە و بریتییە لە هێڵی ئاسنی و یەکێکە لەو پڕۆژە گرنگانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو لە چوارچێوەی بەرنامەی پلانی چوار ساڵەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و لە ئێستادا لەقۆناغی ئەوەدایە، کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری گرێبەست بکەین بۆ ئەوەی کە ڕاوێژمان پێ بدات و تونێژینەوەیەکی زانستیمان بۆ بکات لەسەر جەدوای ئابووری پڕۆژەکەو دوای تەواوکردنی تونێژینەوە زانستیەکە ئێمە ئەو کاتە دەست دەکەین بەتەواو کردنی دیزاینی پڕۆژەکەو سپاردنی بە کۆمپانیایەک بۆ ئەوەی کارەکە تەواو بکات لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژیەو بودجەیەکی زۆریشی پێویستەو لەوانەیە لە ئێستادا لە توانای دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبێت، بۆیە پڕۆژەکە بەلامانەوە گرنگە کە بە شێوەی هاوکاریکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ئەو پڕۆژەیە بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە ئەو کاتە پڕۆژەکە بەئاسانی ئەنجام دەدرێت ئەویش بەهاوکاری و هەماهەنگی حکوومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت پشتیوان بەخوا تا ساڵی داهاتوو دوای تەواو کردنی جەدوای ئابووری پڕۆژەکە و ئامادەکاریەکان واژۆی پڕۆژەکە دەکرێت.

دواتر دەربارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: سەبارەت بەکارو بەرنامەکانی داهاتووی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ پرسی نیشتە جێ بوون لە چوارچێوەی پلانی ئەو چوار ساڵە کارمان لەسەر ئەوە پرسە کردووەو کە نیشتەجێکردنەو کارمان لەسەر کردەو پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانمان کردووەو بریتیە لەدوو قۆناغ و یەکێکیان بریتییە لە تەواوکردنی پڕۆژە وەستاوەکانەو ئەوی دیکەیش دروستکردنی پڕۆژەی تازەیەو ئێمە ئێستا نزیکەی 9 هەزاریەکەی نیشتە جێ بوونمان لەژێر جێبەجێ کردندایەو بەشێکیان وەستاوەو داواشمان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ تەرخانکردنەوەی بودجە بۆ ئەو پڕۆژانەی کە کارکردنی تیا وەستاوەو بڕیاریش وایە لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا نزیکەی 3هەزار یەکەی دیکەی تازەش دروست بکەین هەموو پڕۆژەکان دەگاتە نزیکەی 12هەزار یەکەی نیشتە جێکردن بە پڕۆژە تەواو نەکراوەکان و پڕۆژەی تازە ئومێدەوارین لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا ئەو 12هەزار یەکەی نیشتە جێبوونانە تەواو بکرێن و سوودی بۆ هاوواڵتیان و فەرمانبەران هەبێت و هەوڵی ئەوە دەدین کە ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتگوزاریان ماوە تەواو بکرێت ئەوە یەکێکە لە کارەکانی لە پێشینەی ئێمەو چاوەڕوانی بودجە دەکەین بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکەو مایەی خۆشحاڵیە کە قۆناغی یەکەمی ئەو پارەیەی کە تەرخانکراوەو دەست بەکارەکان کراوەو تیمەکانمان لەگەڵ ئەو بەڵێندەرانەی کە پڕۆژەکانیان لەلایەو دەستیان بەکارکردن کردۆتەوەو لەو قۆناغەدا نزیکەی 5ملیار تەرخانکراوە بۆتەواو کردنی خزمەتگوزاری ئەو یەکە نیشتەجێ بووانە.

دەربارەی تەواو کردنی تونێلی هەولێر ژ پیرمام ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: مایەی خۆشحاڵیە کێشەی تەواو کردنی پڕۆژەی تونێلی هەولێر- پیرمام چارەسەر کراوە دوای داواکردنمان لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداری بکات لەسەر جەدوای ئابووری پڕۆژەکەو دوای تەواوکردنی تونێژینەوە زانستیەکە ئێمە ئەو کاتە دەست دەکەین بەتەواو کردنی دیزاینی پڕۆژەکەو سپاردنی بە کۆمپانیایەک بۆ ئەوەی کارەکە تەواو بکات لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژیەو بودجەیەکی زۆریشی پێویستەو لەوانەیە لە ئێستادا لە توانای دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبێت، بۆیە پڕۆژەکە بەلامانەوە گرنگە کە بە شێوەی هاوکاریکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ئەو پڕۆژەیە بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە ئەو کاتە پڕۆژەکە بەئاسانی ئەنجام دەدرێت ئەویش بەهاوکاری و هەماهەنگی حکوومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت پشتیوان بەخوا تا ساڵی داهاتوو دوای تەواو کردنی جەدوای ئابووری پڕۆژەکە و ئامادەکاریەکان واژۆی پڕۆژەکە دەکرێت.

دواتر دەربارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن گوتی: لەچوارچێوەی کارو بەرنامەی وەزارەت پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی وەک دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر هەیە، ئەو پڕۆژەیە زۆر گرنگە و بریتییە لە هێڵی ئاسنی و یەکێکە لەو پڕۆژە گرنگانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو لە چوارچێوەی بەرنامەی پلانی چوار ساڵەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و لە ئێستادا لەقۆناغی ئەوەدایە، کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری گرێبەست بکەین بۆ ئەوەی کە ڕاوێژمان پێ بدات و تونێژینەوەیەکی زانستیمان بۆ بکات لەسەر جەدوای ئابووری پڕۆژەکەو دوای تەواوکردنی تونێژینەوە زانستیەکە ئێمە ئەو کاتە دەست دەکەین بەتەواو کردنی دیزاینی پڕۆژەکەو سپاردنی بە کۆمپانیایەک بۆ ئەوەی کارەکە تەواو بکات لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژیەو بودجەیەکی زۆریشی پێویستەو لەوانەیە لە ئێستادا لە توانای دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبێت، بۆیە پڕۆژەکە بەلامانەوە گرنگە کە بە شێوەی هاوکاریکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ئەو پڕۆژەیە بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە ئەو کاتە پڕۆژەکە بەئاسانی ئەنجام دەدرێت ئەویش بەهاوکاری و هەماهەنگی حکوومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت پشتیوان بەخوا تا ساڵی داهاتوو دوای تەواو کردنی جەدوای ئابووری پڕۆژەکە و ئامادەکاریەکان واژۆی پڕۆژەکە دەکرێت.



ژیلان.. شێرپەنجە بەرۆکی بەرداوەو بەدەست گورچیلەکانیەوە دەنااڵێنێت

ژیلان محەمەد قادر ئەو کچە تەمەن 12ساڵانەیەی پێشتر تووشی شێرپەنجەی خوێن ببوو، لە ئێستادا ئەو نەخۆشیە بەرۆکی بەرداوە، بەاڵم بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانە کیمیاییەکان گورچیلەکانی لاوازبوونە و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە لە یەکێک لە سەنتەرە پزیشکییەکانی شانشینی ئەردەن. سااڵنێک بەرلە ئێستا و لەوکاتەی ژیلان بەهۆی شێرپەنجەوە ژیانی لە مەترسیدابوو، لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە هاوکاری ئەم نەخۆشە کرا و توانرا لە مەترسی دەربازبکرێت، بەاڵم لە ئێستادا جارێکی دیکەش محەمەد قادر باوکی ژیلان پەنای بۆ ڕۆژنامەی خەبات هێناوەو داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و خێرخوازان دەکات فریای کچەکەی بکەون و گورچیلەکانی لە وشکبوون بپارێزن، بەپێیەی کە تێچووی چارەسەرییەکەی نزیکەی 25هەزار دۆلارە و ئەوەیش لە توانای باوکی ژیلاندا نییە. ڕۆژنامەی خەبات وێڕای ئەوەی خۆشحاڵە بە دەربازبوونی ئەو کچە نەخۆشە لە شێرپەنجەی خوێن، هاوکات داواکارییەکەی باوکی ژیلان بلاودەکاتەوەو ئومێد دەکەین لاپەنە پەیوەندیدارەکان ئەو مرۆڤدۆستانەی لەتوانایان هەیە هاوکاری ئەو منداڵە نەخۆشە بکەن تا بەیەکجارەکی مەترسی لەسەر ژیانی نەمێنێت.

بۆ هاوکاریکردنی ژیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەوە پەیوەندی بکەن: 07501214131

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/12/5 ژمارە (5886)
خەبات

دوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی دۆخی عێراق بەکوێ دەگات

خەبات: تریفە ئازاد

دوابەدوای دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە پۆستەکەی، پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی عێراق رووی لە ئاقارێکی نادیارو نائارام کرد، لەبەر ئەوەی پاش دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی هێشتا خۆپیشاندان لە شەقامەکانی بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق بەردەوامەوو هێشتا خواست و داواکارییەکانی خۆپیشاندەران لە رووی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و چاکسازی و سەروەری عێراق، هیچێکیان بە ئەنجام نەگەیشتووەو جێبەجێ نەکراوە. بێگومان گەندەڵی و کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق لە ئەگەری حوکمڕانی عادل عەبدولمەهدی نەبووبوە، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵە و خراب حوکمڕانی 16 ساڵەی حکوومەتەکانی پێشوو بووە و هەژمونی هەریەکە لە ئەمریکا و ئێران لە عێراق ئەگەری دیکەی ئاڵوزبوونی دۆخی عێراق و فشۆڵی و لەزۆکی ناوەندی بڕیاری سیاسی عێراق بووە. بۆیە پێناچێت تەنها بە دەست لەکار کێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی عادل عەبدولمەهدی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزران ببێتە ئەگەری چارەسەری دۆخی ناهەمواری ئەمڕۆی عێراق.




وڵاتەکە دەکەوێتە نێو بازنەی ململانی بەهێزی نێوان ئەمریکا و ئێران

دکتۆرە مەیادە نەجار ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی دۆخی ئێستای عێراق و دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدلمەدی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەگەر بەشێوەیەکی لۆژیکی تێرامانێک بەو ڕووداوە خێراو مەترسیدارانەی چەند ڕۆژی ڕابردووی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، هەڵوێستەیەک لەسەر دەستکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق و ڕەوتی خۆپیشاندانەکان و هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و زیادبوون و پەرەسەندنی بەردەوامی نارەزایەتیەکان بکەین نابێت بە تەنیا بەڕوالەت بەزمانێکی عاتیفی لەڕەوشەکە بڕوانین و دەربرین و شرۆڤەکردنێکی سادەمان بۆ ئەم قۆناغە هەستیارە هەبێت و تەنیا وەک خۆپیشاندان و کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی و نارەزایەتیەکی دیاریکراو تەماشای دۆخی بەغداو پاریزگاکانی باشووری بکەین، بگرە ئەو ڕووداوە خێرایانەی کە لە عێراق و ناوچەکەدا ڕوودەدات نارووندی و نادڵنیایەکی زۆر مەترسیداری بەدواوەیە تەنانەت ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆخی تەواوی وڵاتەکە و ئایندەی بەجێدەهلێت، چونکە ئەوەی کەڕوودەدات هیچ جۆرە ئاماژەیەکی دیار نییە نازانرێت ئەم شەپۆلی نارەزایەتیە بەرەوی کوێ و بەچ ئاقارێکدا دەڕوات، کەی کۆتایی پێدێت، تەنانەت داواکاری نارازاییەکان ڕوون نییە، ئیتر چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ،پێویستە ئەوە بزانین کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار و نادیار دەڕۆن، چونکە لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی حکومەت و لێکدابڕانی ڕەوشەکە لەڕووی سەقامگیری سیاسییەوە کە ئێستا ئاسۆیەکەی دەرکەوتووە بەڕوونی دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەم قۆناغەی لەدوای عەبدولمەدی دەست پێدەکات عێراقی بەرەو تونێلێکی تاریکی دارماو دەبات چونکە زیاتر وڵاتەکە دەکەوێتە نێو بازنەی ململانی بەهێزی نێوان ئەمریکا و ئێران ، تەنانەت ئەگەر لایەنەکان نەگەنە ڕێککەوتن بۆ دەستنیشانکردنی کاندیکێکی تەواوفوقی ئەوا زۆر ئاساییە عێراق بێتە گۆڕەپانێکی یەکلاکەرەوەی ململانێی هێزە هەرێمییەکان و هێزە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش بەمانای هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی دام و دەزگاو دامەزراوەکانی ئەم دەوڵەتە.

عێراق ولانێک بەرەو تونێلێکی داخراو

هەروەها دکتۆرە مەیادە دەڵێت: ئەگەر ئێمە زیاتر ووردبینەوە کاتێک ئەمریکا لە ساڵی 2003 حکومەتی ئەو کاتەی عێراقی ڕووخاند ئەمریکیەکان لەواقعی ڕەوشی عێراقی نەگەیشتبوون و بەتایبەتی لە پرسە هەستیارەکانی وەک نەتەوایەتی و تایفەگەری، ئەم تێروانینە هەڵەیە وایکرد عێراق ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی زۆر پرسی جیاواز و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەدوای 2003 و هەر لە کابینەی ئیبراهیم جەعفەری تادەگاتە نوری مالیکی و دواتریش حەیدەر عەبادی گەندەڵی زۆر بەربڵاوی دەرکەوت و لەلایەکی ترەوە تیرۆریش ئەوەندەی تر گرفتی بۆ عێراقیەکان دروستکرد، پرسی چەسپاندنی هەژمونی شیعەگەری لەسەردەمی دەسەڵاتی مالیکیدا بەشێوەیەکی زۆر بەهێز هاتەئاراوەو تیرۆریش زیاتر پەرەی سەند و گروپە تیرۆرستەکان توانیان بەشی هەرە زۆری عێراقیش داگیربکەن، ئەمە بێجگە لەوەی گەندەڵی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەپەرەسەندابوو لەکاتیکدا سالانە بودجەی عێراق دەگەیشتە سەد ملیار دۆلار، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەندەڵی زیاتر دەبوو بەشی هەرە زۆری پرۆژەکان پەکیان کەوت ئیتر قۆناغێکی زۆر نائارام ڕووی لە وڵات کرد بێکاری گەنجانی بێزارکرد، تەنانەت لەسەردەمی حەیدەر عەبادیشدا گەندەڵی زیاتر بڵاوبۆوە سەرەرای بەهەدەردانی سامانی وڵات و داهاتی بێشوومااری عێراق، ئەو هاوکارییە نێودەوڵەتیانەی کە کۆمەکی ئاوارەکان و جەنگی تیرۆریستی داعش و دواتریش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان تەرخانکرابوو لەناوبرا، عێراق بەمشێوەیە ڕۆژەکانی تێدەپەراند تا ئەوکاتەی عادل عەبدولمەهدی وەک سەرۆک وەزیران دەستنیشان کرا، عێراق چوارەد ساڵ بوو نوقمی گەندەڵی و بەرسێتی و بەهەدەردانی سامانی وڵات ساتەکاندا وەک سائیرون و فەتح بەجێیان هێشت و بگرە تەواوی کەموکوڕییەکانیان بەکابینەکەی عەبدولمەهدی بەستەوە، کەئەمەش نادیاری زیاتر دەخاتە بەردەم پێکهێنانی کابنیەی نوێ بگرە عێراق بەرەو ئاقارێکی زۆر



مەیادە نەجار:

پێویستە تەواوی هێزە کوردستانیەکان یەکبگرن و ڕێگەنەدەن کە لەم ڕەوشەدا هەرێمی کوردستان تووشی کێشە بێت

نادیار دەبات و وادەکات کەچیتر حکومەتێکی تەکنۆکرات دروست نابێت.

یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کورد لە کۆتاییدا دکتۆرە مەیادە ئاماژە بە یەک دەنگی و یەکهەڵوێستی کورد دەکات و دەڵێت:

لەم ڕەوشە مەترسیدارەدا یەکدەنگیی کورد لەهەموو کات زیاتر پێویستە، چونکە ئەگەر ئاوڕ لە هەندێ ئەزموون بدەینەوە، تەماشای میژوو بکەین هەمیشە نەبوونی یەکریزی هۆیەک بووە بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی قەیرانەکان ئەمڕۆ مالی شیعە لەبەرەیەک هەڵوەشاوە مەترسی جەنگی ناوخۆیی دەکرێت، ئەگەر کورد لەم کاتەدا یەکریز بێت ئەوا تارادەیەک دەکرێت بۆ قۆناغەکانی داهاتوو پاریزراوبین و بتوانین سەروەری هەرێمی کوردستان بپارێزین چونکە دوای هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە هەرێمی کوردستان بەتەنیا بووە ئامانجی سەرەکی هێرشە سیاسی و ڕاگەیاندنەکان و پرسیارێک ئاماژە پێدەکەن و زۆرجار شەقامی عێراقی دەخەنەژێر پرسیارێک بۆچی لەسەردەمی عەبدولمەهدی خۆپیشاندان کرا، لەکاتێکدا ماوەی سالێکی تەواونەکردووە، لەبەرامبەردا هەریەک لە ئەیاد عەلاوی سالێک زیاتر و نوری مالیکی هەشت ساڵ و عەبادی چوار ساڵ زیاتر، بەڵام خۆپیشاندەران و نارەزایەتیەکان تەنیا چانسێکی کەمیان بەعەبدولمەهدی نەدا لەکاتێکدا ئەم تەنیا سەرۆک وەزیرانی تەکنۆکرات بوو لەعێراقدا کە دەیتوانی تارادەیەک هەنگاوی باش بنێت بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە چونکە هیچ کام لە کوتلە گەورەکان پشتگیرییان نەکرد، زۆربەی کوتلە پەرلەمانیەکان لەدوا هەڵوێستی پێگەی عێراق لاوازە، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانێک لەبەر قسەی مەرجەعێکی ئایینی، پێگەی دەوڵێتێک وەک دامەزراوەیەکی سیاسی زیاتر لاواز دەکات، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زۆر سەخت دەبێت بڕوا بە هەر کابینەیەکی دیکەی حکومەت بکرێت، ئەمەش پێگەی عێراق لە نێو وڵاتانی جیهان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها، عادل عەبدولمەهدی پشتگیرییەکی زیاتری لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبوو ، بەوەی پەیوەندی لەگەڵ هەرێم باش بوو و هەوڵی باشترکردنیشی دەدا. ئەمەش سوودی بۆ عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبوو

کاریگەری نێو دەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

هاتنە سەر حکوومی عادل عەبدولمەهدی دوای دەستێوەردانی زۆری نێودەوڵەتی هات. ئەمەریکا و ئێران و بەشێک لە ئەوروپا، دەیانویست سەرۆک وەزیران لایەنگیر نەبێت چونکە دۆخی عێراقی بەرەو ئەو جەنگە دەبرد کە ڕەنگبوو لە ناوچەکە ڕووبدات. ئێستا کە عادل عەبدولمەهدی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، دووبارە هەوڵەکانی وڵاتان بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک کە بەرژەوەندیان بپارێزێت دەست پێدەکاتەوە. ئەو ململانێیە مەرج نییە هەمیشە وەک دەستنیشانکردنی عەبدولمەهدی بە زیانێکی کەم کۆتایی بێت، ئەگەر کەسی داهاتوو لایەنگری هەر لایەک بکات، دەستبەجێ دەکەوێتە بەرەی لایەک و لە لایەن لاکەی دیکە دژایەتیی دەکرێت. ئەمەش وا دەکات، دۆخی عێراق ناهەموار بێت و دڵنیایی لەبارەی داهاتووی نەبێت. ڕەنگە ئەمە کار بکاتە سەر دۆخی ئابووری عێراقیش، ئەگەرچی لەسەر ئاستی



هەرێم جەعفەر:

عادل عەبدولمەهدی پشتگیرییەکی زیاتری لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبوو، بەوەی پەیوەندی لەگەڵ هەرێم باش بوو و هەوڵی باشترکردنیشی دەدا

چونکە عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە لەو چوارچێوەیەش و بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، دەبێت مافی هەر هەرێم و دەسەڵاتێک جیاواز لە دەسەڵاتی ناوەندی بدات. ئەگەر کەسی داهاتوو هەوڵی پەرتەوازەکردنی کورد بدات، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبوو

چنار بەرزی

ترامپ و پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان لە سوریا

سوریا بە پێی زانیاریەکان سەبارەت بە سەرچاوە سروشتیەکان خاوەن 2.5 ملیار بەرمیل یەدگی نەوتە. کاتێ داعش لە ساڵی 2015 لە سوریا دەستی بەسەر ناوچە نەوتیەکانی ئەلعومەر لە دەیرئەلزورو دەروبەری گرتبوو، مانگانە 40 ملیۆن دۆلار داهاتی هەبوو، بەو شێوەیە توانی پێگەی دەوڵەتی ئیسلامی بە هێز بکات. لە تشرینی یەکەمی ساڵی 2017 بە هاوکاری هێزەکانی سوریای دیموکرات و هاوپەیمانان کێڵگەکانی ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی هیزە کوردیەکان.

ئەمڕۆ 70% کێڵگە نەوتیەکانی سوریای لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هەسەدەیە. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دۆنالد ترامپ، لە زۆربەی لێدوانە ڕۆژنامەوانیەکانی ئەم دواییانەی جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کەوا هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئەو مەبەستە گەڕاوەتەوە، کێڵگە نەوتیەکان بپارێزێت، بۆ ئەم مەبەستەش هیزێکی بچووکی لەو ناوچەیە جیگیر کردووە. ترامپ لە میانەی لوتکەی ناتۆ لە بەروارى 3/ 12/2019 جارێکی تر ئاماژەی بە پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان و کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی کرد، ئەم دوو بابەتەی بە دەستکەوت و سەرکەوتن بۆ حکومەتەکەی خۆی وێنا کردووە.

لێرەدا دەکرێت ئەوە بڵێین، کەوا ئەمریکا ئەگەر خاوەن نەوتی خۆشی بێت، ئەوا ترامپ وەکوو سەرکردەیەکی بازرگان هەوڵ دەدات داهاتی زیاتر بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر بکات، بۆیە سەبارەت بە نەوت لە سوریا ئاماژەی بەوە کردووە، کەوا بە فرۆشتنی ئەو نەوتە دەتوانرێت مانگانە نزیکەی 45 ملیۆن دۆلار دەسکەوتیان هەبێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کەوا مانەوەی ترامپ لە سوریا و هەوڵەکانی بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان بۆ ئەو فشارە زۆرە دەگەڕێتەوە، کە لە ناوخۆی ئەمریکا و لەلایەن هاوپەیمانانی حکومەتەکەی دژ بە کشانەوەی لە سوریا دروستبوو، کە پێیان وایە بە کشانەوەی هێزەکانیان ئەگەری لاوازبوونی پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکە زیاتر دەبێت.

سوریا لە ئێستادا ڕۆژانە 24000 بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت. بەرهەمهێنانی نەوت لە لایەن حکومەتی سوریا لە دوای ساڵی 2011 بە هۆکاری سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و جەنگی ناوخۆ و ناسەقامگیری بۆ نزیکەی 90% کەمی کردووە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لە سەر ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە. بەڵام سوریا لە ساڵی 2018 چەندین گرێبەستی لەگەڵ ڕوسیا واژووکردووە لە پێناو دووبارە نۆژەنکردنەوەی کێڵگەکانی نەوت و گازو کاراکردنیان.

دیارە ئەم هەنگاوە دەرفەتێک دەبێ بۆ بووژانەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەشار ئەسەد و بەهێزبوونی پێگەی ڕوسیا لە سوریا. و لە لایەکی تریش هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پاشەکشەپێکردنی ئێران لە سوریا دووچاری ئاستەنگ و سستی دەبێت.

ئەمریکا بە جارێدانی پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان لە سوریا مەبەستیە ئەو کێڵگانە نەکەونە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سوریا و ڕوسیا و ئێران، یان میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە تورکیا. ئەمریکا بە بوونی هێزەکانی لە ناوچەکە و بە هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی کوردی دەتوانێت ستراتیژی نەیارانی لە ناوچەکە پوچەڵ بکات. و بە هەبوونی هێزەکانی سوریای دیموکرات بە سەرکردایەتی کورد لە ناو ئەم هاوکێشەیە، ئەمریکا مەبەستیە کار بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی بکات و کورد ببێ بە فاکتەرێک دژ بە دەسەڵاتەکانی تورکیاو سوریاو ئێران لە ناوچەکە، بەڵام ئەگەر پێگەی کورد لەو ناوچانە بێ هێز و لاواز بێت، ئەوا قەیرانی نوێ بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروست دەبێت، دیارە ئیدارەی ئێستا لە ئەمریکا لاوازبوونی کوردی پێ باش نییە. بۆیە لە دیدی ئێمەوە ئەمریکا لە ناوچەکە دەبێتێت تاوەکو ئەو هاوکێشەیە و هاوسەنگی هێز لە سوریا بە سوودی نەیارانی ئەمریکا لە تەواو نەبێت.



49 ساڵەی هەوڵی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی

سەرۆک مسعود بارزانی:

دەتوانم بڵێم کاک (ئیدریس) وێنەیەکی پاک و بێگەردی (بارزانی) بوو، هەموو سیفاتی لەودا کۆ ببوونەوە



کاروان محەمەد سینۆ

ساڵی 1961کاتێک شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی بەرپا بوو، سەرەڕای بچووکی تەمەنی، بەڵام ئیدریس بارزانی لەو شۆڕشەدا وەکو پێشمەرگەو سەرکردەیەکی گەورەو بەتوانا لە نێو مەیدانی شۆڕشدا بووژایەوە و لێهاتووی و توانستەکانی کاک ئیدریس بارزانی لە بواری زانستی سەربازی و خەباتی پێشمەرگایەتی و دیپلۆماسیەت و ئیدارەدانی جەنگ و ئاشتی و خەبات، ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوون، تا ئەو ڕادەیەی کە بەلێهاتوویی خۆی، کاک ئیدریس بارزانی توانی جێگای خۆی لە نێو دڵ و متمانەی مەلا مستەفا بارزانیدا بکاتەوە. لەم ڕووەوە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی وەسفی کاک ئیدریس بارزانی دەکات و دەفەرموێ: «دەتوانم بڵێم کاک (ئیدریس) وێنەیەکی پاک و بێگەردی (بارزانی) بوو، هەموو سیفاتی لەودا کۆ ببوونەوە».

وەکو پێشمەرگەیەکی چالاک و لێهاتوو، بە شیان و توانستەکانی خۆی، هەرزوو ئیدریس بارزانی لە نێو شۆڕشی ئەیلوول و پارتی دیموکراتی کوردستانداپێشکەوت و ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەرکەکانی کاک ئیدریس زیاد و قورستر دەبوون. ساڵی 1961 لەبەر لێهاتووی کاک ئیدریس بارزانی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی متمانەی بە کاک ئیدریس بارزانی کرد و ئەرک و کار و چالاکییەکانی شۆڕشی ئەیلوولی پێ ڕاسپارد. دواتر لە ساڵی 1962 سەرۆک مسعود بارزانی لە (گەلی بێخمە) پەیوەندی بە بارەگای بارزانی کردو بووە پێشمەرگەی کوردستان و لە پاڵ کاک ئیدریس بارزانی هەردووکیان قۆڵی پێشمەرگایەتییان لێ هەڵمالێ و هەردووکیان وەکو پێشمەرگە، چالاکانە ئەرک و فەرمانەکانی جەنابی بارزانی و شۆڕش، بەوپەڕی بەرپرسێتییەوە ڕاپەڕان و ڕۆژ دوای ڕۆژ وەکو دووسەرکردەی لێهاتوو و شارەزا لە کاروباری شۆڕش و پێشمەرگایەتی و خەبات و دیپلۆماسیەت و دانوستان، هەردووکیان بوونە جێگای متمانەی بارزانی نەمر و هەر لە ژێر چاودێری بارزانی کار و چالاکییەکانی شۆڕشیان جێبەجێ دەکرد.

لە ڕۆژی 1ی کانوونی یەکەمی 1970 بۆ بەدواداچوون و تاوتۆکردنی زێرەڤانانی سنوور (حرس الحدود) لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول. ئیدریس بارزانی چووە بەغدا و چاوی کەوت بە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆماری ئەوسای عێراق و سەدام حوسێن کە ئەوکات جێگری سەرۆک کۆمار بوو. ئیدریس بارزانی لەم سەردانەیدا بۆ بەغدا ژمارەیەک سەرکردەی پێشمەرگەو ئەفسەری لەگەڵدابوو، بڕیاربوو ئەم سەردانەی کاک ئیدریس بارزانی سێ ڕۆژ بخایێنێت. بەڵام دواتر کاک ئیدریس نامەیەکی بۆ جەنابی بارزانی و سەرۆک مسعود بارزانی نارد و پێی ڕاگەیاندن کە (ئەحمەد بکاتەوە. لەو دەمەدا شێخ بابۆ مامی کاک مسعود و کاک ئیدریس لە سەردانێکدابوو لە مالی بارزانی نەمر لە حاجی ئۆمەران، شێخ بابۆ چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک ئیدریسی دەکرد بۆ ئەوەی لە حاجی ئۆمەرانەوە بەیەکەوە بگەڕێنەوە بارزان. لە 6ی کانوونی یەکەمی 1970 (کاک ئیدریس لە بەغدابوو)، شێخ بابۆ لە کاک مسعود ئەگەر زیاتر دەمێنێتەوە، ئەوا من بەتەنیا دەگەڕێمەوە بارزان". بۆ جێبەجێ کردنی خواستی شێخ بابۆ، سەرۆک مسعود بارزانی بە تەڵەفۆن قسەی لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی کرد بۆ ئەوەی کاتی گەڕانەوەی بزانێت، بەڵام هێلّی پەیوەندی کردنی تەلەفۆن لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ بەغدا کز و لاواز بوو و سەرۆک مسعود بارزانی نەیتوانی کاتی گەڕانەوەی کاک ئیدریس بزانێت. بۆیە سەرۆک مسعود بارزانی بۆ دەستکەوتنی کاتی گەڕانەوەی کاک ئیدریس، پەیوەندی بە (شێخ ڕەزا گولانی) کرد بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەوکاتی هەولێر، و پێی گوت: "هەوڵبدە تەلەفۆن لەگەڵ کاک ئیدریس بکەو پێی بڵێ مام بەپەلەیە بگەڕێتەوە بارزان، ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەگەڕێتەوە ئەوە باشە، ئەگەرنا مام دەگەڕێتەوە بارزان". لێرەدا بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر (شێخ ڕەزا گولانی) وا تێگەیشت کە کاک مسعود زۆر بەپێویستی دەزانێ کە کاک ئیدریس هەر ئێستا بگەڕێتەوە، و هەر ئەمەی بە کاک ئیدریس بارزانی ڕاگەیان. لەو کاتەدا، ئۆتۆمبێلەکەی لە جۆری مارسیدس کە (ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی عێراق) پێشکەشی بە کاک ئیدریس کردبوو، نێردرابووە میکانیکی بۆ چاککردنەوەی هەندێک کەموکوڕی. بۆیە کاک ئیدریس چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی نەکرد و هەرزوو ئۆتۆمبێلێکی کرێ گرد و دەمودەست گەڕایەوە هەولێر بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ. ئێوارەی هەمان ڕۆژ 6ی کانوونی یەکەمی 1970 ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکە لە میکانیکی گەڕایەوە و بڕیاربوو کە ڕۆژی پاشترە کاک ئیدریس و حەمید بووە ئەگەری ئەوەی حەمید بەرواری و محەمەد عەزیز لە بەغدا بمێننەوە. بۆیە لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ کە کاک ئیدریس بارزانی بەغدای بەجێهێشت 6ی کانوونی یەکەم 1970 حەمید بەرواری و محەمەد عەزیز ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریسیان وەرگرەتەوە و پێی دەرچوون بۆ نانخواردنی ئێوارە. لە هەمان کاتدا هەندێک خۆفرۆش بە هاوکاری (نازم گزار) بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی عێراق پیلانی تیرۆر کردنی کاک ئیدریس بارزانییان ئامادە کردبوو، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا (البارزانی و الحرکە التحرریە الکوردیە) بەدوور نازانێ کە هەندێک بەرپرسی بالای ئەوکاتی عێراق دەستیان هەبووە لەم پیلانەدا.

بەم شێوەیە جێبەجێکارانی پیلانی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی لە بەغدا، لەچەند شوێنێکی دیارکراو بۆسەیان بۆ ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریسیان نایەوە، بەخەیاڵی ئەوەی کە کاک ئیدریس بارزانی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدایە. لە کاتژمێر 10:00ی شەو ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریسیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و پێیان وابوو کە حەمید بەرواری، ئیدریس بارزانییە لەبەر ئەوەی هەردووکیان هەندێک لەیەکتر دەچوون، لە ئەنجامی گوللە بارانەکە، ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئیدریس بارزانی زیاتر لە 50 گوللەی بەرکەوت و حەمید بەرواری بەسەختی بریندار بوو، بەڵام محەمەد عەزیز و حەسەن کاوانی کە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوری هەردووکیان بێ زیان بوون و زیرەکانە حەسەن کاوانی توانی ئۆتۆمبێلەکە بەناو بۆسەکەدا لێخوڕێ تاکو لە بۆسەکە دوورکەوتنەوە.

هەڵبەت ئەم هەوڵەی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی گرنگی و پایە و پێگەی کاک ئیدریس بارزانی دەخاتەڕوو لە نێو بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد، دوژمنان و داگیرکەران دڵنیابوون لەوەی کە بە تیرۆرکردنی کاک ئیدریس بارزانی یاخود کاک مسعود بارزانی یاخود جەنابی مەلامستەفا بارزانی ئیتر دۆزی کورد و شۆڕشی ئەیلوول لەناو دەچێت. بەڵام لێهاتووی و خەبات و شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری و کۆڵنەدانی ئەم سێ سەرکردە میژوویانەی میللەتەکەمان بووە مایەی ئەوەی کە ڕژێمی عێراق لە میانەی ڕێکەوتنی 11ی ئازاری 1970 دان بە مافی گەلی کورد بنێ وەکو شەریکێکی دەستووری لە خاکی عێراق و ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لەسایەی خەبات و تێکۆشانی بنەماڵەی بارزانی قەوارەیەکی سیاسی کاریگەرو دانپێنراوە لە نێو پرۆسەی سیاسی و دەستووری ئەمڕۆی عێراقدا.



مرتەزا حەدیسی، حەمەد شەهاب، ئیدریس بارزانی، ئەحمەد حەسەن بەکر / بەغدا - 1970
لە ئەرشیفی/ کاروان محەمەد سینو

راستەکرن
د روژنامـا خەبـات دا یـا ژمـارە ٥٨٧٧ ل ٢٠١٩/١١/٢٥ لاپـەڕێ ١١ ڕێڤەبەریـا گشـتی یـا بازێرڤانیـا ل پارێزگەهـا دهۆکـێ یـا ژمـارە ٢٧/٣٠٠/١/١ ل ٢٠١٩/١١/٢٤ بشاشـیڤە کریـە ٢٧/٣٠٠/١/١ خەلەتـە یـا دروسـت ٣٧/٣٠٠/١/١ بوزانیـن.
***
محكمة استئناف بصفتها الاصلية
العدد: ١٦٠/س/٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/١٢/٤
اعلان
الى/ المستانف عليه (المدعى عليه) على
عمر رمضان/ مجهول محل الاقامة
بالنظر للدعـوى المرقمـة ١٦٠/س/٢٠١٩ المقامـة ضـدك امـام هـذه المحكمـة مـن المسـتأنف (المدعـى) (سـالم احمـد سـيف الديـن) بمشـغولية ذمتـك لـه مبلغـا قـدره (١٦,٤٠٠ $ دولار) سـتة عشـر الـف و اربعمائـة دولار و الـذى يعـادل (٢٠,٥٠٠,٠٠٠) عشـرون مليـون و خمسـمائة الـف دينـار لقيامـه بتزويـدك بمـادة الحصـى و الرمـل و المجهوليـة محـل اقامتـك حسـب اشـعار مختـار محلـة (تاشـى جەمـى) قـررت المحكمـة تبليغـك نشـرا بالاعـلان فـى صحيفتيـن محليتيـن يوميتيـن اسـتنادا للـمادة ٢١ مـن قانـون المرافعـات المدنيـة للحضـور امـام هـذه المحكمـة السـاعة ٩:٠٠ التاسـعة صباحـا يـوم ٢٠١٩/١٢/١١ للمرافعـة وفـى حالـة عـدم حضـورك او ارسـال مـن ينـوب عنـك سـتجرى المرافعـة علنـا وفـق القانـون.
الرئيس/ ستار صوفى حامد
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:١٦٠٨/ش/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو (حارث مؤید عبدالکریم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لـە داوای ژمـارە (١٦٠٨/ش/٢٠١٩/٤) بریاریـدا لەسـەر (نفقـة) لەنێـوان تـۆ و داواکار (رشـاد عبدالحمیـد عبدالکریـم) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری قـەزای فلـوج بۆیـە دادگا بریـاری بـە پێراگەیاندنـت لەڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی مافـی پێدراچوونـەوەت هەیـە لەمـاوەی یاسـایی (١٠) دە ڕۆژ لـە ڕۆژی بڵاوکردنـەوەی ئـەم جاردانـە بـە بەپێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبـڕ وەردەگرێـت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٤٧٣٦/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (صبحه حاجی محمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامـاژە بـەداوای ژمـارە (٤٧٣٦/ش/٢٠١٩/٣) تایبـەت بـەداواکار (یاسـین محمـد مولـود) و داوالێکـراو (صبحـه حاجـی محمـد) دادگا لـه بـەروارى ٢٠١٩/١١/١٨ بریاریـدا بـه (پەسـندکردنی تەڵاقـی دەرەکـی لـه نێـوان تـۆ و داواکارەدا) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری (هەولێـر/ گونـدی قەتـەوی) بۆیـە دادگا بریاریـدا بەپێراگەیاندنـت بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ڕۆژانـە و، تـۆ مافـی ناڕەزایـی و پێدراچوونـەوت هەیـە لـە مـاوەی یاسـایی (١٠) دە ڕۆژ لـە ڕۆژی بڵاوکردنـەوەی ئـەم جاردانـەوە، بـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبـڕ وەردەگرێـت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١
بەپێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (عبدالصبـور احمـد رشـید) لـە بـەروارى ٢٠١٩/١١/٢٨ کـە داوای تۆمارکردنـی ناميزەکانـی کـردووە دەگڕێتـەوە بـۆ خـۆی وئێسـتا دانـدراوە لـە (پ، دارەتـوو) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە، بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەک پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا، واتـە ڕۆژێـک دوای بڵاوکردنەوەکـە، وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازییـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار، بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و لێدانـت هەیـە لـە بریارەکـە لـە ڕێگـای نارازیبـوون و پێداچوونـەوە لـە مـاوەی یاسـاییدا کـە (٣ مانگـە لـە ڕۆژی بڵاوبونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە) بـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبـڕی وەردەگرێـت.
دادوەر/ معتصم امین لیلانی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٩٢٣/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
جاردان
بۆ داوالێکراو (میدیا محمد یاور)
ئامـاژە بـە داواى ژمـارە (٥٩٢٣/ش/٢٠١٩/٣) کـە تایبـەت بـە داواکار (مصطفـى اسـماعيل حقـى) وە داوالێکـراو (میدیـا محمـد یـاور) کـە جـۆرى داواى (پەسـندکردنى تەڵاقانـەى دەرەکـى – تصديـق طـلاق خارجـى) یـە لەبـەر ئـەوەى شـوێنى دانیشـتنت نادیـارە، بەپێـى ئیشـعارى موختـارى گەرەکـى (راسـتى- هەولێـر) دادگا بریـارى دا لەڕێگـاى دوو ڕۆژنامـەى ناوخۆیـى ئاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبونـت بەپێچەوانـەوە دادبینـى دەرهەقـت بەپاشـمله ئەنجـام دەدرێـت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوە
مرۆییەکان
ژمارە: ٣٠٥٤/٥٤/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
بۆ/ بەڕێز (کەنار محمد اسماعیل)
بەناونیشانی (ئەندازیار) لەبەشی سەرچاوەکانی ئاو لە کۆلێژەکەمان ئاگادارکردنەوە (اخطار)
دوابـەدواى نووسراومـان ژمـارە ٣٠٢٠/٥٤/٧ لـە ٢٠١٩/١٢/٢ تایبـەت بـە نەهاتنـت لەڕێکەوتـى ٢٠١٩/١١/٥ وە دەسـت بەکارنەبوونـەوت لـە کارەکـەت تاوەکـو ئێسـتا بۆیـە داواکارىـن بەگەرانـەوەت بـۆ سـەر کارەکـەت لـە مـاوەى ٧ ڕۆژ ئەگـەر لـە نـاوەوەى هەرێـم بیـت وە ٣٠ ڕۆژ ئەگـەر لـە دەرەوەى هەرێـم بیـت بەپێچەوانـەوە دەسـت بـەردار دادەنرێـت لەکارەکـەت بەپێـى برگـەى ٢ لەیاسـاى ڕاژەى شارسـتانى ژمـارە (٢٤) سـاڵى (١٩٦٠) ڕاسـتکراو کۆتایـى بەڕاژەکـەت دەهێنرێـت.
پ.د.نژاد احمد حسێن
ڕاگر
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣٢٥
ڕێکەوت: ٤ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگەداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٢٥)
پارێـزگای هەولێـر/ بەڕێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتییەکان / کـەم کردنـەوەی نهێنـی ڕادەگەیەنێـت بـۆ پـرۆژەی (کرینـی نەوتـی سـپی و گواسـتنەوەی بـۆ قوتابخانەکانـی سـنوری بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی پـەروەردەی هەولێـر) کـە (بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی پـەروەردەی هەولێـر) پێـی هەڵدەسـتێت. جـا هـەر بەڵێنـدەر و کۆمپانیایـەک ئـارەزووی بەشـدارىوونى هەیـە بـا سـەر لەبەڕێوەبەرایەتـی ژمێریارییـان بـدەن بەمەبەسـتی وەرگرتنـی وێنەیـەک لەتەنـدەر و مەرجەکانـی بەڵێندەرایەتـی پـڕۆژەی سـەرەوە بەمەرجێـک وەرگرتنـی ئـەو تەندەرانـە دەبـێ لەنـاو زەرفێکـی مۆرکـراو دابـێ و وە ناونیشـانی بەڵێنـدەر یـا کۆمپانیـا لەسـەر نـووسراو بێـت و پێشـکەش بەسـکرتێری لیژنـەی کردنـەوەی تەنـدەرەکان لەدیوانـی پارێـزگای هەولێـر / کارگێـڕی خۆجـێ یەتـی بکـرێ وە دوا کاتیـش بـۆ وەرگرتنـەوەی تەنـدەرەکان کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەڕۆ ڕۆژی (پێنـج شـەممە) ڕێکەوتـی ١٩ / ١٢ / ٢٠١٩ دەبێـت.
وە مـەرج نییـە فەرمانگەکەمـان بەنزمتریـن نرخـی تەنـدەر ڕازی بێـت، وە کرێـی بڵاوکردنـەوەی ڕاگەیاندنـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە کـەم کردنـەوەی لەسـەر دەگیرسـێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیـا یـان نوسـینگە تۆمارکـراو بێـت مۆڵەتـی گواسـتنەوەی بەرهەمـە نەوتیەکانـی هەبێـت و نـوێ کـراوە بێـت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بارمتـەی سـەرەتایی بەبـڕی ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجـا ملیـۆن دینـار بەشـێوەی (خطـاب ضـمان) یـان چەکـی پەسـندکراو لـە یەکێـک لـە بانکەکانـی هەرێـم.
- دەبێـت ناسـنامەی کۆمپانیـا یـان نوسـینگە لەگـەڵ خـۆی بێنێـت بەنـاوی خـۆی بێـت ئەگـەر بەنـاوی خـۆی نەبێـت دەبێـت نـووسراوی ڕێپێـدان لەلایـەن کۆمپانیـا بێنێـت.
- فرۆشـتنی تەنـدەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار کـە ناگەڕێتـەوە بـۆی.
ئەندازیار/ طاهر عبدالله عشان
ل. پارێزگاری هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک
ژمارە / ٢٠١٤/١٥٣٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٤
ڕاگەهاندن
بریـار هاتـە دان ب فروتنـا مولکـێ ژمـارە (١٩/١) کەرتـێ (٨٠/دهـوك الشرقیـه) کـو دکەڤیتـە (دهـۆك) وتومـار کریـە بناڤـێ قـەردار (محمـد طاهـر عبداللـه محمـد) وهاتیـە دەستەسـەرکرن لدیـڤ داخـزا قـەردە (مـصرف جیهـان) بکوژمـێ (٤٢١١٢٥٠٠) چـل ودوو ملیـون وسـەد ودوازدە هـزار وپێنـج سـەد دینـار هـەر کەسـێ بڤێـت بکریـت سـەردانا ڕێڤەبەریـا مـە بکـەت دمـاوێ (٣٠) سـیە ڕوژادە کـو دەسـت پـێ دکـەت ژ ڕوژا پشـتی ڕاگەهاندنـێ وتەمینـاتێن یاسـایی دگـەل خـودا بینیـت بڕێـژا (١٠ ٪) ژ کوژمـێ خەملانـدی کـو دیتـە (٧٢٠٠٠٠٠٠)حەفتـێ ودوو ملیـون دینـار دگـەل ڕەگەزنامـا عیراقـی بـو زانیـن ڕە سـمێ تومارکرنـێ ودەلایـەت لسـەر بکـری یـە
سـالوخەت : جـە وژمـارە دهـۆك مولکـێ ژمـارە (١٩/١) کەرتـێ(٨٠/دهـوك الشرقیـه) جـور پێـک هاتیـە ژ خانیـێ ئاکنجیبوونـێ سـنور وسـالوخەت پێـک دهێنـت ژ ژۆرەکا پێشـوازیێ وهـۆل داخلـی و (٤/چار)ژۆرێـت نفسـتنێ ولێنانگـەە وپێـک هاتیـن سـاخلەمیێ دکەڤیتـە سـەر شـارعەکێ فەرعـی (١٠م) واجیهـە غـەرب ڕوبـەر (١٩٥,٩٥) م٢ کوژمـێ خەملانـدی (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتـێ ودوو ملیـون دینـار
هلات عبدالکریم محمد / جێ بەجێ کاری داد
***
دادگەها بەرایی دهوک
ژمارە/١٣٩٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٤
جاردان
بۆ/داوالێکـری (گلسـتان علـی مصطفـی) جهـێ ئاکنجیـێ نەدیـارە قـێ دادگـەهـی ددداوایـا ژمـارە ١٣٩٤/ب/٢٠١٩ ڕێکەفتـی ٢٠١٩/١١/٢٧ بریـاردا ب تەملیککرنـا داواکارێ صبیحـە فتحـی عمـر خانـو بـەرێ ژمـارە ١٦/٣٨ کەرتـێ ٨٤ بەروشـکی (ئـەرد وئاڤاهـی) بەرامبـەر کوژمـێ وەرگرتـی (٨٠٠٠٠) هەشـتێ هـەزار دینـار وئاگەهدارکرنـا ڕێڤەبەریـا خانوبـەرا لدهوکـێ ب تومارکرنـا خانوبـەرێ پشـتی بریـار پـلا ڤەبـر وەرگریـت وبهایـێ وێ (٧٠٠٠٠٠٠٠) حەفتـێ ملیـون دینـار بـو وەرگرتنـا ردسـم وباجـا وداناتـە مەزاختنێـن داوایـێ ومانـدی بوونـا پاریـزەران بـۆ بریـکارێ جـاواکاری پاریـزەر هەڤـال وهـاب رشـید کوژمـی پـارە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیـون دینـار وژبـەر جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەدیـارە ل دیـف نقیسـارا بنگەهـێ پولیسـێن تلکیـف یـا ژمـارە (٤٨١١) ڕێکەفتـی ٢٠١٩/١٢/٤ وڤـەژارا هەڵبژێـری تاخـێ اشـور ل ڕێکەفتـی ٢٠١٩/١٢/٤ ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا تـو بهێنیـە ئاگەهدارکـرن بریـارا ڤـێ دادگەهـێ بڕێـکا دوو ڕۆژنامێـن نافخویـی لدویـف مـادێ (٢١) ژ یاسـایا دادبینیـا شارسـتانی وتـە مافـێ نەرازیبوونـی وپیدآچوونـی هەیـە دمـاوی یاسـایی دا بەروڤـاژی دی بریـار پـلا ڤەبـر وەرگریـت ل دیـف یاسـایی
دادوەر / ریبوار محمد حسن
***
دادگەها بەرایی دهوک
ژمارە/ ٢٧٦/ب/٢٠١٠
٢/داناا دەستەسەریێ /٢٠١٠
ڕێکەفت/٢٠١٩/١٢/٤
ڕاگەهاندن
لدویـف بریـارا دەرگەفتـی ژ دادگەهـا بەراهیـا دهۆکـێ یـا ژمـارە ٢٧٦/ب/٢٠١٠ ڕێکەفتـی ٢٠١٠/١١/٢١ یـا پێـک هاتـی ژ نەهێلانـا هەڤپشـکیێ ل سـەر خانووبـەرێ ژمـارە(٤/٥) کەرتـێ ٨٠ دهـوکا ڕوژ هـەلات لدویـف سـالۆخەتێن ل خـوارێ دیارکـری ئـەڤ دادگەهـە سـێ بـارە ل سـەر ئێـک زێدەکرنـا ئاشـکرا رادگەهینیـت بـۆ مـاوێ پانـزدێ ل دەمژمێـر ڕۆژا پشـتی دویاهیـک بەلاڤکرنـێ وهـەر کەسـێ حـەزا کرینـێ هەبیـت سـەردانا ڤـێ دادگەهـێ بکـەت ل ڕۆژا پانـزدێ ل دەمژمێـر (١٢) نیڤـرو ودگـەل دا هەبیـت دلنیایـا یاسـایی ب ڕێـژا ١٠٪ ژ بهایـێ(٣٢٠٠٠٠٠٠٠) سـی سـەدو بیسـت ملیـون دینارێـت ئیراقـی ئەگـەر نـە هەڤپشـک بیـت بـو زانیـن دانـا مەزاختیـا وکریـا ڕێخوشـکەری ل سـەر بکریـە وئەگـەر ڕۆژا دویاهیـێ کەفتـە بێهنڤەدانـێ دێ ژڤانـێ سـەر ئێـک زێدەکرنـێ بیتـە ڕۆژا ئێکـێ یـا کاری سـالۆخەت : خانووبـەرێ ژمـارە(٤/٥ کەرتـێ ٨٠ دهـوکا ڕوژهـەلات) ڕۆبـەرێ وێ (٣١٣,٥٣) م٢ پارچـە زەڤـی پیـک هاتیـە ژ (ستوینین ئاسنی وبـان توتیانە)لـە شـوینیکی بازرگانیـە لـە تاخـی زووزان نیزیـک ئەڤانیـن هشـک ل سـەر جـادا سـەرەکی ئـەوا دجیـت بـو بەروشـکی وبـەری وی لسـەر دوو جـادا باکـور لسـەر جـادا (٨)م وباشـوور ل سـەر جـادا (٢٠)م وخزمـەت گـوزاری یێـت هەیـن ل دەڤـەرێ وەك ئـاف وکارەب جـادە
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
***
دادگەها بەرایی دهوک
ژمارە/ ٦٩٦/ب/٢٠١٤
٦/داناا دەستەسەریێ /٢٠١٤
ڕێکەفت/٢٠١٩/١١/١٩
ڕاگەهاندن
لدویـف بریـارا دەرگەفتـی ژ دادگەهـا بەراهیـا دهۆکـێ یـا ژمـارە ٦٩٦/ب/٢٠١٤ ڕێکەفتـی ٢٠١٤/١١/٢ یـا پێـک هاتـی ژ نەهێلانـا هەڤپشـکیێ ل سـەر خانووبـەرێ ژمـارە(١٨/١٤) کەرتـێ ٨١ دهـوکا باکـور لدویـف سـالۆخەتێن ل خـوارێ دیارکـری ئـەڤ دادگەهـە سـێ بـارە ل سـەر ئێـک زێدەکرنـا ئاشـکرا رادگەهینیـت بـۆ مـاوێ پانـزدێ ل دەمژمێـر (١٢) نیڤـرو ودگـەل دا هەبیـت دلنیایـا یاسـایی ب ڕێـژا ١٠٪ ژ بهایـێ(٣٢٠٠٠٠٠٠٠) سـی سـەدو بیسـت ملیـون دینارێـت ئیراقـی ئەگـەر نـە هەڤپشـک بیـت بـو زانیـن دانـا مەزاختیـا وکریـا ڕێخوشـکەری ل سـەر بکریـە وئەگـەر ڕۆژا دویاهیـێ کەفتـە بێهنڤەدانـێ دێ ژڤانـێ سـەر ئێـک زێدەکرنـێ بیتـە ڕۆژا ئێکـێ یـا کاری سـالۆخەت : خانووبـەرێ ژمـارە(٤/٥ کەرتـێ ٨١ دهـوکا باکـور) ڕۆبـەرێ وێ (١٩٢)م٢ خانیـەکێ ڕۆژهـەلاتی ل سـەر خانووبـەری یـێ ئاڤاکریـە ودکەڤیتـە تاخـێ شـەهیدا وبـەرێ وی یـێ باکـورە دکەڤیتـە سـەر شـەقامێ (١٠) م وخانـی پێـک دهێـت ژ دوور ژۆرێـن نڤسـتنێ وهـول وپیشـوازی ودکـەل پێداویسـتیا وخزمـەت گـوزاری یێـت هەیـن ل دەڤـەرێ وەك ئـاف وکارەب جـادە
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
***
دادگای باری کەسێتی کەلار
ژمارە : ١٠٢٤/ ش / ٢٠١٩
بەروار : ٢٠/ ١١ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ داوالەسەرکراو : (مها عبدالواحد محمود)
سـوزان عثـمان رضـا - کـە ئێسـتا شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە .
داواکار : (محمـد محمـود محـی الدیـن) داوای ژمـارە سـەرەوە لەسـەرت تۆمارکـردووە لـەم دادگایـە وە تیایـدا داوای پەسـەندکردنی تەڵاقـی دەرەکـی کـردووە (تصدیـق طـلاق خارجـی) وە بریـار دەرچـووە بـە پاشـەملە دەرهـەق بـە تـۆ بـە پەسـەندکردنی تەڵاقـی دەرەکـی ڕۆژی (٢٠١٩/٩/١٦) لەبـەرواری (٢٠١٩/١١/٢٠) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت نادیـارە بـە پێـی اشـعاری ئەنجومەنـی گەرەکـی کـەلار بنگـرد بۆیـە ئـەم داگایـە بریـاری دا بـە ئاگادارکردنـەوەت بـە بریـاری دادگا لـە دوو ڕۆژنامـەی ناوخـۆ بـە ئـەو بریـارە پاشـملەییە بۆیـە مافـی تانەگرتـن اعـتراض وە پێداچونـەوەت هەیـە لەمـاوەی یاسـاییدا بـە پـێ چەوانـەوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت .
دادوەر / سیروان محمود الزهاوی
***
سەرۆکاتیا باژێرڤانییا خانکی
املاك
ژمارە: ٤٧٥
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١١/٢٤
ئاگەهداری
لدویـف نقیسـارا ڕێڤەبەریـا یـا باژێرڤانییـن پارێزگەهـا دهۆکـێ/ نەخشـێن بنیاتـی ژمـارە (١٠٤٠٧) ٢٠١٩/١١/١٩ و نقیسـارا ڕێڤەبەریـا نەخشـە داناـا ئاڤەدانـی پارێزگەهـا دهۆکـێ یـی ژمـارا (٣٠٤٥) ل ٢٠١٩/١١/١٩ سـەبارەت ڕاستڤەکرنا پارچـە ئـەردی یـا ژمـارە (٥٣٧٧/١) کەرتـێ (١٨) زنییـات کـو ملکیەتـا وێ لسـەر ناڤـێ (سـەرۆکاتیا باژێرڤانیـا خانکـێ) و گشـت ڕووبـەرێ وێ لدویـڤ وینـێ تومارێ (٤ ئولـک و ٥٦,١٠م٢) وڕەگـەزێ وێ (Space area) لدویـڤ نەخشـێ ژمـارە (B280) هنـدەك ڕووبـەری دی دهێتـە ڕاستڤەکرن و یەکگرتـن دگـەل هـەردوو پارچێـن ئـەردی یـی ژمارین وان (٥٣٦٨/١ – ٥٣٧٦/١) کەرتـێ (١٨) زنییـات ژ بـۆ ریکخسـتنا شـیوەی بلوکـێ ئەڤجـا ئـەڤ نەخشـە ڕوهنکـری دی دهێتـە ڕاگەهانـدن و هەرکەسـی پیشـنیارەك هەبیـت یـان بەرهنـکاری یـەك لسـەر وێ نەخشـە ڕاسـتڤەکری هەبیـت دا نەخشـە دیارکـری دا ژ هاوەلاتـی و فەرمانگەهێـن میـری و جهیـن پەیوەندیـدار بـلا داخوازێـن خـو ناراسـتەی سـەرۆکاتیا باژێرڤانـی یـا مـە بکـەن د مـاوێ (٣٠) ڕۆژا بەلاڤکرنـا ڤـێ ئاگەهـداری د ڕۆژنامیـدا و بـەری نەخشـە بهێتـە پەسـندکرن ژ لایـی جڤاتـا باژێرڤانیـا مـە ڤـە هیڤیـە.
ئەندازیار/ حمود غربی حسن
سەرۆکێ باژێرڤانیا خانکێ
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠١٩/١٤٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
ئاگاداری
بۆ قەرزار (سامی اسماعیل رسول)
شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێتان و نیشـتەنی هەمیشـەیی یـا کاتـی هەڵبژێردراوتـان نییـە بـۆ پـێ ڕاگەیاندنتـان لەبـەر ئـەوەی بەپێـی مـادەی (٢٧) ی یاسـای جێبەجێکردنـی بریـار درا لـە ڕێـگای ڕۆژنامەیەکـی ناوخـۆ ئـاگادار بکرێنـەوە بەبریـاری گلدانـەوەی جێبەجێکردنـی (الحجـز التنفیـذی) لەسـەر سـامانی گـوزاراوە (لـە خـوارەوە ناماژەی پێکـراوە) لەبـەر ئـەوەی پێویسـتە لەسـەرتان ئامادەبـن لەبـەردەم ئـەم بەڕێوەبەرایەتیـە لـە مـاوەی (٣) سـێ ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای بڵاوبونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـۆ دانـەوەی بـری پـارەی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیـۆن دینـار بـۆ خـاوەن قـەرز (عثـمان علـی حسـن) بەپێچەوانـەوە ئـەم بەڕێوەبەرایەتیـە هەڵدەسـتێت بەفرۆشـتنی ئۆتۆمبێلـی ناماژە پـێ کـراو بەپـێ یاسـا.
- ئۆتۆمبێلـی ژمـارە (٣٦١٩٥٧) هەولێـر – تایبـەت جـۆری BYD مۆدێـل ٢٠١٤ ڕەنگـی سـپی.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٥٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (الوارکیله) بۆ بازرگانی گشتی و دابەشکردن و گەیاندنی نیرگیله و توتنی خۆشاو و پێداویستیەکانی/سنوردار)
پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بریـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (الوارکیلـە) بـۆ بازرگانـی گشـتی و دابەشـکردن و گەیاندنـی نیرگیلـە و توتنـی خۆشـاو و پێداویسـتیەکانی/سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/١١/٣٠) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (نجـاة اسـماعیل صالـح) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو، مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەكەینـەوە كـە كۆمپانیـای (عیـن التكامـل) بـۆ بازرگانـی گشـتی و پێداویسـتی پزیشـكی و ئامێـری پزیشـكی/ سـنوردار) بریـاری گۆرینـی (نـاوی)ی كۆمپانیـای داوە لـە كۆمپانیـای (عیـن التكامـل) بـۆ كۆمپانیـای (LAUSANNE)، بۆیـە هـەر كەسـێك نارەزایـی یـان مافێكـی لەسـەر كۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی كۆمپانیاكانـی هەولێـر بكاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرماركێتی ماجسـتی) بـۆ یەكلایكردنـەوەی كێشـەكان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر


ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (الوارکیلە) بۆ بازرگانی گشتی و دابەشکردن و گەیاندنی نیرگیلە و توتنی خۆشاو و پێداویستیەکانی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

سەلاح نیساری: ئەو کەسەی کە بۆ منداڵ دەنووسێ دەبێ تەواو خاوەنی ڕۆحی منداڵ بێت

دیمانە: ڕۆستەم خامۆش

بۆ گرنگیدان بە ئەدەبیاتی منداڵان و ئاوردانەوە لە کەسایەتییەکانی ئەو بوارە ?بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ بەڕێز سەلاح نیساریی شاعیرو نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان ئەنجام بدەین. "سەلاح نیساری" لە ساڵی 1965ی زایینی لە گوندی (قالوێ ڕەسوڵ ئاغا)ی سەر بە شاری بۆکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دایکبووە، خاوەنی چەندین کتێبی چاپکراوە، کە حەوت کتێبیان بۆ منداڵانن.



*** لەکەیەوە دەستتکردووە بە نووسین بۆ منداڵان، یان ئەو هۆکارە چی بوو، کەوای لێکردی بۆ منداڵان بنووسی، یاخود کاریگەرییەک هەبوو؟**

– بەڵێ، نزیکەی 30ساڵە خۆم لە دنیای منداڵاندا تاقیکردووەتەوە و بە شیعر و چیرۆک خزمەت بە ئەدەبیاتی منداڵان دەکەم. ئەوەی کە هۆکار چی بوو، دەبێ بڵێم: هەر لە سەردەمی لاوێمەوە حەزم دەکرد وەک مامۆستای قوتابخانە لە خزمەت منداڵاندا ببم و بە تایبەت بە زمانی خۆم کە زمانی کوردییە، لە قوتابخانەکاندا وانەبێژم. بەڵام هیچ کە ئەو ئاواتەم نەهاتەدی، منیش و منداڵانی پێش من و دوای منیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیزنی ئەوەیان پێنەدرا لە قوتابخانە بە زمانی دایک بخوێنن و بە فارسی دەرسمان خوێند. من لەو ڕۆژەوە بۆ یەکەم جار پێمنایە قوتابخانە و لەگەڵ زمانی فارسی ئاشنابووم هەستم کرد شتێکم لێزەوت دەکەن ئەو شتەش زمانەکەمە. ئیتر ئەوە بۆ من بوو بە گرفتانەیەک و ئەو گرفتانەیەش لە دەروونمدا بووە پەنگر و ورده ورده هەناوی دەسوتاندم. ئیتر هەرئەوە وای لێکردم لەلایەکی دیکەوە خزمەت بە زمانەکەم بکەم و لەو خولیایەم دوور نەکەومەوە.

*** ئەو کەسانەی، کە بۆ منداڵان دەنووسن، پێویستە شارەزاییان لە چیدا هەبێ، بۆ ئەوەی پەیامەکانیان بە ڕاست و دروستی بگاتە منداڵان؟**

– من باوەڕم وایە ئەو کەسەی کە بۆ منداڵ دەنووسێ دەبێ تەواو خاوەنی ڕۆحی منداڵانەبێت. چیژ لە منداڵیی خۆی وەربگرێت. وەک منداڵ بیربکاتەوە و وەک منداڵ یاری بکات. خولیا و حەزەکانی منداڵانە بێت. ئەو کاتەی دەنووسێ وەک گەورە بیرنەکاتەوە و ئەو منداڵەبێت، کە لە کاتی کایە و یاری کردنا لەگەڵ هاوڕێکانی بەشەڕ دێت و خێراش ئاشت دەبێتەوە. پەیامی منداڵانەی بۆ منداڵ پێببێت. لە دنیایەکی بێخەوشدا بژی. نووسەری دنیای منداڵان وەختێ درۆی لەگەڵ خۆی کردووە. دنیا منداڵان دنیای ئاشتی و ئاوەدانییە. ئەوەش کە دەفەرموی شارەزاییان لە چیدا هەبێ؛ شاعیر و نووسەری منداڵان بە ڕای من دەبێ شارەزاییان لە فۆلکلۆر و حەقایەتی دایە پیرەکان و یارییەکانی سەر دەمی منداڵیی و خەون و ئارەزووی منداڵانەدا هەبێ.

*** تا ئێستا چەند کتێب و نامیلکەی تایبەت بە منداڵانت چاپکردووە؟**

– تا ئێستا وەک کتێب، حەوت بەرهەمم پێشکەش بە منداڵان کردووە، کە بریتین لە:
(خاڵخاڵۆکە) شیعر بۆمنداڵان، چاپەمەنی مانگ لە بانە ساڵی 2015
(شەکرەستۆ) شیعر بۆ منداڵان، لە بۆکان، زانکۆ ساڵی 2016
(سمۆرە کلکی زەردە) چیرۆک بۆمنداڵان
(بۆقە شین) چیرۆک بۆ منداڵان، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم لە هەولێر ساڵی 2008
(بزەی پەپوولە) چیرۆک بۆ منداڵان، خانەی سمۆرە لە سلێمانی ساڵی 2013
(بزەی چرۆ) چیرۆک بۆ منداڵان، چاپەمەنی مانگ لە بانە ساڵی 2015
(سەیدەوان) چیرۆک بۆ منداڵان، زانکۆ ساڵی 2015
ئەوانە حەوت کتێبن، لە باشوور و ڕۆژهەڵات پێشکەش بە دیوەخانی منداڵانم کردوون. بێجگە لەو بەرهەمانەش بە دەیان شیعر و چیرۆکم لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوەکی ئەم دیو و ئەو دیودا بڵاوکردوونەتەوە.

*** شیعر و چیرۆک، کامیان زیاتر کاریگەریی لەسەر منداڵان هەیە، یان منداڵان کامیان پێخۆشترە، یاخود بە گشتی ئەدەب سوودی چیە بۆ منداڵ؟**

– ئەدەبیات لەسەر مرۆڤ کاریگەریی زۆرە و بەتایبەت لەسەر منداڵ، یان مێرمنداڵ. مرۆڤ هەر بە منداڵی و مێرمنداڵی هۆگری بە شیعر و حەقایەت، یان بڵێین چیرۆک پەیدا دەکات. وەختێ داپیرە و باپیرە بە تایبەت لە ڕابردوودا شەوانە بە دەوری یەکتردا کۆدەبوونەوە و حەقایەت و چیرۆکیان بۆ منداڵان دەگێڕایەوە، منداڵ تامەزرۆ دەبوون و وەختێکیش تەمەن بەرەو مێر منداڵی و گەنجی هەڵدەکشا، حەز و خولیای بیستن زۆرتر دەبوو هەر ئەوەش وای دەکرد مێرمنداڵ خۆی وەک چیرۆک بێژ بێتە مەیدان و لە خۆیەوە حەقایەت بڵێ و چیرۆک بگێڕێتەوە و یان ئەو چیرۆکانەی، کە بۆیان گێڕاوەتەوە ئەویش بۆ منداڵان و خەڵکی دیکەی بگێڕێتەوە.

لە شیعریشدا لە سەرەتاوە بە باوەڕی من شیعر کاریگەریی زۆرترە؛ منداڵ بەر لەوەی بچێتە قوتابخانە وریاتر و چاوکراوەتر دێتە نێو دنیای منداڵانەوە. بە تایبەت ئەگەر لە منداڵ یان لە باخچەی ساوایان ڕاهێنەران کاریان لەگەڵ کردبێت و شیعریان بۆ خوێندبێتەوە. ئەوانە بۆ منداڵانی تەمەنی خوارتر، بەڵام بۆ منداڵانی پۆلی سەرەتایی و بەرەو ژوورتر چیرۆک کاریگەریی زۆرتری لەسەر منداڵ دەبێت. ئەو کاریگەریەش لە مێرمنداڵی و لاویدا تۆختر دەبێتەوە و هەر ئەوەش وادەکات، کە بێتە هەوێن. مێرمنداڵ، یان لاو لەبەرئەوە خۆی تاقی بکاتەوە و دەست بۆ قەڵەم ببات و شیعر و چیرۆک بنووسێ و بۆ هاوڕێکانی بخوێنێتەوە. کەوابوو هەردوو ژانرەکە سوودی تایبەتیان هەیە.

*** ڕەوشی ئێستای ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە، یان وەک پێویست گرنگاری منداڵان بوونی هەیە؟**

– ئەگەر بڵێم هەیە نییە! ئەگەر بڵێم نییە هەیە! بەڵام بەڕلەوەی بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە دەبێ بڵێم تۆ وەختێ دانەوێڵەت هەبێ و نەمامت هەبێ و زەویت نەبێ بیچێنی و بینێژی چ سوودێک دەبینی؟ ئەوە وایە. لێرە ئینزی خوێندن بە زمانی کوردی نییە. ئەوەی ئێمەش دەیکەین زۆرە ملییە. ناشکرێ دەست لەسەر داست دانێین. دەبێ کار بکەین ئەگەر منداڵ هەر لە سەرەتاوە بە زمانی خۆی بخوێنێت باشتر گەشە دەکات و چاکتر لە دەرس و خوێندن و هەموو بابەتەکانی فێرگە و قوتابخانە حاڵی دەبێ و تێدەگات. جاران تاک و تەرا نامیلکە بۆ منداڵان دەردەچوون. ئێستاش لە مەهاباد (کانی) دەردەچێت. چوار ساڵ لەوەوپێش خۆم لە ناواخنی حەوتەنامەی (ژوانگە)دا لە سنە لاپەڕەیەکم بۆ منداڵان بە ناوی (گوڵبژە) بڵاوەکردەوە. بەڵام لەباریان برد. لە بانەش (شۆخ و شەنگ) هەبوو وەک بزانم لە سەقزیش (هەتاو) بڵاوەبۆوە. ئێستا لە بۆکان گۆڤاری هەڵاڵە دەردەچێت، دوو لاپەڕەم وەرگرتوە و ئەگەر جوانەمەرگ نەبێت هەوڵیدەدەم هەر نەبێ لەو دوولاپەڕەدا ئاوڕ لە ئەدەبیاتی منداڵان بدەینەوە و شیعر و چیرۆکیان بۆ بڵاو بکەینەوە.

*** ڕەوشی ئێستای ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە، یان وەک پێویست گرنگاری منداڵان بوونی هەیە؟**

– ڕەنگە هیدیکەش هەبێ و من ئاگادار نەبم.

*** ئاوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا چەند گرنگییان بە چاپکردنی کتێب و نامیلکەی تایبەت بە منداڵان داوە؟**

– لە شارە کوردیەکان وەک چاپەمەنی کار بۆ ئەدەبی منداڵان کراوە. من ئەوە بە خزمەتێکی باش دەزانم. ئەو کەسانەی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان دەنووسن لە ڕۆژهەڵات کەم نین کەسی باشمان هەیە. لە بۆکان کەسانێکی وەک کاک ئەمین گەردیگلانی و خاڵند ئەحمەدی و قادر عەلیخا وسەید تاهیر حوسێنی و هیدیکەشمان هەن باش دەنووسن. لە سەقز کاک عەبدوولڕەحمان فەهیمی و لە سنە سیمین چایچی و شیلان گەیلان. لە مەهاباد نەسرین جەعفەری هەن.

*** ئەدەبی منداڵانی کورد، بەراورد بە ئەدەبی منداڵانی گەلانی دیکە، لە چ ئاستێکە و چۆنی دەبینێ؟**

– پێموایە دەبێ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەتان جارێکی دیکە بگەڕێمەوە بۆ وڵامەکانی پێشووتان؛ ئەگەر ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی لێرە خوێندن و کۆڕ و کۆبوونەوە و کار و باری وێژەییمان وەک باشوور ئازاد بوایە ڕەنگە زۆرترین فێستیڤاڵ و مەهراسیمی جوانمان تایبەت بە ئەدەبی منداڵان هەبووایە. هەرچەندە تاک و تەرا ئەو کارە لە ڕۆژهەڵات کراوە بەڵام ئەوە نەبووە ئێمەی شاعیر و نووسەر و منداڵان ڕازی بکات و تینوویەتیمان بشکێنێت. بەو حاڵەشەوە ئەدەبی منداڵان لە لای ئێمەش لەچاو ئەدەبی گەلان لە دووا نیە. ئێمە کەلتووریکی دەوڵەمەندمان هەیە، میللەتێکی زۆرین و دیرۆکمان دەوڵەمەندە، دایە پیرەکانمان بە هەزاران چیرۆکیان لە سنگدا هەیە و دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری هەر نەنووسراوەتەوە. ئاسۆی ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەورەکانمان بە گشتی ڕوونا‌کە. دایک و بابی ئێمە سەردڕای ئەوەی، کە لە دێر زەمانەوە دەسەلاتەکان ڕێگای خوێندن و نووسینیان بە زمانی خۆمان لێ گرتوون و هەوڵیانداوە لە فەرهەنگ و کەلەپووری خۆمان دوور بکەوینەوە بەو حاڵەشەوە ئەو دایک و بابانە ناسنامە و وێژە و داب و نەریت و جل و بەرگی خۆیان پاراستووە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ نەیفەوتێنین.

*** پێویستە شاعیر و نووسەران لە شیعر و چیرۆکدا، زیاتر باسی چی بکەن بۆ منداڵان، یان چی زۆر گرنگە، وە بابەت و ناوەڕۆک چۆن بن باشترە؟**

– من لێرەدا پێمباشە ئەو پرسیارەی بەڕێزت دابەش بکەم بەسەر دوو خاڵدا و بەم شێوەیە وەڵام بدەمەوە. خاڵی یەکەم: شیعر و چیرۆک نووسین بۆ منداڵان، لەگەڵ شیعر و چیرۆکی منداڵان جیاوازییان هەیە. شیعر و چیرۆکی منداڵان؛ ئەگەر مێتک بەو تەمەنەوە وەک خۆم بیربکەمەوە و بۆ منداڵ بوونسم ئەوە نابێتە شیعری منداڵان و چیرۆکی منداڵ. هەر وەک لە دێڕێکی باسەکەدا چەند بابەتێکم شی کردەوە وەختێ من وەک باوک کە بۆ منداڵان دەنووسم، ئەگەر وەک منداڵ بیرم کردەوە ڕەنگە نووسراوەکەم شیعر یان چیرۆک منداڵانە بێت؛ منداڵانە مەبەستم ئەوەیە کە منداڵ پێی ڕازی بێت و حەزی پێببکات. خاڵی دووەەم: ئەگەر نووسراوەکەم لە ڕۆحی منداڵان دوور بوو ئەوە منداڵ لێی بێزار دەبێت. ژان ژاک ڕۆسۆ دەڵێ: منداڵ وەختێ سەیری ئاسمان دەکات و چاو بە پەڵە هەورەکاندا دەگێڕێت لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەوان وەک ورچ و بەراز و وشتر و قەڵەمون دەبینێت. لە دنیای بیر کردنەوەی ئەودا ئەوان گیاندارن و ئەیاندوێنێت و یارییان لەگەڵدا دەکات. نووسراوی منداڵان دەبێ جوولەی تێدا بێت پڕبێ لە دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ. تەنانەت ئەگەر باس لە ڕمۆزن و شتە خەیاڵییەکانیش دەکەین ناشێ بە دڕندە نیشانیان بدەین. منداڵ وەختێ گەورەبوو ئەوسا دەچێتە نێو دنیای ڕاستەقینەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر بۆمنداڵ دەنووسین دەبێ وەک منداڵ بنووسین.

*** وەکو دەزانین لایەنی (پەروەردە و دەروونزانیی) زۆر گرنگن بۆ ئەوانەی، کە بۆ منداڵان دەنووسن و پێویستە شارەزا بن، بەڵام بە ڕای بەڕێزت، هەموو ئەو کەسانەی، کە بۆ منداڵان دەنووسن، ئەو دوو لایەنەیان لە بەر چاو گرتوون لە کاتی نووسین بۆ منداڵان؟**

– ڕەنگە هەموو نووسەر و شاعیرێک لەو بووارەدا پسپۆڕ نەبێ؛ بەڵام ئەوەی لەسەر بابەتی منداڵان کار دەکات دەبێ لە پەروەردە و دەروونزانیی ورد بێتەوە و گرینگی پێببدات. دەکرێ ئامانجەکان زۆرجار ڕاستەوخۆ نەبن بە ئێما و ئیشارەت بیاندرکێنین. ئەگەر ئێمە ڕاستەوخۆ منداڵ ئامۆژگاری بکەین لەوانەیە لە گوێی نەگرێت، بەڵام ئەگەر بە ئامانج بوو منداڵ باشتری وەربگرێت. مێشکی منداڵ سێدیەیەکی خاوە، چی لەسەر تۆمار بکەی ئەوە وەردەگرێت. بەبێ ئامانجکردن ئێمە گەورەکان هەڵس و کەوت و ئاکارمان بۆ منداڵەکەمان پەروەردەیە؛ درۆی لەگەڵدا بکەین فێری درۆ دەبێ. تۆند و تیژ بین ئەویش چاو لە ئێمە دەکات، کورد گوتەنی: گەورە ئاوەڕێژێت، بچووک پێی ڕێدەخات.

*** لە دوا وتەتدا چیت هەیە بۆ شاعیر و نووسەرانی بواری منداڵان، یان بۆ دایکان و باوکان، یاخود بۆ منداڵان بە گشتی چیان پێدەڵێی؟**

– من حەزناکەم ئەوکەسانەی دەنگی من دەبیستن، یان ئەو وەڵام و قسانەی من دەخوێنەوە، وەک ئامۆژگاری لێم وەربگرن، بەڵام تۆخوا با نووسین بۆ منداڵان نەبێتە چاوڵێکەری! بووار بۆ نووسین زۆرە. شاعیر و نووسەری دنیای منداڵان دەبێ پیرێکی منداڵ بێت، پیرێکی خاوەن ئەزموون. نووسەر دەبێ باوەڕی بە نووسینەکانی هەبێت. بەرهەمی نووسەر وەک جگەرگۆشەی نووسەر یان شاعیر وایە. شاعیر یان نووسەر ئاوێنەیە؛ ئەو جوانییەکان و دزێوییەکان وەک خۆی دەبینێت. چ بۆ منداڵ بنووسێت یان بۆ گەورەکان، دەبێ ڕووڕاست بێت. ئەرکی دایک و باوک تەنیا ئەوە نییە، کە منداڵەکەی برسیی بێ و تێری بکات. دەبێ ئێمەی دایک و باوک مێشکی منداڵەکەمان تێر بکەین، فێری بکەین بە ئازادی بژی. فێری بکەین دەستەمۆ نەبێ، منداڵ ئەگەر فێری دەستەمۆبوون بوو، وەختێ گەورەیش بوو دۆڕاو دەبێ.

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

پەشی شەشم



جەمال گردەسۆری
دەربارەی لاوکەکان

حەسەن حەیران شارەزاییەکی زۆر باشی دەربارەی وتنی لاوک هەبووە، بەڵام ئەو لە حەزی تۆمار کردن نەبووە لەبەر ئەوەی نەیویستووە وەک لاوکبێژو حەیرانبێژ بناسرێت، ئەوانەی کە وتوبەتی لەپێناو خۆشەویستی براوەرە خۆشەویستەکانی بووە، بە نمونە بەشێک لە لاوکی دەروێشی عەبدی و چەتۆ و فەرعۆ و غەزاڵ غەزاڵ، عەلۆکە شێخانی، ئەمان گوریێ، حەسۆ، نازێ نازێ، سوارۆ، زەینەب خان، میر موحەممەدی وتوە، هەر بۆیەش ئەوانەی تەواوی نەکردووە بە پێویستم نەزانی بە ناتەواوی بینووسم ئەوانەی بە تەواو وتیەتی دەڵێ وایێ، سمایڵۆ، مێوان مێوان، گوریێ.

دەربارەی دەڵێ وایێ

بە کورتی ئەم لاوکە گوزارشت لە قارەمانێتی سێ پێشمەرگەی شەهیدی کوردستانی دەشتی هەولێر دەکات کە چۆن قارەمانانە بە وردیەکی پۆڵایینی بەرەنگاری دوژمن بوونەتەوە، نەبەردو ئازاو چاو نەترس بوونەو سەنگەری دوژمنیان چۆل نەکردووە تاوەکو خوێنی گەش و پیرۆزیان بەخشیوە لە پێناو خاکی کوردستان، لەم لاوکە ڕاستیەکان دەخاتە ڕوو شەهیدەکانیش عەلی حوسێن ناسراو بە عەلی تەکتریژف لەسەر شەقامی کەرکووک شەهید بوو، حەمید مەولود لە چیای هەیبەت سوڵتان کە دوژمن هێرشی یەک لە دوا یەکی بۆ هێنان و ئابلوقە درابوون لەوێ شەهید بوو، ڕۆستەم لە گیلەی ڕەش شەهید کرا.

-1-

دەڵێ وایێ
دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
دیسان من گۆ برا
شەرەکێ گەلە گران کەتە ڕێگاکا کەرکووکێ
وێ برا من گۆ بە هورەو بەردە
قالەکێ گەلە گران
بەرێ نیوە ڕۆیێ
کەتە ڕێگاکا کەرکووکێ
وا بە خودێ من بەهورەو بەردە
ئەورۆ بابێ نازم
بە سێ دەنگان دەکرد گازی عەگیدان
گورگێ بەرخان کلێ چاوێ میڕان
دەست هەرینانەکێ بکەن
بەرێ سبەینێ دێ ڕابن
سەنگەر لێدەن
سەعات لە یازدەی ڕۆژێ
بەرازێ لە بابێ بەراز
لەمە ڕابوو
کەتەریدا دیسان کاکێ من عەلی
بەسێ دەنگان دەکرد گازی
گەلی کە کۆژان گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ میڕان
دەست هەرینانەکێ بکەن
مەعلومە ئەوە خائینی کورد
چ گاوێ گەلێ عەگیدان
دیسانێ پلینگێ شاخان
چاوێ چۆپە نوقاندن
چاوێ ڕاستە دانا سەر تفەنگێ خۆ داگرتن
ئەو وەلێ سەلیێ ڕەشاشێ بڕنۆیێ
ئاگر لەسەرێ وێ سەبابێ بەردا
دەوجا دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
حەیفە لەپاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ
لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکایێ لە دنیایێ

* * *

دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
کاکێ من فارس دەبێ حەکیم و وایێ لوقمان و وایێ
کەتمە تۆزێ بێ تۆزێ
بە ژنێ بابێ نازم کەلکەکە ڕیحانێ شینە لە دنیایێ
گەرتو برینێ کاکێ من عەلی سارێژ بکەی ڕووناکایێ لە دنیایێ

* * *

دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
دیسان من گۆ برا
شەرەکێ گەلە گران کەتە ڕێگاکا کەرکووکێ
وێ برا من گۆ بە هورەو بەردە
قالەکێ گەلە گران
بەرێ نیوە ڕۆیێ
کەتە ڕێگاکا کەرکووکێ
وا بە خودێ من بەهورەو بەردە
ئەورۆ بابێ نازم
بە سێ دەنگان دەکرد گازی عەگیدان
گورگێ بەرخان کلێ چاوێ میڕان
دەست هەرینانەکێ بکەن
بەرێ سبەینێ دێ ڕابن
سەنگەر لێدەن
سەعات لە یازدەی ڕۆژێ
بەرازێ لە بابێ بەراز
لەمە ڕابوو
کەتەریدا دیسان کاکێ من عەلی
بەسێ دەنگان دەکرد گازی
گەلی کە کۆژان گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ میڕان
دەست هەرینانەکێ بکەن
مەعلومە ئەوە خائینی کورد
چ گاوێ گەلێ عەگیدان
دیسانێ پلینگێ شاخان
چاوێ چۆپە نوقاندن
چاوێ ڕاستە دانا سەر تفەنگێ خۆ داگرتن
ئەو وەلێ سەلیێ ڕەشاشێ بڕنۆیێ
ئاگر لەسەرێ وێ سەبابێ بەردا
دەوجا دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
حەیفە لەپاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ
لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکایێ لە دنیایێ

* * *

دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
کاکێ من فارس دەبێ حەکیم و وایێ لوقمان و وایێ
کەتمە تۆزێ بێ تۆزێ
بە ژنێ بابێ نازم کەلکەکە ڕیحانێ شینە لە دنیایێ
گەرتو برینێ کاکێ من عەلی سارێژ بکەی




بخوازە لە مالێ وێ دنیایێ
حەکیم و دبێ سوندەکا دەخۆم
بە قورئانێ
بە قەسەمێ
بە شێخی مار لەبەغدایێ
برینێ کاکێ من عەلی گەلە قورە
بە چ تەبیب و حەکیم و لوقمانێ دنیایێ
بنی نایێ
ئەوجە کاکێ من عەلی چاوێ خۆ برند کرد
دوو چاوەکە خەما باراندینە
دەبێ حەیفێ کوشتنێ خۆ دانیمە
حەیفێ من دەمینێ
عەلەمێ کوردستانێ نەدی
بە چاوێ خۆ بلقیبینە
دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
حەیفە لەپاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ
لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکایێ لە دنیایێ

* * *

دەڵێ وایـێ، دەڵێ وایـێ، دەڵـێ وایـێ، دەڵـێ وایێ
کاکێ من فارس دەبێ حەکیم و وایێ لوقمان و وایێ
برا من دیسان گۆ
شەرەکێ گەلە گران
کەتە سەرێ چیایێ هەیبەت سوڵتانێ
هاوینە بە خودێ یەک ڕەوەزە

دوور ما دوور عەردی پانە تڤەنگێ
دەستێ حەمیدێ قارەمان
قوتەیەوەیێ
بە خودای ئەلەملە
خەنجەرێ بەڕپشتێ حەمیدێ قارەمان نیرۆیە
سێ پشیک گەلان زێرە
ساف دەبانە
بەرێ سبێ لەسەرێ مەیدانێ
بە سێ دەنگان گاز دەکرد
گەلی کەو کۆژان
گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ میڕان
دەست هەلینانەکی بکەن
مەعلومە ئەورۆ ڕۆژێ میڕانە
ئێوە نزانن هات سەرەما
دوو لیوا عەسکەرێ سەلامێ
جگە دوو لیوا فرسانە
دەست هەلینانەکێ بکەن
چ گاوی
چاوی چۆپە نوقاندن
چاوی ڕاستە دانی سەر تفەنگێ
خو بە عەیانە ئەولێ گولان
لە سینگێ بەعسیێ گرتن
پتکە پتکە خینێ
بە سێ ڕێژە
لەسەر شانە ڕەکیزی
ڕەشاشە بلند لەسەر قەرنجێ وان دانان بوو
مەخزەن ڕەشاشا بەسلیە ئاگردانە
دیسان گەرا دارێ هاوینە
لەشکرێ میرێ یەخستن بەر مەیدانە
ئەوجە حەمیدێ دبێ برا لە حەیفە کوشتنێ خۆ دانیمە
حەیفێ من دەمینێ
گۆمی برینێ شەهیدێ کوردستانێ
ژمرا گەلەک قورن
خین لێزانە
دەڵێ وایێ
حەیفە لەپاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ
لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکایێ لە دنیایێ
حەیفە لە پاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/5 ژمارە (5886)
خەبات



سوقرات... لە نێوان مەنفاو مردندا کامیان هەڵدەبژێرێ



حەیدەر عەبدولڕەحمان

نیگارکێشی فەرەنسی ناسراو(جاک لوی دافید (1748_1845کە بەپێشەنگی هونەری قوتابخانەی کلاسیکی دەژمێردرێت لەفەرەنسا ،لەخانەوادەی چینێکی مام ناوەندی لەدایک بووە، کاتێ سالی 1748باوکیان کوشت، ئەو ناچار بوو روو بکاتە مالی مامی و لەوێ بژی،کاتێکیش تەمەنی گەیشتە شانزە سالی لەئەکادیمیای پادشایی دەستی بەخوێندنی هونەریی کرد، لەبەر ئەوەش (جاک) لەبنەماڵەی هونەرمەندی گەورە (بوشیە) نزیک بوو، هەوڵی دا سوود لەهونەرەکەی وەربگرێت و بۆ ماوەیەک لای ئەو مایەوە، بۆ فێربوونی هونەریی نیگار کێشی.

لەسالی 1774خەڵاتی رۆمای لەداهێنانەکانیدا بەدەست هێنا ، بەڵام تینوویەتی جاک بۆ هونەر هەر تەنها لەفەرەنسا نەشکا ، بۆیە بڕیاریدا بچێتە ئیتاڵیا بۆ ئەوەی سوود لەشارستانیەت و هونەری ئیتاڵیا وەربگرێ، لەوێ کەوتە ژێر کاریگەری هونەری کلاسیکی و شاکارەکانی هونەرمەندی گەورەی سەدەی حەڤدەهەم (نیکولا بۆسان) ئیدی لە ژێر ئەو کاریگەرییە بۆماوەی شەش ساڵان لەئیتاڵیا مایەوە، کە گەڕایەوە پاریس دەستی کرد بەپیادە کردنی شێوازی کلاسیکی لەنیگارەکانیدا، لەهونەرەکەشیدا هەمیشە پشتگیری لەشۆڕشی فەرەنسا دەکرد، بۆیە بەنیگارکێشی شۆرش ناوزەد کرا.

لەموزەخانەی لۆڤەر لەپاریس دانراوە .

تابلۆکە سەربوردەیەکی رۆمانی دەگێڕێتەوە لەمێژوودا، کەتێیدا گوزارشت لە هەستێکی نەتەوەیی دەکات، تێیدا ئەو باوکە نیشان دەدات کەپیرۆزبایی لەکوڕەکانی دەکات بەبۆنەی سەرکەوتنیان لەجەنگ دا .

لە تابلۆکەدا (جاک) توانیویەتی ئەوهەستە نیشتمانیە بەرجەستە بکات و بینەر بە ئاسانی هەستی باوکەکەو کوڕەکانی بۆفیداکاری لەپێناو نیشتماندا لە چوارچیوەیەکی هونەری بالآدا بخوێنێتەوەو درک بەقوڵی هونەری گەورەی نیگارکێش بکات لەتۆمار کردنی ئەو دیمەنە بەدەست و خامەیەکی کارامەو فانتازیایێکی قوڵ، خۆ بەناوبانگەکانی جاک لوی دافید، کە تێیدا باس لەدوا ساتەکانی مالئاوایی فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی سوقرات دەکات (جاک) ئەم تابلۆ میژوویییەی لەو کاتەدا کێشا کە لەپۆپەی ناوداریەتی و کەف و کۆڵی هونەری دابوو، ئەوکاتە هونەرمەند بەکۆمەڵێ کەسایەتی ناوداری بواری فەلسەفەو سیاسەت و هونەر و زانا دانا دەور درابوو، لەوانەی کە پێشەنگی شۆڕی گەشانەوە بوون لە فرەنسادا، لەوانەش شیرنیر، لافایێت، لافوازیە، کە هەوڵی چاکسازیی سیاسی رادیکالیان دەدا لەفەرەنسای پاشایەتیدا.

لەو کاتەداو لەسالی 1787 جاک تابلۆی (مردنی سوقرات) ی بەپایان گەیاند، سەرچاوەی بیرۆکەی تابلۆکە لەچیرۆکێکی میژوویی سەری هەڵداوە، کاتێ حاکمی ئەسینا فرمانی مردن یان نەفی کردن بەسەر سوقراتدا دەسەپێنێ وەک سزایەک بۆ ئەو بیرو بۆچوونانەی بلاوی دەکردنەوە دەربارەی نەفرەت کردن لەخواوەندەکان و یاخی بوون لێیان .

بەڵام سوقرات بەرامبەر بە بژاردەی مردن و مەنفا، بۆ ڕێز گرتن لە بیرو باوەڕەکانی و هەڵوێستی راستگۆیانەی مردن هەڵدەبژێرێ و لەنێو هەموو قوتابیەکانی کاسێک ژەهر دەخواتەوە.

بەمەش سوقرات بوو بەمنوونەیەکی هەرە زیندوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ قوربانی دان لەپێناو بیرو باوەڕدا .

لە تابلۆکەدا سوقرات زۆر بەهێز دەدرەدەکەوێت، دەرو بەریشی بە تیشک روناک بۆتەوە وەک هێمایەک بۆ نەمری، کەچی نیگەرانی و خەم و پەژارەیەکی زۆر لەنێو قوتابیەکانیدا دەردەکەوێت، لەرێگەی ئەو روونا کی پەخشە (دافید) توانیویەتی بەهێمای مردن لە پێناو بیرو باوەڕدا جوانیەک بەمردن ببەخشێت.

ئەوەت سوقرات دیارە کە چۆن تا ئەو کاتەی کاسەکە بەرەو دەمیشی دەبات بەردەوامە لە قسەکردن لەگەڵ قوتابیەکانی، وەک ئەوەی مردن شتێکی زۆر ئاسایی بێت بەرامبەر بەهەڵوێست و بیروباوەڕ، کەچی ترسو نیگەرانی لەدیمەنی قوتابیەکاندا دەردەکەوێت کە چۆن لەترسی ئەو مردنە ترسناکە ڕووی خۆیان وەردەچەرخێنن نەیبینن .

هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن لەو لەحزەیەی خۆ کوشتنی سوقرات زۆر لە قوتابیەکانی لێی دەپارێنەوە کە ئەو کارە نەکات و ڕوو لە مەنفا بکات، بەڵام سوقرات دەست لەو بڕیارەی خۆی هەڵناگرێ، لەگۆشەیەکی تابلۆکەدا هاوسەری سوقرات دەبیندرێت، کە بەندیخانە جێ دێڵێ، کەچی قوتابیەکانی نەیانتوانیووە لە دەورو بەری سەرینەکەی دابڕێن.

ئەو هونەرمەندانەی هاوچاخی دافید بوون لەفەرەنسا دەڵێن: دافید ویستوویەتی لە ڕێگەی سوقراتەوە گوزارشت لەڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی دەسەڵاتی پاشایەتی بکات لە فەرەنسا بۆ پێداچوونەوە بەسیاسەتی خۆی و ئەو ژمارە زۆرە بەندییانەی لەسەر بیرو باوەڕ زیندانی کرابوون یا خود دوور خرابوونەوە .

دافید ـ پێش ئەوەی تابلۆی سوقرات بکێشێ، پرسوڕای بەگەلێک فەیلەسوف و شارەزای میژووی یۆنان کردووە و چەندین سەرچاوەی میژوویی لەم بارەیەوە خوێندۆتەوە، لەوانەی کە باس لە دادگایی کردنەکەی سوقرات دەکەن لەسالی 399ی پ.لە دایک بوون، ئێنجا توانیوویەتی هەموو ئەو ڕوداوە گەورانە کەدواتر لەمێژوودا بوون بە فەلسەفەیەکی نەمر بۆ قوربانیدان لەپێناو بیرو باوەڕدا لەتابلۆیەکدا بەرجەستە بکات کە نرخ و بەهای ئەو هەڵوێستە گەورەیە بەشێوەیەک بەرجەست بکات کە لە نرخ و بەهای هەڵوێستەکە کەمتر نەکاتەوە ئەگەر گەورەتری نەکردبێت .

ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات



ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس یان ڕۆمی ڕۆژهەڵات، ئیمپڕاتۆریەتی گەورە، بەهێز و یەکێک لە هێزەکانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، کە لە سالی 324 زایینی ڕ 1453 زایینی بەسەر بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقیا و ئەوروپا دەسەڵاتیان دەگێڕا. ئەو ئیمپڕاتۆریەتە لەلایەن تۆدۆسی یەکەم بۆ کارئاسانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم، کردیە دوو بەش، ڕۆمی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوە. ڕۆمی ڕۆژهەڵات بەدەستی ئارکادیوس کوڕە گەورەکەی و نیوەی ڕۆژئاوای دایە دەست هونوریوس کوڕە کچکەکەی. ئەو ئیمپڕاتۆریەتە لەسەردەمی "یوستی نیانوس" یان ژوستی نینی یەکەم بەوپەڕی خۆی گەیشت. ئەو توانی ئیتاڵیا لەدەستی ئۆستروگۆتەکان دەربهێنێ و نیدالەکان لە ئەفریقیا بڕوخێنێ و لە چەند شەڕێکدا بە یارمەتی بلیساریوسی سەرداری ڕۆم، سوپای ئەنوشیروان بشکێنێ. لەسەردەمی ژوستینینی یەکەم بوو، کلێسای ئایاسۆفیای دروست کرد. ئەو ئیمپڕاتۆریەتە وەکو ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی زەبرێکی گەورەی لەلایەن عەرەبەکانەوە پێکەوت و بەشێکی زۆری دەسەڵاتی خۆی لەدەستدا. ئەو ئیمپڕاتۆریەتە لەسەردەمی هێرشی سەلجوقییەکان ڕوخێنراو بەشێویەک کە ئالکسیوس یەکەم ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات بوو، کە داوای یارمەتی لە پاپا ئۆربانی دووەم کرد و شەڕەکانی خاچپەرستی دژ بە موسڵمانان داگیرساند. لە کۆتایی، لە سالی 1453 لەلایەن محەمەدی دووەم سوڵتانی عوسمانی لە دوای داگیرکردنی قوستەنتینیە لەنێوچوو. دواین ئیمپڕاتۆریەتی ئەو کونستانتینی یازدەیەم بوو.

بەشی یەکەم

هۆکارەکانی دابەشبوونی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم

تۆدۆسی یەکەم بۆ ئەوەی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم بهێنێ، بڕیاریدا، ئیمپڕاتۆریەت بە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەش بکات.

هێرشی هۆزەکانی ژێرمەن

زۆرترین کێشەی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم، هێرشی هۆزەکانی ژێرمەن بوو. ئەو هۆزانە بە هێرشەکانی خۆیان زیانی زۆریان لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمدا، کە هۆکاری سەرەکی ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژئاوا بوو.

گەورەیی و پەرتوبڵاوی ئیمپڕاتۆریەت

یەکێک لە کێشەکانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم، گەورەیی ئەو بوو. سنووری ئیمپڕاتۆریەت لە شام و میسر تا فرانسە، بەریتانیا و باکوری ئەفریقیا بوو. سنووریکی وەها بەرفراوان نەدەکرا لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوە ببرێت و بەردەوام دەکەوتە بەر هێرشی وڵاتانی دراوسێ، هۆزەکانی ژێرمەن، تورکەکان و هونەکان.



ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی

یەکێک لە هەڕەشەکان بۆ سەر ڕۆم، ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی بوو. ئامانجی سەرەکی ساسانییەکان، دەست بەسەرداگرتنی شام بوو. شام یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی بازرگانی ستراتیژی بوو. ئەو ناوچەیە بۆ ڕۆم یەکێک لە ناوچە گرنگەکان و پڕ داهات بوو.

والنتینیای یەکەم لە نێوان بەشەکانی زمانی یۆنانی و زمانی لاتین هێڵێکی جیاکەرەوەی دانا. بەشی ڕۆژهەڵات دوورگەی بالکان، ئاسیای بچوک، ڕۆژهەڵاتی نزیک و میسری بەڕێوە دەبرد. لە کاتێکدا بەشی ڕۆژئاوا بەسەر ئیتاڵیا، ئیسپانیا، فرانسە، بەریتانیا و بەشی ڕۆژئاوا و ئەفریقیای باکوور دەسەڵاتی دەگێڕا.

ئایینی فەرمی هەر دوو بەشی ئیمپڕاتۆریەت مەسیحی بوو و زۆربەی مەسیحییەکان ئەندامی کلێسای کاتۆلیک بوون. ئیمپڕاتۆرەکان سەرۆکایەتی کلێسایان لە ئەستۆدا بوو. هەرچەند لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئیمپراتورەکان لە کۆتایی پاپایان بە ڕێبەری کلێسا دادەنا. ئەو کەڵێنە بۆ بەشی ڕۆژئاوای ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم باش نەبوو، چونکە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەشی ڕۆژهەڵات، دانیشتوو و سامانی کەمتەری هەبوو. هەروەها بەشی ڕۆژئاوا بە پێچەوانەی بەشی ڕۆژهەڵات لە ناوچەیەکی پێکەوە بە یەکەوە نوساو نەبوو، بۆیە بەڕێوەبردنی ئاسان نەبوو.

هەروەکو میژووزان دەیڤید نیکولاس دەنووسی: "ڕێژەی دانیشتوان و سامان لە بەشی ڕۆژهەڵات زیاتر لە بەشی ڕۆژئاوا بوو، کە بووە هۆی ئەوەی کە ئیمپڕاتۆریەت ڕووبەڕووی دژواری کەمتەر ببێتەوە و فەرمانڕەوایی بەسەر بەشی ڕۆژهەڵات، کە ناوەندی قورساییەکەی ئەو ئاسیای بچووک بوو و پایتەختەکەی کەوتبووە ناوەندی ئەو، ئاسانتر بەڕێوە دەچوو.

دوژمنانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم

هەڕەشەکانی دەرەکی کێشەکانی ئیمپڕاتۆریەتی دژوارتر کردبوو. لە ڕۆژهەڵات هەڕەشەکانی ئیمپڕاتۆریەتی ئێران (ئیمپڕاتۆریەتی ئەشکانی و دوای ئەشکانییەکان، ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی) بووە هۆکاری زنجیرە شەڕێک لەگەڵ ڕۆمییەکان، کە خوێنێکی زۆڕیش ڕژا، بەڵام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە هاوسەنگی هێز ڕووی نەدا. دووەمین هەڕەشە لەلایەن ژێرمەنەکانەوە بوو. ژێرمەنەکان لە باکووری دانۆ دەژیان. ئەوان بەردەوام ناوچە سنوورییەکانیان کردبووە ئامانجی هێرشەکانیان. هەر کاتێک سوپای ڕۆم لە دانوب تێدەپەڕی، ڕووبەڕووی هێزەکانی ژێرمەن دەبۆوە. تا کۆتایی سەدەی چوارەم ئەو هێرشانە لەلایەن ژێرمەنەکانەوە بەردەوام بوو. لە کۆتایی سەدەی حەوتەم عەرەبە موسڵمانەکان بە فەرماندەی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب بۆ تۆڵەسەندنەوەی شکستی "غەزوەی موتە" هێرشی کردە سەر سنووری ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم و میسر و شامیان داگیر کرد و لە مەودوا عەرەبە موسڵمانەکان دوژمنی مەترسیداری ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس هەژمار دەکران و زنجیرە شەڕێک لە نێوان عەرەبەکان و بیزانسیەکان ڕوویدا.

هەروەکو عەرەبەکان توانیان بەسەر ئێران دا زاڵ بن، نەیانتوانی بە تەواوی بەسەر ڕۆمی ڕۆژهەڵاتدا زاڵ بن. دەوڵەتی عوسمانی یەکێک لەو دوژمنانە بوو، کە توانی لە کۆتایی لە سالی 1453قوستەنتینیە بگرێ.

کۆمەڵگەی بیزانس

ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس، کۆمەڵگەیەکی پێچاوپێچ و باش ڕێکخراو بوو، کە دەسەڵاتداریەتێکی چەند لایەنە حوکمی بەسەردا دادەگێڕا. هەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەم حکوومەت، بە پێی نموونەی ڕۆمی بینا کرابوو. هەروەکو میژووزان ئەستیفن ڕانسیمان دەنووسێ: "کەمتەر دەوڵەتێک هەبوو، کە بەو شێوەیە ڕێکخرابێ. ئەو ڕێکخستنە کاری وشیارانە و هەڵسەنگێندراوی تاکێک یان بەرهەمی کاتێکی تایبەت نەبوو، بگرە میراتی ڕابردووی ڕۆم بوو. هەرچەند بە درێژایی چەند سەدە بەردەوام پوخت و ڕێکوپێکتر کراوە تا وەڵامی پێویستییەکانی بداتەوە.

فەرمان هیدایت - کەرکوک

پایزی داگیرکەر

من گڕێکم لە ڕێتاندا تاریکی دەتارێنم
تاوازێکم لە تەنیای دڵەکانت دەڕەنگێنم
با پایز بێت نەڕواتەوە
لە مانگی زەردی ناکامی کەڵاکان
هەپروون هەپروون کات
کۆڵەکان گشت بوەرێنێ
خۆ من
بارانی بە خۆزم
هەر چوار وەرزە
بەسەرتاندا دەبارێم
چیتان دەوێ
لە مەزیاتر
من ناهێڵم
تاریکی
لێتان وەقین بێت
چراتان
هەروا خامۆشکات
پایز
وەکو داگیرکەرێ
وەرزەکانتان گشت زەبونکات
خۆم لە وڵاتی خۆزدا هاتوومەوە
با تاریکی هەموجیهان داگیربکات
خۆم ڕوناکی دەبەخشمەوە

سلڤادۆر دالی ڕۆمانتووسیش بوو



بۆتان جەلال

(ئەپۆلید) یەکەم کەس بوو وشەی (سوریالی) واتای (دوور لە واقیع) بەکارهێناوە. (ئەندریە بریتۆن)ی شاعیریش یەکەم شاعیر بووە سوریالی بەواتای (خەونی گەورە لە دنیای بێئەوەدیی) لێکداوەتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش گرنگی بە لێکۆڵینەوەکانی (فرۆید)ی داوە، لە ڕیزی هونەرمەندە شێوەکارەکانی جیهانیش (سلڤادۆر دالی) بەناوبانگترین هونەرمەندە کە لە ڕیزی سوریالیەتدا ناسرا بێت، ئەگەر چی دوای ئەویش (ماکس ئارنست) و (ئەندریە ماسۆن) و (نایف تانجی) و (پوول دیلفۆ) شوێنی ئەو کەوتن.

سوریالییەت لەسەرتای سەرهەڵدانی دا ئەو سوریالیە نەبوو کە دواتر چەکەرەی کرد و وەکو بزووتنەوەیەکی تەنیا ئەدەبی دەستی پێکردووە و خەڵکی ئاشنایەتییان لەگەڵیدا پەیدا کردبوو، ئێستا ڕێباز و قوتابخانەیەکی هونەری و ڕۆشنگەرایی و کاریگەرییەکی ئەکتیف و گەورەی بەسەر کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیدا جێهێشتووە.

کاتێک سلڤادۆر دالی لە مەدرید قوتابی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بوو کەوتە ژێر جولّەی جولّی ئەم ڕێبازە و کاریگەری لێکۆڵینەوەی کتێبەکانی فرۆید و تێڕوانینە فەلسەفیەکانی، ئەو وای بۆ دەچوو کە بیردۆز و بیرو بۆچوونەکانی فرۆید تاکە ڕێگایەکن بتوانن ژیان لە سستی و مەییوی بشلّەقێنن و گوزارشت لە خەیاڵ و هەوەسی بنیادەم بکەن، جار هەبووە کاریگەری تیۆر و بیرۆکەکانی فرۆید لەناخەوە سلڤادۆر دالیان هەژاندووە و سەرسامیان کردووە، بە واتایەکی دیکە فەلسەفەی فرۆید ڕووبەڕێکی فراوانی لەسەر ئەندێشە و دەسەلاتە هونەرییەکانی دالی نواندوە، ڕۆژێک یەکێک لە مامۆستایەکانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان داوا لە قوتابییەکانی دەکات وێنەی کچێکی قورتوبەیی بکێشن، دەبێت دالی لە جیاتی وێنەی داواکراو وێنەی دوو باسکی تەرازوویەکی ڕەسم کردووە، کە مامۆستاکەی لێی دەپرسێت ئەو کارە شێتانە و سەیرە چی یە ئەنجامت داوە، دالی زۆر بە هێوری و ساکاری وەڵامی مامۆستاکەی دەداتەوە و پێیدەبێژێ ئەوەی ڕاستی بێت لەو کاتەی کە تۆ داوای کچێکی قورتوبەیت لێکردین وێنەی بکێشین من دوو باسکی تەرازوویکم بە شایستەی داواکارییەکەت زانی و یەکسەر وێنەیم کێشا.

ئەگەر هێلّە سەرەکییەکانی هونەری شێوەکاری ئەم بلیمەتە بە لای واقیع دا شکاونەتەوە و لە ناوەڕۆکدا بابەتە بەر دەستەکان دەدرکێنن، بەڵام هەرگیز سنوری بۆ وێستە هونەرییەکان و ئەندێشە فراوانەکانی دانەناوە، بەڵکو ئەوەی ویستوویەتی بیخاتە ڕوو لە قاڵبێکی خەیاڵی بە پێز و چڕ و زەهنێکی زۆر ڕەها دایڕشتووە، بەبێ گوێدان لەوەی تەماشاکەر چۆن تابلۆ و بەرهەمەکانی دەخوێنێتەوە و چی لێی حاڵی دەبێت، هەمیشە فلّچەی دەستی دالی وەکو کارمامزێک بە ئارەزووی خۆی چۆن درکی پێ کردبێت و چۆنی ئارەزوو کردبێت لە هەلّبەز و دابەزێکی بەچێڕ و ڕەنگرێژی ماناداری و ستاتیکایەکی هونەری بێسنوور دا لە ئاقاری خەیاڵدا بەڕەڵای کردووە، ترس تاکە وشەیەکی هونەریی بووە کە سلڤادۆر دالی هیچ گرنگیەکی پێنەداوە.

ئەو دوو پێشانگایەی کە لە ساڵی 1925لە بەرشلۆنە و ساڵی 1926لە مەدرید سازیکردن یەکەم هەنگاوی ئاشکرا بوونی شێواز و ستایلی هونەری و میتۆدی کارەکانی بوون لەڕووی بەرجەستە کردنی بێهوودەیی لە ژیان و تەوزیفکردنی چەمکی ماناکانی سوریالییەت لە تابلۆ و کارەکانی دیکەیدا، ساڵی 1928کاتێک دالی لە پاریس بوو گەیشتە ئەو باوەڕە کە بەرهەمە شێوەکارییەکانی سەد لە سەد لە گەڵ بنچینە و ڕێساکانی فەلسەفەی سوریالییەتدا یەک دەگرنەوە و تێکەڵەیەکی روحی تۆکمە و بەهێز لە نێوانیاندا دروست بووە، لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ هاوبیرەکانی ئەو ڕێبازەدیش لە هونەرمەندان و شاعیر و نووسەران پەیوەندییەکی دۆستانەی پتەوی پێک هێنابوو، ئەو بوو زۆر بە جەربەزەییەوە بانگەوازی هاتنە ناو ڕێبازی سوریالیەتی ئاشکرا کرد و کاری جیددی لە بەرجەستەکردنی دا ئەنجامدا، یەکەم بەرهەمی لە نێو ئەو قوتابخانەیەدا تەنیا لە بواری شێوەکاریدا پێشکەشی نەکردووە، جگە لەوەیش وەکو نووسەر و سیناریۆنووس و ئەکتەری سینەما خۆی بە خەڵک ناساندووە و پەنجەی لە بواری سینەمایشدا دیار بووە، هەندێک لە ڕەخنە گران دەڵێن لەو ساتە وەختەوە کە (لویس بۆنۆیل)ی دەرهێنەر لەگەڵ سلڤادۆر دالی و ئەندریە بریتۆندا یەکتریان ناسیوە پێکەوە توانیویانە لە بواری سینەمادا ڕێبازێک بەناوی ڕێبازی سوریالی بخوڵقێنن، ئەگەرچی هەندێکی دیکە وای بۆدەچن کە بۆنۆیل تاکە هونەرمەندە بە هونەرمەندی قۆناغی سوریالییەت لە سینەمادا ناسراوە کە دوو فیلمی دەرهێناوە یەکێکیان بەناوی (سەگی ئەندلوسی) و ئەوی دیکەیشیان کە فیلمێکی نیمچە سوریالیە بەناوی (سەردەمی زێڕین) بوون.

سلڤادۆر دالی ناوێکی پڕشنگداری جیهانی شێوەکاری و ڕێبازی سوریالیزمە، ئەم هونەرمەندە تەنیا بەخششەکانی لە شێوەکاریدا قۆرخ نەکردووە، بەڵکو لە بواری هونەری سینەمایشدا ویستوویەتی بوونی هەبێت، ئەگەر چی دالی 1904-1989لە شێوەکاریدا بلیمەتێکی دەگمەن و ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە، سیحری سینەما وای لێ دەکات ئەزموونێکیش لەو هونەرەدا فێر ببێت، دالی لە کات و ساتێکی زۆر دژواری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژیاوە باوەڕێکیان بە وجود و ئایندە نەمابوو، لەو پەڕی یەئس و بێ هودەیی دا گرنگترین شاکای هونەری و ئەدەبیان خولقاند کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵ و بێزاربیە بوو کە تێیدا دەژیان، دالی زوو کەوتە ناو تۆڕی بیروباوەڕی سوریالی، ئەوکاتەی لە ئیسپانیاوە هاتە فەرەنسا و پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی ئەم ڕێبازە دروست کردو تەواو بووە سوریالییەکی تۆخ، چونکە تابلۆیەکانی دالی ڕەنگدانەوەی بیردۆزە دەروونیەکانی فرۆید



لە شێوەکاریدا قۆرخ نەکردووە، بەڵکو لە بواری هونەری سینەمایشدا وێستوویەتی بوونی هەبێت، ئەگەر چی دالی 1904-1989لە شێوەکاریدا بلیمەتێکی دەگمەن و ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە، سیحری سینەما وای لێ دەکات ئەزموونێکیش لەو هونەرەدا فێر ببێت، دالی لە کات و ساتێکی زۆر دژواری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژیاوە باوەڕێکیان بە وجود و ئایندە نەمابوو، لەو پەڕی یەئس و بێ هودەیی دا گرنگترین شاکای هونەری و ئەدەبیان خولقاند کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵ و بێزاربیە بوو کە تێیدا دەژیان، دالی زوو کەوتە ناو تۆڕی بیروباوەڕی سوریالی، ئەوکاتەی لە ئیسپانیاوە هاتە فەرەنسا و پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی ئەم ڕێبازە دروست کردو تەواو بووە سوریالییەکی تۆخ، چونکە تابلۆیەکانی دالی ڕەنگدانەوەی بیردۆزە دەروونیەکانی فرۆید بوون، ئەو بیردۆزانەی کە واقیعی کۆمەڵگەی ئەوروپا یان لەپاش هەردوو جەنگدا شیدەکردەوە و لە لایەن هونەرمەند و نووسەرانیشدا بەرجەستە دەکران.

دالی سەرەتای هاتنی بۆ نێو دنیا هەمەڕەنگەکانی سینەما بۆ ساڵی 1928دەگەڕێتەوە کاتێک بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی (سەگی ئەندەلوسی) گرتە ئەستۆی خۆی، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دەرهێنەری ناسراو (لوی بۆنۆل)ە و ماوەکەیشی تەنیا 10خولەکە، کە بە یەکێک لە فیلمە کلاسیکییەکانی سوریالیزمی دەژمێردرێت و تێیدا چەند دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی تیایە کە تاوەکو میژووی سینەما زیندوو بێت لەیاد ناکرێت، لەوانە پیاوێک لە بەلەکۆنەیەکی نیمچە تاریک وەستاوە موسێکی درێژی بەدەستەوەیە و خۆ دەکوتێتە ژووڕێک کە ئافرەتێک دانیشتووە و لە چاوەڕوانیدایە و موسەکە دەخاتە ناو چاڵایی چاوێکی ئافرەتەکە ئاو و خوێنی چاوەکە فڕکە دەکات و دەڕژێتە دەرەوە، ئەم دیمەنە بۆنۆلی دەرهێنەر زۆر بەهێمنی و ساردی ئەنجامی دەدات کە بە دیمەنێکی ڕووڕێنەری سینەمایی بەناوبانگە، هەر لەگەڵ بۆنۆلدا فیلمی دووەم بەناونیشانی (سەردەمی زێڕین) ئەنجام دەدات، فیلمەکە لە هی یەکەم درێژتر و ڕووڕێنەرترینە لە ساڵی 1930دا بەرهەمهاتووە، ناوەڕۆکی فیلمەکە هێرشکردنە بۆ سەر پیاوانی کەنیسە و سیمبولانی کۆمەڵگەی تەقلیدی و سیاسەتمەدارە ستۆکەکان و کۆمەڵگای ڕۆژ، فیلمەکە لە لایەن پۆلیسی پاریس ڕاگیرا و هەموو دانەکانی شریتەکەیش دەستی بەسەرداگیرا، جارێکی دیکە نمایش نەکرایەوە تاوەکوو 50 ساڵی ڕەبەق بەسەر ڕاگیرانی تێپەڕ بوو، پەیوەندییەکانی سیلڤادۆر دالی بە سینەما نەپچڕا، ساڵی 1945 دیمەنێک لە فیلمی هیشکۆک کە دیمەنێکی خەیاڵی یە کاری نەخشەسازی بۆ ئەنجام دا، پاشان سیناریۆی چەند فیلمێکی نووسی کە بە داخەوە زۆربەیان ڕوونەکیان نەبینی، هەندێکیشیان کران بە فیلم لەوانەش (تێڕوانینەکان دەربارەی ئەنگۆلای سەروو) هەروەها فیلمی (دیستینۆ) کە فیلمێکی وێنەی بزاڤدارە ئەمەیان لە گەنجینەی ستۆدیۆکانی دیزنی هەلگیرابوون، تا ساڵی 2003 بوون، ئەو بیردۆزانەی کە واقیعی کۆمەڵگەی ئەوروپا یان لەپاش هەردوو جەنگدا شیدەکردەوە و لە لایەن هونەرمەند و نووسەرانیشدا بەرجەستە دەکران.

دالی سەرەتای هاتنی بۆ نێو دنیا هەمەڕەنگەکانی سینەما بۆ ساڵی 1928دەگەڕێتەوە کاتێک بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی (سەگی ئەندەلوسی) گرتە ئەستۆی خۆی، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دەرهێنەری ناسراو (لوی بۆنۆل)ە و ماوەکەیشی تەنیا 10خولەکە، کە بە یەکێک لە فیلمە کلاسیکییەکانی سوریالیزمی دەژمێردرێت و تێیدا چەند دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی تیایە کە تاوەکو میژووی سینەما زیندوو بێت لەیاد ناکرێت، لەوانە پیاوێک لە بەلەکۆنەیەکی نیمچە تاریک وەستاوە موسێکی درێژی بەدەستەوەیە و خۆ دەکوتێتە ژووڕێک کە ئافرەتێک دانیشتووە و لە چاوەڕوانیدایە و موسەکە دەخاتە ناو چاڵایی چاوێکی ئافرەتەکە ئاو و خوێنی چاوەکە فڕکە دەکات و دەڕژێتە دەرەوە، ئەم دیمەنە بۆنۆلی دەرهێنەر زۆر بەهێمنی و ساردی ئەنجامی دەدات کە بە دیمەنێکی ڕووڕێنەری سینەمایی بەناوبانگە، هەر لەگەڵ بۆنۆلدا فیلمی دووەم بەناونیشانی (سەردەمی زێڕین) ئەنجام دەدات، فیلمەکە لە هی یەکەم درێژتر و ڕووڕێنەرترینە لە ساڵی 1930دا بەرهەمهاتووە، ناوەڕۆکی فیلمەکە هێرشکردنە بۆ سەر پیاوانی کەنیسە و سیمبولانی کۆمەڵگەی تەقلیدی و سیاسەتمەدارە ستۆکەکان و کۆمەڵگای ڕۆژ، فیلمەکە لە لایەن پۆلیسی پاریس ڕاگیرا و هەموو دانەکانی شریتەکەیش دەستی بەسەرداگیرا، جارێکی دیکە نمایش نەکرایەوە تاوەکوو 50 ساڵی ڕەبەق بەسەر ڕاگیرانی تێپەڕ بوو، پەیوەندییەکانی سیلڤادۆر دالی بە سینەما نەپچڕا، ساڵی 1945 دیمەنێک لە فیلمی هیشکۆک کە دیمەنێکی خەیاڵی یە کاری نەخشەسازی بۆ ئەنجام دا، پاشان سیناریۆی چەند فیلمێکی نووسی کە بە داخەوە زۆربەیان ڕوونەکیان نەبینی، هەندێکیشیان کران بە فیلم لەوانەش (تێڕوانینەکان دەربارەی ئەنگۆلای سەروو) هەروەها فیلمی (دیستینۆ) کە فیلمێکی وێنەی بزاڤدارە ئەمەیان لە گەنجینەی ستۆدیۆکانی دیزنی هەلگیرابوون، تا ساڵی 2003 ئێنجا نمایش کران، پێدەچێ دالی لە هیچ کام لە بەرهەمەکانی سینەماییەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە لەم بوارە دا ئەزموونی نەبوو تەنیا لەو فیلمانە نەبێ کە لەگەڵ بۆنۆلدا کاریان کردووە.

دالی ئەگەر چی ئەو پلە و پایەی بەدەست نەهێنا کە پێشنیاری دەکرد لە سینەما دا بەهانایەوە بێت، بەڵام لە هونەرکاریەتی سینەما دا سوودێکی بەرچاوی بینی، لە تابلۆکانیدا بەرجەستەی دەکردن، هەروەها لە بیر و ڕاکانی فرۆید چەندین تابلۆی وشیاری و نا وشیاری بەرهەم هێناوە، خەون و شرۆڤەکارییەکانی ڕەهەندێکی فراوانی خەیاڵەکانی سلڤادۆر دالین لە جێبەجێکردنی سکێچ و پەرت کردنی ڕەنگ و بابەتەکان، بیرۆکەی نووسەرانیش ڕۆڵی کاریگەر بوون لە دروستکردن و خولقاندنی تابلۆکانی بەتایبەتی لە نووسینەکانی مارکس و کافکا هێڵی سەرەکی بابەتەکانی هەڵدەبژارد و پاشان تەوزیفی دەکردن، ئەم هونەرمەندە بلیمەتە بە یەکێک لە بەهرەمەندە دەگمەنەکانی دنیا لە قەڵەم دەدرێت کە هونەری شێوەکار لە سینەمادا و هونەری سینەمایش لە هونەری شێوەکاریدا پێکەوە گرێ دابێت، کەم کەسیش دەزانێ دالی ئەکتەر و بەرهەمهێنەر و سیناریۆنووس بووبێت، چونکی گەورەیی دالی لە هونەری شێوەکاریدا و هەروەها نەمری سلڤادۆر دالی لە نێو ڕێبازی سوریالیزمیدا زاڵ بووە بەسەر هەر ناونیشانێکی دیکەی.

ئەم پەیوەندییەی دالی بە هونەری سینەما و چوونە ناو سیناریۆ نووسیەوە جاریکی دیکە ئەو کەناڵە بەهێزە بنیاد دەنێتەوە کە داهێنان سنووری نیە، خەیاڵ تەنیا لە یەک جۆری کاری داهێناندا سەلماندی شێوەکاری و نووسینی دراما و سیناریۆی سینەما هەمووی لە یەک چوارچێوەدا کۆدەبێنەوە کە پێی دەگوترێ چوارچێوەی بەهرەی بێ سنوور لە مرۆڤی داهێنەر دا و خاوەن خەیاڵی بە پێت و پێز.

بیلینسکی هزرمەند و ڕەخنەگر و شۆڕشگێڕ

ئاکۆ عەبدوڵا

ساڵی 1910بە بۆنەی سەد ساڵەی هاتنەدونیای بیلینسکی، وڵاتی ڕووسیا ئاهەنگی جۆراوجۆری ئەدەبی و هزری سازکرد کە لەناویاندا ڕوانین و تێکۆشانەکانی ناوبراو بە بەرزی هەڵسەنگێنرا. لەگەڵ ئەوەی ناوبراو لە 37ساڵ زیاتر نەژیا، کەچی وەک هزرمەند و ئەدیب و ڕەخنەگرێکی شۆڕشگێڕ و دیموکراتیخواز و مرۆڤێکی کاریگەری سەدەی نۆزدەهەمی ناو وڵاتەکەی، شوێنەوارێکی یەکجار گەورە و کاریگەری بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی جێهێشت، بۆیە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەسەرکردەی ڕوحی جولانەوەی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە فراوانە دانرا. ناوبراو وەهای دەبینی ڕەخنە (قەیسەری جیهانی هاوچەرخە و شێوەیەکیشە لە شێوە گرنگەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی).

ڤیساریۆن گریگۆریڤیچ بیلینسکی Vissarion Grigoryevich Belinsky ڕۆژی 11ی حوزەیرانی ساڵی 1811لە شاری سڤیابۆرگی وڵاتی فنلەندەی ئەمڕۆ هاتووەتە دونیا کە ئەوسا شوێنە سەر بە ڕووسیای قەیسەری بوو. دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی، ساڵی 1829چووە بەشی زمان و ئەدەبی زانکۆی مۆسکۆ. بەڵام لەبەر هەڵوێست و چالاکی دەربڕین دژ بە ڕژێمی قەیسەری و دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکەی ئەوسای ڕووسیا، ساڵی 1831لە زانکۆ دەرکرا. ساڵی 1833لە گۆڤاری (تەلسکۆپ Teleskop)و پاشکۆیەکەی (پاگەندە Mol-va)بووە نووسەر، بەمەش دەکەوتە ناو جیهانی ڕۆژنامەگەری ?بەڵام کە لە ساڵی 1836دەسەڵاتداران ئەو گۆڤارەیان داخست، بیلینسکی ناچاربوو ڕوو لە گۆڤارە ناودارەکەی (چاودێری مۆسکۆیی Mockorskiy Nabludatel)بکا. لەوێدا بە نووسەری کارا ناسرا. هاوکات کەوتە ژێر کاریگەری هزر و ڕوانینەکانی هیگڵ و دواتریش فیۆرباخ.

ساڵی 1839بەرەو شاری سانت پترسبۆرگ چوو، لەوێدا بەرپرسیاریەتی سەرۆکی بەشی ئەدەبی گۆڤاری (کاغەزەکانی نیشتیمان Ot-echestvennye Zapi-ski)گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیە کۆمەڵێک وتاری گرنگی بڵاوکردەوە. ساڵی 1846لە گۆڤاری (هاوچەرخ Sov-remennik)بووە نووسەری سەرەکی کە (نیکۆڵای نیکراسۆڤ)ی شاعیری ناودار سەرنووسەریبوو. بیلینسکی لەو گۆڤارەدا ڕۆڵی کاریگەری گێڕا، تەنانەت نیکراسۆڤ مافی تەواوی پێدا هەموو دەستنووس و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژگاری بە کولەمەرگی و هەژاری و تێکۆشانی بێتوچان بەسەر دەبرد، بۆیە لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتدار ئازاری زۆری چێژت و دواتریش دووچاری نەخۆشی سیل بوو، کە بەهۆیەوە ڕۆژی 7حوزەیرانی ساڵی 1848لە شاری سانت پترسبۆرگ کۆچیدواییکرد.

سەرەتای کاری فەلسەفییانە و پێگەیشتنی هزرە فەلسەفیەکەی بیلینسکی بۆ گرنگیدان بە هزری چاخی ڕێنیسانسی ئەوروپی و دواتریش بە هزری شۆڕشگێڕی دیموکراتی و ئینجا ئایدیالیستییانەی ئەڵمانی لای هیگڵ و شیللەر و تێکەڵکردنیان بە مەتریالیزمی ڕووسی دەستپێدەکات. ناوبراو هزری فەلسەفیانە و بەهرەی ڕەخنەیی و خرۆشی ڕۆژنامەوانی بەیەکەوە کۆکردبۆوە. ئەمەو لە سروشتی خۆشیدا کەسێکی یاخیبوو. وەهاشی لە ئەدەب و ڕەخنەی دەڕوانی مادەدەیەکن بۆ خەبات و گۆڕەپانێکیش بۆ جەنگ. ژیانی هزری ئەوسای ڕووسیاشی کردبوو بە هەوێن. هەروەها بەرگری لە ڕەخنەی پاداشتکردنی هونەریش دەکرد، واتا ئەو ڕەخنەیەی وەڵامی دۆزەکانی سەردەم دەداتەوە. لە ڕەخنەی تیۆریشدا ئەزموونی ئەوروپی لەگەڵ ئەزموونی هونەری نیشتیمانی پێکەوە لکاندبوو، ئەمەش بە ئاشکرا لەو کۆمەڵە وتارانە دەبینرێت کە لەسەر شاعیرانی وەک پۆشکین و لێرمنتۆف و گۆگۆل نووسیویەتی. کە لەناویاندا لای ئەو نووسەرە گەورانە، لایەنی ڕەسەنایەتی نیشتیمان و نەتەوەیی مرۆڤایەتی بەدیاردەخات. ئەمەو بەهۆی ڕەخنەگرتنیش لێیانەوە، ڕێڕەوەکانی گەشەکردنی ئەدەبی ڕووسی، بەجۆرێکی تایبەت شیکردۆتەوە.



لەلایەکی دیکەوە بیلینسکی بە دامەزرێنەرێکی قوتابخانەیەکی نوێی ئەدەبی دادەنرێت کە ئەوسا پێیدەوترا (گۆگۆل)ی و دواتریش گۆڕا و بوو بە (قوتابخانەی سروشتی) کە خۆی پارێزەر و سەرکردەی ئەم ڕێڕەوە بوو. لەناویشیدا چەندان بیرمەندی بەناوبانگی وەک گیرتسن و نیکراسۆڤ و تۆرگینیڤ پێگەیشتن. بیلینسکی لەم قوتابخانەیەدا میتۆدێکی میتۆویی و کۆمەڵایەتی بۆ ڕەخنە دامەزراند، توانیشی ڕەخنەی ئەدەبی بکاتە هۆکارێکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵگەدا .بەرهەمێکی دیاری ئەم بوارەشی بریتییە لەو نامەیەی کە بۆ گۆگۆلی نارد و کاریگەریەکەشی لەناوەندە ڕۆشنبیریەکانی ئەوسای وڵاتەکەی وەک گڕکانێک گڕیگرت، تا کار بەوە گەیشت دەسەڵاتداران فەرمانی قەدەغەکردنی دەربکەن و سزای هەموو ئەو کەسانەش بدەن کە بەکاریدەهێنن، تەنانەت یەک لەو تاوانەی ساڵی 1847 دۆستۆیفسکی پێ تۆمەتبارکرا ئەوەبوو لە کۆبوونەوەیەک دەقی ئەم نامەیەی خوێندبۆوە. لەو نامەیەدا بیلینسکی هۆشداری دەداتە گۆگۆل لەوەی بە ڕوانین و بۆچوونەکانی دابچێتەوە و وەک پێشوو کە مرۆڤێکی ئازادیخوازبوو مامەڵە بکات، نەک بەها مرۆڤایەتییەکانی ونبکات. لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین بیلینسکی یەکەم کەس بوو دەرکی بە بەها و پێگە ئەدەبییەکەی گۆگۆل کردبوو. بەر لە شارەزا و ڕەخنەگرەکانی دیکە وەسفی بەرهەمە بەراییەکانی گۆگۆلی کردبوو و بە ئامارۆیەکیش بۆ سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە گەشەکردنی ئەدەبی ڕووسی دانابوو کە وتبووی : "بەرهەمە ئەدەبییەکانی گۆگۆل زۆر بوێرانە ڕاستییەکان دەورووژێن و گیانی ڕەسەنی نیشتیمانی و ڕیسواکردنی چەوسانەوە و ستەمکردن لە خەڵکی سادەیان هەڵگرتووە". ئەمەو بیلینسکی بەردەوام جاری ئەوەی دەدا، پێویستە شاعیر لە جیهانە سنووردار و داخراوەکەی بێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی تاکێکی گزمەڵگەشە پێویستە بەردەوام ئاگاداری ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی بێت.

لەلایەکی دیکەوە دەکرێت بڵێین بیلینسکی ستاتیکای واقیعی لەناو ئەدەب هێنانارا و ڕەخنەکانیشی لە شیکردنەوەی هەستپێکراوی میتۆوویی بەرەو دیاردە هونەرییەکان شۆڕکردەوە. هەروەک چۆن هەزرە ڕەخنەگرییەکەی پێوەندی بەتینی لەگەڵ ڕۆڵی هونەری کۆمەڵایەتی و خەباتی دژ بە لایەنگرانی هونەری بێگەردا هەبوو، چونکە بەلای ئەو پێویستە هونەر کاری داهێنانی تێدابێت و لە خزمەتی مرۆڤایەتیش بێت. ناوبراو سەبارەت بە داهێنانیش دەڵێت : "پێویستە کاری داهێنانی وەها پێشکەش بکەین کە لە بەها بەرزەکان سەرچاوەیان گرتبێ و خزمەتی مرۆڤ بکات". لەبەرامبەر ئەو گوتەیەش کە دەڵێت: "بیلینسکی پرۆگرامێکی فەلسەفی ڕوونی نەبوو، تەنانەت شتێکی نوێشی نەهێناکایە، بەڵکو تەنیا لاسایی تیۆرە ئایدیالیستە کلاسکییە ئەڵمانییەکانی کردۆتەوە". لایەنگیرانی بە تۆندی وەڵامدەدەنەوە و وەهاش دەبین، گرنگی ڕەخنەکانی ناوبراو لە ترۆپکی کۆمەڵایەتی و میتۆویی و شۆڕشگێڕانەدا خۆیان مەڵاسداوە. کە بێگومان لەسالانی سی و چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کە تێیدا زوڵم و چەوساندنەوەی نیکۆڵای یەکەمی قەیسەر گەیشتبووە ئەوپەڕی، چالاکییە ڕەخنەییەکانی بیلینسکییش گەیشتبووە لوتکە. لەبەر ئەوەی لە ڕەفتاریشدا یاخی و سەرکێش بوو، بۆیە بە ئاشکرا ئەم تایبەتمەندییە لە ستایلەکەی ڕەنگیداوەتەوە. ئەو جۆرە ڕەخنەیەشی کرد بە مینبەرێک بۆ شۆڕشگێڕان کە دواتر نەوەکانی وڵاتەکەی لەسەری ڕێچکەیان گرت. ئەو بەر لە داڕمانی ڕژێمی ستەمکاری قەیسەری و جارەدانی شۆڕش، دەنگی هەڵگەڕانەوەی دژ بە بۆچوونەکانی دەربەبەگایەتی و چەوساندنەوە دەربڕی. بۆیە نووسراوەکانی بوون بە سەکۆی وروژاندنی شۆڕشگێڕان و خۆشی بەلای جوڵانەوەی دیسەمبەریەکانی ڕووس (جولانەوەی ئەو ئەفسەرانەی دژی دەسەڵاتە ڕەهایەکەی قەیسەر ڕاپەڕین)، بوو بە گرنگترین کەسی کاریزمی.

بەجۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین نووسراوەکانی قۆناغێکی نوێ و جیاوازیان لە جولانەوەی ئازادیخوازی ڕووسی داهێنا کە بە جولانەوەی دیموکراتی شۆڕشگێڕانە ناسراوە. لە دوای خۆشیدا سامانێکی زۆر و گەورەی هزری و ڕەخنەیی جێهێشت کە لە 14بەرگدا کۆکراوەتەوە و بۆیەکەمجار لە نیوان ساڵانی 1859تا 1862 بڵاوکرانەوە. بێگومانیش کاریگەری زۆریان بەسەر گەشەکردنی ئەدەب و هەستی شۆڕشگێڕی و میتۆو و هزری کۆمەڵایەتی ئەوسا و دواتری ڕووسیدا هەبوو.

لە خولی نایابی کوردستان
ئەمڕۆ شەڕی وەرگرتنی پێشەنگی یانەکان قورس دەبێت
دهۆک و پێشمەرگەی سلێمانی رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە



کارزان کانەبی

لە درێژەی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەمە لەدرێژەی یارییەکانی هەفتەی حەوتەمی خولەکە شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانە ئەنجام دەدرێت، لەقەزای رواندز هەردوو یانەی سۆران و پێشمەرگەی هەولێر رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، یاریگای گەردە گەرد بۆ یانەی سۆران ئەمساڵ بۆتە جێگایەکی باش بۆ ئەوەی ژمارەی خاڵەکانی تێدا زیاد بکات، یانەی پێشمەرگەی هەولێریش ئەرکی گرانە کاتێک لە دەرەوەی یاریگا دەبێتە میوانی یانەی سۆران کە ئەمساڵ ئاست و ئەنجامی شایستە بووە، سۆران بۆ وەرگرتنی پێشەنگی یانەکان دەچەنگێ لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی بەرامبەر پێشمەرگە، کۆرانی سەمیربابۆش دەیانەوێ بە ئەنجامی شایستە بگەڕێنەوە سەرکەوتن لەم یاریەیش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە، لەشاری سلێمانیش یانەی نەورۆز لە یاریەیەکی بەهێزدا میوانداری یانەی برایەتی پێشەنگی یانەکان دەکات، یانەی نەورۆز دەیەوێ بەسەرپەرشتی راهێنەرە تازەکەی دووەم سەرکەوتن دەستەبەربکەن، هەرچەندە یانەکەی شاری سلێمانی ئەرکی زەحمەتە بەرامبەر کۆرانی برایەتی شاری هەولێر کە ئەمساڵ هیچ یاریەیەکی نەدۆڕاندوە، فاتیح حەمەخانیش بۆ سێ خاڵ و قایم کردنی پێشەنگی یانەکان گەشتی سلێمانی کردوە، لەلایەکی دیکەوەش هەر لە شاری سلێمانی یانەی سیروانی نوێ رووبەڕووی یانەی زاخۆی دەلال دەبێتەوە بۆ ئەم یاریەیەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە و چاویان لە سێ خاڵی یاریەیەکەیە، سیروانی نوێ پشت بە یاریگا و هاندەران دەبەستێ بۆ ئەوەی سێ خاڵی گرنگ بەدەست بهێنێت، زاخۆش بۆ ئەنجام گەشتی سلێمانی کردوە دەیەوێت بە سێ خاڵ بگەڕێتەوە شارەکەی، لە شاری دهۆکیش یانەی دهۆک لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی میوانداری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەکات، دهۆکییەکان دەیانەوێ بە ئاست و ئەنجام لەبەردەم هاندەرانیان لە یاریگا بێنە دەرەوە و سێ خاڵی تر بخەنە سەر کۆی خاڵەکانیان و لە ریزبەندی یانەکان چەند خانەیەک بچنە سەرەوە، پێشمەرگەی سلێمانی سەرەڕای ئەنجامە خراپەکانی و گۆڕینی راهێنەر، بەڵام دەیانەوێ بە ئاست و بە ئەنجام بگەڕێنەوە شاری سلێمانی و لە دەروازەی دهۆکەوە ئەنجامەکانیان باش بکەن، هەر لە دهۆکیش زێرەڤانی میوانداری یانەی شێروانەی کەلار دەکات، بۆ ئەم یاریەیش سلێمان رەمەزانی راهێنەر زێرەڤانی ئامادەکاری باشی کردوە و پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، شێروانەش بۆ یەکەم سێ خاڵ دەجەنگێ، لە قەزای دەربەندیخانیش یانەی خاوەن یاریگا لەبەردەم ئەو جەماوەرە زۆرەی میوانداری یانەی هەندرێن دەکات، بۆ ئەم یاریەیش یاریزانان و راهێنەرانی هەردوو یانە ئامادە کاری باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن، بۆ ئەم یاریەیش هەردوو یانەئامادەکاری پێویستیان کردوە بۆ دەستەبەرکردنی سێ خاڵی یاریەیەکە، ئەم هەفتەیەش هەولێر چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یاریەیەکانیش لەکاتژمێر2؟30 خولەکی دوای نیوەڕۆ بەرێوە دەچێت.

-1بڕایەتی 12خاڵ
-2سۆران 11خاڵ
-3هەولێر11خاڵ
-2سیروانی نوێ 11خاڵ

فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێک دەردەکات

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەئامادەبوونی سەرۆک جێگرانی سەرۆک و ئەمینداری گشتی و ئەندامانی دەستەی راپەراندن، لەبارەگای لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.

لەکۆبوونەوەکەدا باس لەچەند تەوەرێک کرا کەبریتین لەم خالانەی خوارە:

-1پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ نووسینەوەی کۆمەلێک رێساو رێنمایی وئامادەکردنی پلانی سالانەی لیژنەی ئۆلۆمپی و سەردانی کردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕاپەراندنی کارە یاسایی و کارگێرییەکانی ئۆلۆمپی.

-2ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان لەرێکەوتی 22/12/2019لەشاری هەولێر، بەمەبەستی خوێندنەوە و پەسەندکردنی کارە کارگێری ودارایییەکانی ئۆلۆمپی بۆ ساڵی 2019و خۆئامادەکردنیان بۆ ساڵی داهاتوو لەچۆنیەتی بەرێوەبردنی کار وچالاکییەکان.

-3پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواچوون ولێکۆلینەوە لەو کێشانەی کەلەهەندێک یەکێتی وەرزشی کوردستان ڕوویداوە بەمەبەستی ئامادەکردنی پێشنیاری پێویست بۆ لایەنی پەیوەندیدار.



سەلامەتی بۆ سەمەد جەوهەر

لەم هەفتەیەدا راهێنەری دیاری کوردستان سەمەد جەوهەر بەهۆی نەخشییەکەوە خرایە نەخۆشخانە و خۆشبەختانە نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی بۆ ئەنجامدرا.

سەمەد جەوهەر کە راهێنەرایەتی هەر یەک لە یانەکانی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر و ئارارات و ئاسۆ و هەندرێنی کردووە، بەناوی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەباتەوە هیوای چاکبوونەوەی خێرای بۆ دەخوازین ئومێدەوارین دووبارە بگەڕێتەوە نێو پێشەی راهێنەرایەتییەوە



ئەمڕۆ خولی نایابی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان دەستپێدەکات

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

بەمەبەستی گرنگیدان بەخولی نایابی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کوڕان، بەچاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی کوردستان ئەمڕۆ پێنجەشەمە لەشاری دهۆک لەهۆڵی داخراوی یانەی وەرزشی دهۆک ئەنجام دەدرێت.

لەخولەکەدا هەر یەک لەیانەکانی سلێمانی، دهۆک، بەختیاری،کفری، هەڵەبجەی شەهید، برایەتی،سۆلاف، دەربەندیخان،کۆیە، ئەکاد،ئاشتی،پێشمەرگەی سلێمانی بەشداری تێدا دەکەن کەماوەی 3ڕۆژ دەخایەنێت و ڕۆژانەیش 4یاری بەکاتی بەیانی وئێوارە بەرێوەدەچن ، لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا خولەکە کۆتایی پێدێت و ناسنامەی پالەوانی خولی نایابی تۆپی سەرمیزی کوردستان دەردەکەوێت.



پالەوانێتی پێنج پریسی لاوانی یانەکانی کەرکووک بەڕێوەچوو

خەبات/ ئارام شێرکۆ

یەکێتی هێزی لەش کەرکوک و بە هاوکاری نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان پالەوانێتی هێزی لەش (پێنج پریس) بو لاوانی یانەکانی کەرکوکی ئەنجام دا بە بەشداری یانەکانی (خاک ، باباگورگور ، سۆلاف ، شۆرەجە ، پێشەوا ، ئالتوون کۆپری) لە هۆڵی (امبراگوریە القوە) ساز کرد ئەنجامەکانیش بە شێوەی لای خوارەوە بوون

× ئاستی تاک :

کێشی 53کگم ئەرکان سەرتیپ پلەی یەکەم

کێشی 59کگم حەمزە هادی پلەی یەکەم

کێشی 66کگم عەلی مەتەر پلەی یەکەم

کێشی 74کگم خەتاب سەلام پلەی یەکەم

کێشی 78کگم محەمەد کاروان پلەی یەکەم

کێشی 93کگم ئەحمەد عەبدول اللە پلەی یەکەم

کێشی 105کگم ئۆمێد ئیحسان پلەی یەکەم

کێشی 120کگم ئەحمەد شێرزاد پلەی یەکەم

× ئاستی تیپ:

یانەی سۆلاف پلەی یەکەم 75خاڵ

یانەی خاک پلەی دووەم 45خال

یانەی باباگورگورِ پلەی سێهەم 35خاڵ

.نەوزاد قادر سەرۆکی نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لە دانانەوەی بارەگای نوێنەرایەتی دەستمان کردووە بە ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکانی هەفتانە، چالاکی جۆراو جۆر ئەنجام ئەدەین

نەوزاد گووتیشی: هەرمانکی دەبیت 4 یەکێتی وەرزشی چالاکی ئەنجام بدات ئەمەیش جولەیەکی زۆر باشی خستەوە نێو وەرزشی شارەکەمان بەتایبەتی پاش ڕووداوەکانی 16ئۆکتۆبەر دووسال چالاکییە وەرزشییەکان زۆر کەم ببونەتەوە نەمابوون.

جەنگیز رشید سەرۆکی یەکێتی هێزی لەشی کەرکوک سەبارەت بە پالەوانیتیەکە گوتی: پالەوانیتیەکە لە درێژەی چالاکییەکانمانە کە بە پالپشتی نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ئەنجامیی دەدەن ، پالەوانیتیەکە بۆ لە دایک بووانی 1996و بەرەو سەرەوە بوو ، وەکو ئامادەکارییەکە بۆ پالەوانێتی یانەکانی کوردستان ، هەروەها گوتی: ئاستی بەشداربووان دڵخۆشکەر بوون ، و هیوام پێ دەبەخشێت کە لە سەر ئاستی کوردستان ئەنجامی بەرچاویان هەبێت.



پەیامی هۆڵەندا لە دژی ڕگەزپەرستی



ڕۆنالد کومانی راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا و ژمارەیەک یاریزانانی هۆڵەندی لەنێویاندا ڤان دایک و مەفیس دیبای دوای ئەو ڕووداوەی لەبارەی ڕەگەزپەرستییەوە لەخوای هۆڵەندا ڕوویدا، پەیامێکیان بەهاوبەشی دژی ڕەگەزپەرستی بڵاوکردەوە.

ئەمانە لەتوێتێکدا بەیەک دەنگ و لەژێرناونیشانی بەسە.. بەسە، ڕەگەزپەرستی بودستێنن، ئەمە ئەو پەیامە بوو هەڵبژاردەی هۆڵەندا لەدژی ڕەگەزپەرستی بەرزیان کردەوە، ئەمەش وەک پشتیوانیەک لە دادوەری گشتی ئەو وڵاتە کە کێسەکی لە دژی ڕەگەزپەرستی کردۆتەوە.

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/12/5 ژمارە (5886)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

مێسی خەڵاتێکی دیکەی بردەوە



هاوکار کەڵهوڕی

لیۆ مێسی یاریزانی ئەرژەتین و یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی خەڵاتی رۆژنامەی asی ئیسپانی وەرگرت. لیۆ توانی خەڵاتی رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی بەدەست بێنیت وەک باشترین گۆڵکاری میژووی لالیگا، ئەمەش دووەم خەڵاتی تاکە کەسی لیۆیە لەیەک هەفتەدا، دوای بردنی شەشەم بالۆن دۆر لە ژیانی وەرزشیدا.

ئەم ئەستێرە ئەرژەنتینیە بە تۆمارکردنی 417گۆڵ سەروی ریزبەندی گۆڵکارانی میژووی لالیگای گرتووە، کە تا ئێیستاش بەردەوامە لە یاریکردن لە لالیگادا.

راکیتیچ: لە رەوشی خۆم لە بەرشلۆنە ناگەم

یاریزانی کرواتی ئیڤان راکیتیچ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی وتی، لە رەوشی ئێستای خۆی ناگات، لەبەر پشت پێ نەبەستنی بە شێوەیەکی سەرەکیی، لە زۆربەی ماوەکانی ئەو وەرزەدا. ئەمەو راکیتیچ، دوو یاریی لەسەر یەک بە شێوەی سەرەکیی بەشداریی دەکات، رۆڵیشی لە بردنەوە بە گۆڵێکی بێ وەڵام لە ئەتلەتیکۆ مەدرید هەبوو، لە گەڕی 15لالیگادا. دوای تەواوبوونی یارییەکە، راکیتیچ، لێدوانی بۆ رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی کەتەلۆنی دا و وتی:"ئەوەی دەمەوێت چێژەرگرتنە لە یاریکردندا، ئەوپەڕی تواناکانم خستەگەڕ، چونکە هێشتا زۆرم پێیە پێشکەشی بکەم، بۆ ئەوەی متمانەی راهێنەر و هاوتیپەکانم بەدەست بهێنم. ئێستاش دەبێت مامەڵە لەگەڵ رەوشی ئێستامدا بکەم و لەسەر باشبوون بەردەوام بم". لە بارەی رەوشی خۆیشی لە تیپەکەدا وتی:"لە رەوشی ئێستای خۆم ناگەم، دەمەوێت یاری بکەم، ئەگەر بە دەستی خۆم بێت، هیچ تپپێک لە بەرشلۆنە باشتر نییە. دەمەوێت هەموو رۆژێک چێژ وەرگرم، ئەگەر مانەوەم ریگەی تێبچێت، باشترین شت دەبێت". هەروەها وتی:"ئەوەی دەمەوێت چێژ وەرگرتنە، هەفتەیەکی زۆر خۆشم بەسەر برد، دەمەوێت بۆ راهێنەر و هاوتیپەکانمی دەرخەم، دەتوانن پشتم پێ ببەستن". لە کۆتاییشدا وتی:"بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید، متمانەمان بەخۆمان بوو، گێمی دووەم ئاسوودەتر بووین، دوای ئەو فشارەی لە گێمی یەکەم کردیانە سەرمان".

ڕەمزی میرەکانی



هاوکار کەڵهوڕی

خۆسێ مۆرینهۆ راهێنەری توتنهامی ئینگلیزی لەبەربەردەم تاقیکردنەوەی 4یاری سەختدایە.

یانەی تۆتنهام لە 4یاری ئاگرینی هەیە لە ماوەی مانگێکدا، تا رادەیەک یەریەکان چارەنوسسازن، بەتایبەت لە چامپیۆنسلیگدا. یاریەکانیش بەم شێوەیەیە:

تۆتنهام لەگەڵ بایەرن میونخ لە دەرەوەی یاریگای خۆی 11ی مانگی 12.

لەگەڵ ویلفەر هامبتۆن دەرەوەی یاریگای خۆی 15ی مانگی 12.

لەگەڵ چێلسی لە یاریگای خۆی 22مانگی 12.

لەگەڵ لیڤەرپول لەناو یاریگای خۆی 11ی مانگی 12.

جۆزێ مۆرینهۆ دوای ئەوەی لە شوێنی پۆچەتینهۆ ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی وەرگرت، ئەنجامەکانی تائێستا بە دڵی هاندەرانی یانەکەیە.

ئەمڕۆ عێراق و بەحرێن لە یاری پێش کۆتایی جامی کەنداو بەیەک دەگەن

سوارن سلێمان

لە یاری نێوان هەڵبژاردەی عێراق و یەمەندا ، یاریزانانی عێراقی یەمەنیان تۆشی لێدانێکی گەورە کرد، بە دەرکردنی یاریزان مستفا محەمەد، بە هۆکاری فێڵکردنی ئەو یاریزانە لە خولەکی . دا، ئەو فێڵکردنەشی بە یارمەتی کامێراکانی چاودێرییەوە (ڤار) بینرا، و دوای ئەوە ناوبژیوان گۆڵەکەی عەبدولسەمیعی یاریزانی یەمەنی هەڵوەشاندەوە بە هۆکاری ئەوەی وەستانەکەی هەڵە بووە، هەر بۆیەش یەمەن نەیانتوانی هیچ ئەنجامێکی باش تۆماربکەن، بەمشێوەیە هەڵبژاردەی یەمەن تەنها بووە خاوەنی . خاڵ، ئەمە لە کاتێکدا هەڵبژاردەی عێراقی . خاڵی کۆکردەوە، بەمەش عێراق توانی لە هەر یەک لە قەتەر و ئیمارات و یەمەنیش بباتەوە ، هەرچەندە بارودۆخی ئێستای عێراق نالەبارە خۆپیشاندانەکانیش بەردەوامن ، سەرەڕای ئەوەش عێراق بە بەردەوامی دەسکەوت و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دێنن، هەروەها لە رۆژی پێنج شەمە، هەڵبژاردەی عێراق لە قۆناغی پێش کۆتایی جامی کەنداو، بەرامبەر هەڵبژاردەی بەحرین رووبەروو دەبنەوە و یاری دەکەن.






بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 5. Dec. 2019 No: (5886)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



زەمەن ڕێبدات لەسەر کاری شانۆیی بەردەوام دەبم

شنیا هۆشیار حوسێن:

زۆربەی شانۆکانی ئێستا بەسیاسی دەکرێن، دەنا شانۆ بەو جوانییەی خۆی پیشان بدرێت، بینەر کێشەی نابێت لەگەڵ شانۆدا



دیمانە: پەریهان عومەر

لەدایکبووی ساڵی 1996 لە هەڵەبجەی خۆشەویست چاوی بە دونیا هەڵهێناوە لە هەمور قۆناخەکانی خوێندنیدا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە. دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەڵەبجە بەشی هونەری (شانۆ)ی تەواو کردووە، بە پێویستمانزانی لە نزیکەوە ئەم خاتوونە شانۆکارەمان بەسەر بکەینەوە شنیا بۆ «خەبات» دوا:

ئایا وەکو شانۆکارێک بەشداری چەند کاری شانۆییت کردووە؟

وەک حەزێک بۆ هونەر سەرەتا لە خانەی منداڵانی هەڵەبجە بەشداربووم لە چەندین کاری هونەری وەک شانۆی منداڵ و سەمای بالێ ئێستاش لە گرووپی پانتای شانۆی والام کە لە 2001 دامەزراوەو چەندین کاری شانۆییمان ئەنجامداوە لەوانە (چیرۆکی مردن لە بەهەشت) (پرتەقاڵی خوێن) (زیندان و قیامەت)

لە کاری شانۆییدا هیچ خەڵاتێکت بە دەستهێناوە؟

بەڵێ خەڵاتی ناوەندی غەزەلنووس بۆ ئەکتەری ساڵی 2017-2018، خەڵاتی ئاڵتونی باشترین ئەکتەری کچم بردووە لەفستیڤاڵی شانۆی کەرکووک خولی جیهاد دڵپاک.

هەتاکەی ئامادەی شانۆکاریت؟

وەک خولیایەکی خۆم بۆ شانۆ زەمەن ڕێبدات لەسەر کاری شانۆیی بەردەوام دەبم.

دەبێت چی بکرێت بە بۆچوونی تۆ هەتا بینەرو شانۆ ئاشت بکرێتەوە؟

لەڕاستیدا زۆربەی شانۆکانی ئێستا بەسیاسی دەکرێن یاخود بەبێ حەزو خولیایەکی زۆری ئەکتەرە لەوانەیە زۆربەی کات بۆ خۆ دەرخستن بێت دەنا شانۆ بەو جوانییەی خۆی پیشان بدرێت بینەر کێشەی نابێت لەگەڵ شانۆدا.

ڕۆڵ بینین لە شانۆی شەقام خۆشترە یان هۆڵ بۆ؟

هیچ جیاوازیەک نییە لەشانۆی سەر شەقام و هۆڵ تەنها ئەوە نەبێت کە بینەری شانۆی هۆڵ بینەری تایبەتە بۆ حەزێکی شانۆیی بەڵام شانۆی سەر شەقام ئەکتەر خۆی هەموو جۆرە بینەرێک بە نواندنەکەی کۆدەکاتەوە لەخۆی لە سەر شەقامدا.

جیاوزی لە نێوان کەپسول و حەب چییە؟



ئەگەرچی هەردوو مادەی حەب و کەپسول بۆ چارەسەری نەخۆشی مرۆڤەکان بەکار دێ، بەڵام کۆمەلێک جیاوازی جەوهەری لە پێکهاتەیاندا بەدی دەکرێ، کە لەم چەند خاڵەدا کۆیان دەکەینەوە.

- کەپسول مادەیەکی تۆز یان شێوە جەلیە لەناو پلاستیکێک کە توانای تواندنەوەی هەیە، کەچی حەپ تۆزێکی پەستێوراوە، کە وای کردوە ڕەق بێت.
- کەپسول ناکرێ بکرێتە دووپارچە ،بەڵام ئاساییە حەپ بکرێتە دووپارچە.
- حەپ بە شەکر یان مادەیەکی هاوشێوە دەوردراوە، بەڵام کەپسول ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ملولەکانی خوێن.
- حەپ بۆ ماوەیەکی درێژتر دەمێنێتەوە و ئەرکی خۆی زیاتر دەپارێزێ بەراورد بە کەپسول.
- حەپ دەکرێتە چەندین شێوە ، کەپسول تەنها یەک شێوەی هەیە.
- حەپ هەرزانترە بەراورد بە کەپسول.
- کەپسول قوتدانی ئاسانترە بە بەراورد لەگەل حەپ.

سەعدون جابر، ماجد موهەندیس بە دز ناو دەبات..!!



گۆرانبێژی ناوداری عێراق سەعدون جابر، هێرشێکی توندی کردە سەر ماجد موهەندیس کە ئێستا یەکێکە لە ناودارترین گۆرانیبێژە عێراقییەکان و لە وڵاتی سعودیە نیشتەجێیە. سەعدون جابر، لە تویتەر بە زمانێکی هەڕەشە ئامێزەوە جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە چەندین جار بە ماجد موهەندیسی گوتوە کەوا گۆرانییەکانی من لە ئاهەنگەکانت مەڵێوە، کەچی ئەو دووبارەی دەکاتەوە، بۆیە کەسێکی وا شایەنی ئەوەیە کە پێ بگوترێ دز. سەعدون جابر، زیاتر دەڵێ: هەتا کەی ماجد پشت بەخۆی نابەستێ؟ ئەی بۆچی خۆی وەکو بالێوزی هونەری عێراق دەزانێ..؟!!

بەغداد.. حاجی زبالە شەربەتخانەیەک مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ

خەبات سەربەست بڕۆ

کاتێک مرۆڤ دەچێتە شەقامی (ڕەشید)ی شاری بەغدا، چاوی بە شەربەتخانەیەک دەکەوێ کە مێژوویەکی زیاتر لە سەد ساڵی هەیە ، ناوی شەربەتی حاجی زبالە لەگەڵ مێژووی شەقامی ڕەشید تێکەڵاوی یەک بون .حاجی زبالە سەرەتا لە ساڵی 1900لە دوکانێکی بچکۆلانەی گەڕەکی (باب السیف) لە نزیک پردی دارینی کۆنی بەغدا شەربەت خانەکەی کردەوە ، دواتر لە ساڵی 1908 شەربەتخانەکەی گواستەوە شەقامی ڕەشید لە بەرامبەر مزگەوتی سەید سلطان علی کە ئێستا بە ناوی مزگەوتی حاجی زبالە ناسراوە.

بەناوبانگی موتەنەبی، دوای ئەوە لە ساڵی 1912گواستیەوە ئەم شوێنەی ئێستای و شەقامی ڕەشیدەوە و لەم شوێنەی زیاتر ناوبانگی دەرکرد، جاران جگە لەشەربەتی مێوژ کە مێوژی نایابی کوردستانی بۆ دەهات، پەنیر و نانی خۆمالیش لە شەربەتخانەکە دەفرۆشرا وبەیانیان زوو فەرمانبەر و قوتابی و کرێکاری گەڕەکە نزیکەکانی شەقامی ڕەشید لە دەوری کۆدەبونەوە.

شەربەت خانەی حاجی زبالە وردە وردە ناوبانگی دەرکرد و ئەمە وایکرد کەگەورە بەرپرسانی عێراق سەردانی بکەن، لە سەردەمی مەلەکی مەلیک غازی و فەیسەڵی دووەم و مەلیکە عالیە و نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق سەردانی شەربەتخانەکەیان کردوە، لە سەردەمی کۆماریشدا عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و گەورە بەرپرسان سەردانی حاجی زبالەیان کردوە، عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ خۆیدا پادشای مەغریب ی ئەوکات موحەمەدی پێنجەم وئەحمەد بن بیلەی سەرۆکی جەزائیر ی بردوەتە نێو شەربەتخانەکەوە کە ئەوکات بەسەردانی فەرمی هاتبونە عێراق ، لە هەشتاکانیش سەدامی دیکتاتۆر حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشوی میسڕ دەباتە شەربەتخانەکەوە و کاتێک حوسنی موبارەک ناوی شەربەتخانەکە دەبینێ بەسەدام دەڵێ چییە بەتەمای شەربەتی (زبل) دەرخواردمان بدەی، سەدام پێدەکەنێ و دەڵێ تۆ جارێ شەربەتەکە بخۆ و ئەوجار دەزانی.

جگە لە بەرپرسانی سیاسی و سەربازی عێراق هونەرمەندان و نوسەران ورۆشنبیرانیش لە نێویاندا جەواهری و ڕەسافی لە چواردەوری حاجی زبالە کۆدەبونەوە چونکە شەربەتخانەکە نزیکی قاوەخانەی ئەدیبانە (قاوەخانەی حەسەن عەجمی) و هەروەها نزیکی قاوەخانەی (زەهاوی) یە و بینای کۆنی وزارەتی بەرگری عێراقیش لەوێوە نزیکە بۆیە ئەفسەرەکانی وزارەتەکە بەبەردەوام لە شەربەتخانەکە دەبینران.

دوو شت کە سەرەنجی خەڵکی ڕادەکێشا تامی نایابی شەربەتەکە کە لە مێوژی نایابی کوردستان دروست دەکرا و هەروەها ناوی خاوەنەکەی (حاجی زبالە)، حاجی زبالە ناوی (عەبدولغەفور عەبدولساحب)ە و ئەم نازناوەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کا جاران خەڵکی لەبەر نەفەس و چاوی پیس ناوی ناشرینیان بە منداڵەکانیانەوە دەنا، عەبدولساحبی باوکی حاجی زبالە چەند جارێک کورپی بۆ بووە بەڵام بەمندالّی مردون، بۆیە ژنانی گەڕەک پێی دەڵێن ئەمجارە ئەگەر کورپت بۆ بوو ناوێکی خوێن تاڵی پێوە بنێ ، کە دواتر کورپێکیان دەبێ لە ناسنامەی فەرمی ناوی دەنێن عەبدولغەفور بەڵام لە ئەهلی گەڕەک و خزمان و دۆستانیان دەیشارنەوە و، دەڵێن کورەکەمان ناوی (زبالە) یە وئیتر دەچێتە بەرگی ئەو ناوەوە، عەبدولغەفور هەتاوەکو ساڵی 1989 کە کۆچی دوایی کرد هەر بە حاجی زبالە ناوبانگ بوو، حاجی زبالە لە سەردەمی خۆیەوە و دواتر کورەکانی و نەوەکانی سەدان وێنەی نایابیان لە نێو شەربەتخانەکە هەڵواسیوە و، لەناو ئەو سەدان وێنەیە وێنەیەکی بارزانی نەمر هەڵواسراوە ووەک یەکێک لە بەڕێوبەرانی شەربەتخانەکەی حاجی زبالە دەڵێ: مستەفا بارزانی ڕەمزی کوردە و ڕێز لە خەباتی دەگرین.



